# ڕێنووسی کوردی
# لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە


پرۆفیسۆر د. وریا عمر أمین
ئەکادیمیای کوردی
زانکۆی جیهان ـ زانکۆی بەغداد



هەولێر – ٢٠٢٢



**Facebook:** Waria Omar Amin

**E-mail:** wariaamin@gmail.com

**Viber/ WhatsApp:** 07508171937

**Mobile:** 07508171937/ 07736767391

**Blogsite:** http://wariaomaramin.blogspot.com

# ڕێنووسی کوردی
# لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە

Facebook: Waria Omar Amin
Email: wariaamin@gmail.com
Viber/ WhatsApp: 07508171937
Mobile: 07508171937/ 07736767391
Blogsite: http://wariaomaramin.blogspot.com

# ڕێنووسی کوردی
# لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە

**پرۆفیسۆر د. وریا عمر أمین**
ئەکادیمیای کوردی
زانکۆی جیهان ـ زانکۆی بەغداد

هەولێر– ٢٠٢٢

بیروڕاگەلێك کە لەم کتێبەدا هاتوون، بەرپرسیارێتی سەرلەبەریان تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنی، ئەکادیمیای کوردی لێیان بەرپرس نییە.

* ناوی کتێب: ڕێنووسی کوردی لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە
* نووسەر: پرۆفیسۆر د. وریا عمر امین
* بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود.
* نەخشەسازی: عیسام موحسین.
* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٥٠٠).
* چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی( )ی ساڵی ٢٠٢٢ی پێدراوە.

– هەموو مافێکی چاپکردن بۆ ئەکادیمیای کوردی پارێزراوە.
– ئەم کتێبە نابێت بەهیچ جۆر بێ ڕەزامەندیی ئەکادیمیای کوردی دووبارە چاپ بکرێتەوەو وێنەکانی لەبەر بگیرێتەوە.

## تێبینییێکی زۆر گرنگ بۆ لێکۆڵەرەوان

ئەو باس و لێکۆڵینەوانەی ئەم کتێبە گرتۆیەتەخۆ تایبەتن بە پرس و گرفتەکانی رێنووسی کوردی، پێشتر لە گۆڤارەکاندا بڵاوبوونەتەوە. لە هەر باسێکدا ئاماژە بە شوێن و مێژووی بڵاوکردنەکەی کراوە. لە پێناو رەچاوکردنی پێرەوی لێکۆڵینەوەی زانستی دەبێ لێکۆڵەر ئاماژە بە شوێن و مێژووی ئەو گۆڤارە بکات کە بۆ یەکەم جار تیایدا بڵاوکراوەتەوە، نەک ئەم کتێبە، چونکە نرخ و زانستێتی هەر باسێک بەندە بە مێژووی یەکەم بڵاوکردنەوەکەی.

**وریا عمر امین**

## ناوەرۆک

**١ – ڕێنووسی کوردی و چەند تێبینییەک** ١٣

گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عیراق — دەستەی کورد ژمارە ٩ ساڵی ١٩٨٢ ل ٤٣٤ ـ ٤٤٩

**٢ — فۆبیای ڕێنووس** ٢٥

گۆڤاری (ئەکادیمیای کوردی) ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٦

**٣ ـ ڕێنووسی کوردی بەپێی لۆجیک و بنەماکانی زانستی ڕێنووس** ٤٥

لە بڵاو کردنەوەی ئەکادیمیای کوردی ژمارە (٢٥٤) ساڵی ٢٠١٣

**٤ ـ بە ستانداردکردنی ڕیزبوونی پیتەکانی کوردی** ٨٥

گۆڤاری (ئەکادیمیای کوردی) ژمارە ٢١ ساڵی ٢٠١٢، ل٧٥ ـ ٨٨

**٥ ـ گیروگرفتەکانی نووسینی کوردی بە لاتینی** ٩٩

توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی. ١٩ — ٢٢ / ئەیلوول ٢٠١١، ل ١٣٨ ـ ١٥٢

**٦ — لە بارەی پرسی ڕێنووسی کوردییەوە – دیمانە لەگەڵ هەرێم عوسمان** ١١٩

ڕۆژنامەی چاودێر ژمارە ٣٧٥ ی ٢٦ — ٨ — ٢٠١٣ و ژمارە ٣٧٦ ی ٢ — ٩- ٢٠١٣

**٧ ـ کێشەی (ی) لە ڕێنووسی کوردیدا** ١٢٩

لە گۆڤاری شنروێ ژ ٤ ی ساڵی ٢٠٢١ دا بڵاوکراوەتەوە

**٨ ـ کێشەی (و) لە ڕێنووسی کوردیدا** ١٤٥
لە گۆڤاری (زمان و زار) ژمارە ٤ ی ٢٠٢٢ دا بڵاو
بۆتەوە .
**٩ ـ کێشەی سەرەکیی ڕێنووسی کوردی** ١٥٩
**فێسبوک** Waria Omar Amin : 9 July 2018
**١٠ ـ بنووسین (مەحوی ) یا (مەحویی) ؟** ١٦٣
**فێسبوک** Waria Omar Amin : 9 Feb 2021
http://wariaomaramin.blogspot.com
**١١ـ بیبلیۆگرافیای ڕێنووسی کوردی** ١٦٩

# پێشەکی

ڕێنووس پێکهاتەیێکی مێژوویی کۆمەڵایەتییە، بەشێکی زۆر کەمی سەر بە زمانەوانییە. نزیکەی سەد ڕێبازی زمانەوانی هەن هیچ کامێکیان هەرگیز ناوی ڕێنووس ناهێنێت و هیچ ڕێبازێک نییە تایبەت بێ بە ڕێنووسەوە. ڕێنووس لقێ نییە لە ئاستەکانی شیکردنەوەی زمانەوانی هەر ئەمەشە وای کردووە هەموو کەس بتوانێ خۆی تێگلێنێ وقسەی لەبارەیەوە بکات.

زمان دیاردەیێکی زیندووی بزێوە، نووسین قاڵبێکی دەستکردی وشکی مردووە، هەرگیز ناتوانێ زمان بگریتە خۆ، بۆیە (هیچ زمانێک نییە ڕێنووسێکی یەکگرتووی چەسپاوی هەبێ). سەرباری ئەمە سروشتی زمانی کوردی وەک زمانێکی سرکی پۆلەسینسیتی جیوەیی کێشەکانی ئاڵۆزتر کردووە..

زمان دیاردەیێکی خۆڕسکە لە ژێر ڕکێفی یاسا سرووشتییەکاندا کار دەکات، جەستەیێکی زیندووە، سیستەمێکی فرەلایەنە، لەڕادە بەدەر ئاڵۆز و تێکچڕژاوە، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە کارکردنی مێشکەوە هەیە، لە هەموو دەسەڵات و زمانەوانێک بەهێزترە، بە ڕێنووسی هەڵە و بە بەکار هێنانی چەند وشە و دەربڕینێکی نامۆ و ناقۆڵا لەلایەن هەندێ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تازەنووسەرەکانەوە هەرگیز تێکناچێ و ناشێوێ. زمان هەر ڕێنووس نییە. زمان پڕاگماتیکە،. ماتماتیکە، بایۆلۆجییە، فۆنەتیکە، فۆنۆلۆجییە مۆرفۆفۆنیمە، سینتاکسە، مۆرفۆلۆجییە،

مۆرفۆسینتاکسە، سیمانتیکە، سیمیۆلۆجییە، لۆژیکە ...هتد. کام بەش لەمانەی زمانی کوردی تێکچووە ؟ بۆ کەس ناوی هیچ یەکێ لەمانە ناهێنێ ؟، بۆ هەر خۆیان تەنیا لە ڕێنووس و وشە و زاراوەسازی دەدەن و هەرگیز تخوون ئاستەکانی تر ناکەون ؟.

هیچ زمانەوانێک دەسەڵاتی ئەوەی نییە و هەرگیز ناتوانێ هیچ کێشەیێکی زمانەوانی چارەسەر بکات، یا دەسکاریی هیچ لە یاساکانی زمان بکات بە هەنجەتی پێکهێنانی زمانی ستاندارد.... ئەرکی زمانەوان هەر ئەوەندەیە وەسفی زمان بکات وەک دیاردە و سیستەمێکی سروشتی، جوانی و مەزنییەکەی بخاتە ڕوو، یاساکانی کارکردنی دەستنیشان بکات، دەوڵەمەندی بکات لە ڕووی فەرهەنگەوە.

زمانەوانەکانی ئینگلیز و عەرەب و وڵاتە ئەوروپییەکان و چینی و یابانی و.. و..، ئەوە دەیان و سەدان ساڵە بە سەدان و هەزاران لێکۆڵینەوە و وتار و پێشنیازیان پێشکەش کردووە و خستۆتە ڕوو بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی زمانەکانیان، هیچیان ڕەچاو نەکراوە و کاریگەرییان لەو کاغەزەی لەسەریان نووسراوە ڕەتنەبووە. کێ دەتوانێ ناوی کێشەیێکی زمانەوانیم بۆ بخاتە ڕوو لە هەر زمانێکدا زمانەوان چارەسەری کردبێ ؟

لە ڕووی زمانەوانییەوە ساغ بۆتەوە کە هەر کێشەیێک لە زماندا سەری هەڵدا زمانەکە خۆی بە تێپەڕینی کات چارەسەری دەکات، بۆنموونە هەر وشە و دەربڕینێکی ناقۆڵا بکەوێتە هەر زمانێکەوە، گەر زمانەکە قبووڵی نەکات هەرگیز ناچەسپێ هەزار

هەوڵیشی بۆ بدرێ.. بەڵام گەر زمانەکە قبووڵی کرد هێز نییە لێی دەربهێنێ. زمان خۆی بەردەوام خۆی لە بێژینگ دەدات و ئەوەی لەگەڵ سروشتەکەی نەگونجێ لە خۆی دەردەهێنێ و فرێیدەدات و بە تێپەڕینی کات یێکلایی دەبێتەوە.

لافاوی بەکارهێنانی ژمارەیێکی زۆر وشە و دەربڕینی نامۆ و بیانی هەر لە ئێمە نەقەوماوە بەڵکو هەموو زمانانی جیهانی گرتۆتەوە، ئەنجامی لە پڕی خێرای پەرەسەندن و عەولەمەیە. بەرەبەرە ئەم لافاوە دەنێشێتەوە و هی تر دەردەکەوێ. ئەو کێشە و ناقۆڵاییيەی ئیستا ئێمە هەستی پێ دەکەین، نەوەی دوای ئێمە هەستی پێ ناکەن و دەبێتە شتێکی ئاسایی و هەر سەردەمێکیش کێشەی خۆی هەیە.

گەر چاوێ بە نووسینەکانی نووسەر و شاعیر و ئەدیبە ڕەسەنەکانمان بخشێنرێ دەردەکەوێ کە ئەم گەرەلاوژێیە ئەوانی نەگرتۆتەوە و نەخزیوەتە دەربڕینەکانیان. ئەوانەن پارێزەری ڕاستەقینەی زمانەکەمان. کەی ئەوانیشی گرتەوە ئەوسا زەنگی مەترسیی ڕاستەقینە لەسەر زمانەکەمان دەزرینگێنێ.

سەبارەت بە پرسی زمانەوە دوو لایەن هەیە مرۆڤ بۆی هەییە تخوونی بکەوێ و دەسکاریی بکات و بریار لە بارەیانەوە بدات:

١ ـ ڕێنووس

٢ ـ زمانی ستاندارد

باسەکانی ئەم کتێبە تەرخانکراوە بۆ پرسی ڕێنووس. هەوڵدراوە تیایاندا کێشەکان و بۆچوونەکان و چارەسەرکردنیان

بخرێنەڕوو. بۆ ستانداردەکەش کە دەردە هەرە سەخت و ئاڵۆز و ترسناکی بارودۆخی زمانەوانیمانە، ئاواتەخوازم بەم زووانە بکەوێتە بەر دەستی بەڕێزتان.

هەر خۆش بن

**وریا عمر امین**

٢٢ ـ ٢ ـ ٢٠٢٢

دەخوێنرێتەوە و گەلێ جار دەبیسترێ کە لە زمانی کوردی دەنگی (ص) و (ط) هەن وەک ئەوەی لە وشەی (ساڵ) و (سەگ) و (سەد) و (تاڵ)دا دەردەکەون، بۆیە دەبێ پیتی (ص) و (ط) بخرێنە ناو سیستەمی ئەلف و بێی کوردی.

هەندێکیش لەسەر ئەو ڕایەن کە (ق) و (ع) و (ح) لە نژادا کوردی نین و لە ئەنجامی کارتێکردنی زمانی عەرەبی -کە زمانێکی سامییە- کەوتوونەتە ناو زمانی کوردی بۆیە دەبێ ئەو پیتانەی ئەم دەنگانە دەنوێنن لە ئەلف و بێی زمانی کوردی لابرێن.

هی واش هەیە لەسەر ئەم ڕایەیە کە چونکە هەموو (ڕ)یەک لە سەرەتای وشەی کوردی (قەڵەوە) بۆیە پێویست بەوە ناکات نیشانەی قەڵەوی بۆ دابنرێت و گەلێ ڕای تری بەمانەچوو لەملاو ئەولا دەبیسترێن و بەرچاو دەکەون.

بەتێگەیشتنی نەزەرییەی فۆنیم و جیاکردنەوەی فۆنێتیک و فۆنۆلۆجی وەک دوو لێڤڵی جیای زمان و دەرککردنی چەمکی گۆڕین لە زمانا ئەم لایەنانە ڕوون دەکرێنەوە و ئەم پرسیارانە وەڵام دەدرێتەوە.

ئەلف و بێی هەر زمانێ لەسەر بناغەی فۆنیمەکانی دادەمەزرێت. ژمارەی ئەلف و بێی هەر زمانێکیش ژمارەی فۆنیمەکانییەتی لەو ساتە تایبەتییەی ئەلف و بێیەکە دامەزراوە. واتا بۆ دەستنیشانکردنی ئەلف و بێی هەر زمانێ ئەبێ فۆنیمەکانی ئەم زمانە دەستنیشان بکرێن.

هەر قوتابخانەیەکی فۆنۆلۆجی ڕای تایبەتیی خۆی هەیە دەربارەی چەمکی فۆنیم. باسکردنی ئەو هەموو ڕایە جیاوازانە و دەرخستنی کێشەی نێوان ئەم قوتابخانانە کەلکی ئێمەی نییە لەم باسەدا. لەم قۆناغەدا باشترین و پراکتیکیترین پەیڕەو بۆ دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی هەر زمانێ ئەوەیە کە فۆنیم بەنیشانەیەکی جیاکەرەوە دادەنێت لەناو چوارچێوەی زمانێکی تایبەتیدا.

زانینی دەنگەکانی زمان و لەیەکدانیان بۆ دروستکردنی برگە بەشێکی زانیاریی قسەکەرە دەربارەی زمانی خۆی. گرنگترین لایەن لە زانینی زمانێ زانینی ئەو سیستەمە تایبەتییەیە کە دەنگ و مانا لەیەک ئەبەستێ. گەر زمانێکی بێگانە ببیستی هیچی لێ تێ ناگەیت و نازانیت وشەکانی لە کوێ دەست پێ دەکەن و لە کوێ تەواو دەبن. چونکە

ئەو سیستەمە تایبەتییە نازانیت کە دەنگەکانی ئەم زمانە لە ماناکانییەوە دەبەستێ. واتا لەهەر زمانێکا ریزە دەنگێکی تایبەتی مانایەکی تایبەتی دەبەخشێت، گۆڕینێ بەسەر ئەو ریزە دەنگە بێ ماناش دەگۆڕێ (یا نامینێ) بۆ نموونە دوو ریزە دەنگی (بەهار) و (گوڵ) لە زمانی کوردیدا مانایان جیایە چونکە دەنگەکانیان وەک یەک نین[1] ئەم دوو وشەیە دەنگەکانیان بەتەواوی جیان. جوتە وشەی وا هەیە هەندێ لە دەنگەکانیان یەکن و هەندێ جیان وەک لە (هاوین) و (هەویر)دا. (ه)، (و) و (ی) یەکن و ئەوانی تر جیان. جووتە وشەی واش هەیە تەنها لە تاکە دەنگێ نەبێ هەموو یەکن وەک لە وشەی (پیر) و (بیر)دا. لەم وشانەی دواییدا دەبینین گۆڕینی تاکە دەنگێ مانای تەواوی وشەکانی گۆڕی. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە (پ) و (ب) لە زمانی کوردیدا دوو نرخی جیایان هەیە چونکە هەردووک توانیان لە هەمان بیئەدا environment دەرکەون و دوو نرخی جیا پێشان بدەن. لە (کەر) و (کەڕ) یا (برین) و (بڕین)دا (ر) و (ڕ) دوو فۆنیمی جیان چونکە دەرکەوتنیان لە هەمان بیئەدا مانای جیای بەخشی بەوشەکانا چونکە لە سیستەمی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردیدا (ر) و (ڕ) دوو نرخی جیایان هەیە. واتا دوو دەنگی جیاواز گەر بتوانن لە هەمان بیئەدا دەرکەون و دەرکەوتنی هەر یەکە لەم شوێنە تایبەتییەدا مانای جیای بەخشی لە دەرکەوتنی ئەوی تردا -لەناو چوارچێوەی زمانێکی تایبەتیدا- ئەوە ئەم دوو دەنگە سەر بەدوو فۆنیمی جیان و بەدوو فۆنیمی جیا لە قەڵەم دەدرێن لەم زمانەدا.

ئەو وشانەی هەموو دەنگەکانیان وەک یەکن تەنیا لە تاکە دەنگێ نەبێ و ئەم جیاییە لەم تاکە دەنگەدا مانای جیای بەوشەکانا بەخشی (جووتۆکە)ن minimal pair. بەبەراوردکردنی ئەم جووتۆکانە فۆنیمەکانی زمان دەسنیشان دەکرێت.

لە ئەنجامی گەڕان بەشوێن هەموو ئەو وشانەی -با بڵێین- لەگەڵ (پیر) و (بیر)دا جووتۆکەن لە زمانی کوردیدا. ئەم حەوت وشانەی خوارەوە دەس دەکەون (بەپێی کۆششی خۆم).

بیر – پیر – تیر – شیر – سیر – ژیر – میر.

بەم جۆرە توانیمان حەوت فۆنیم (ب – پ – ت – ش – س– ژ – م) دەسنیشان کەین. نەبوونی وشەی تر رێک کەوێ لەگەڵ ئەم کۆمەڵە ئەوە ناگەیەنێ کە فۆنیمەکانی کوردی هەر ئەم حەوتەن. کۆمەڵێکی تری وەک ئەوانەی خوارەوە بەراورد دەکرێن.

کەر – کەڕ – کەو – کەم – کەس – کەی – کەل – کەف.

ئەم هەشت وشانە کە هەموو جووتۆکەی یەکترن هەشت فۆنیمیان دەسنیشان کرد (ر - ڕ - و- م - س - ی - ل - ف)، دوانیان (س - م) لەگەڵ کۆمەڵی یەکەما هاوبەشن و شەشیان تازەن. ژمارەی فۆنیمەکان بوو بەسیانزە. لیستەکەمان زیاد دەکەین بەزیاکردنی کۆمەڵی تری وەکو ئەوانەی سەرەوە تا دەگەینە ڕادەیەک هیچ فۆنیمی تازە نادۆزرێتەوە. وەک ئەوەی خوارەوە.

| جووتۆکە | فۆنیمەکان | فۆنیمی تازە | ژمارە |
|---|---|---|---|
| بیر - پیر - سیر - شیر - تیر - ژیر-میر | ب - پ - س - ش - ت - ژ - م | ب - پ - س - ش - ت - ژ - م | ٧ |
| کەر - کەڕ - کەو - کەم - کەس - کەی - کەل - کەف | ر - ڕ - و - م - س - ی - ل - ف | ر - ڕ - و - ی - ل - ف | ٦ |
| پار - بار - شار - کار - زار - دار - هار - مار - غار | پ - ب - ش - ک - ز - د - ه - م - غ | ک - ز - د - ه - غ | ٥ |
| شەو - خەو - کەو - چەو | ش - خ - ک - چ | خ - چ | ٢ |
| خاو- چاو- داو- ناو- ڕاو-لاو | خ - چ - د - ن - ڕ - ل | ن | ١ |
| ڤیان - ژیان - زیان | ڤ - ژ - ز | ڤ | ١ |
| حەوت - نەوت - کەوت - خەوت - چەوت | ح - ن - ک - خ - چ | ح | ١ |
| چل - چڵ | ل - ڵ | ڵ | ١ |
| بەش - گەش - ڕەش - لەش - شەش - کەش | ب - گ - ڕ - ل - ش - ک | گ | ١ |
| هەزار - هەژار - هەنار | ز - ژ - ن | - | - |
| باش - ماش - جاش | ب - م - ج | ج | ١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| هەور – چەور – جەور | ھ – چ – ج | – | – |
| ڕەق – ڕەش – ڕەپ – ڕەز | ق – ش – پ – ز | ق | ١ |
| ماچ – مان – مار – ماف – ماش – ماڵ – ماد – مام – مات | چ – ن – ر – ف – ش – ڵ – د – م – ت | – | – |
| مازی – ماسی | س – ز | – | – |
| دوور – دار – دەر | وو – ا – ـە | وو – ا – ـە | ٣ |
| شێر – شار – شیر | ێ – ا – ی | ێ – ی | ٢ |
| زۆر – زار – زوور | ۆ – ا – وو | ۆ | ١ |
| ژان – ژین – ژ i ن | ا – ی – i | i | ١ |
| کۆن – کون | ۆ – و | و | ١ |
| برین – بڕین | ر – ڕ | – | – |
| کەڕ – کوڕ – کۆڕ – کڕ | ـە – و – ۆ – i | – | – |
| بان – باغ – بار – باو – باش | ن – غ – ر – ڕ – و – ش | – | – |

هەرچەندی کۆمەڵی تر زیاد کەین هیچی تری نوێمان بۆ نادۆزرێتەوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنی کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣٥)ن.

گەلێ وشەی عەرەبیش کە دەنگی (ع)ی تیایە لە زمانی کوردی ئیمرۆمان بەکار دەهێنرێن وەک (عیسا) و (لەعنەت) و (عومەر). هتد. دەشێ (ع)ش بەفۆنیمێکی زمانی کوردی بژمێررێ. بەم جۆرە و بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە زمانی کوردی (شێوەی خواروو) ٣٦ فۆنیمی هەیە.

ئەلف و بێی هەر زمانێ لەسەر بناغەی فۆنیمەکانی دادەمەزرێت.

هەر فۆنیمەی بۆ مەبەستی نووسین نیشانەیەکی بۆ دادەنرێت پێی دەوترێ پیت ٣٥ Letter.

ئاشکرایە کە دەنگی (س) لە وشەی (سەر) و (باس)دا جیان لە دەنگی (س) کە لە

وشەی (ساڵ) و (سەد)دا دەردەکەوێ. لەم وشانەی دواییدا دەنگەکە وەک بڵێی شێوەی (ص)ی وەرگرتبێ. سەرەڕای ئەم جیاوازییەش هەردووکیان سەر بەیەک فۆنیمن و یەک نرخیان هەیە لە سیستەمی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردیدا. چونکە جووتە وشەی وا نادۆزرێتەوە لەم زمانەدا کە ئەم دوو دەنگە جیاوازەی تیا لە هەمان بیئەدا دەرکەوێ و دوو مانای جیا ببەخشێ. ئەم دوو دەنگە هەردووک لە زمانی عەرەبیشدا هەن کەچی سەر بەدوو فۆنیمی جیاوازن چونکە دوو نرخی جیایان هەیە لە سیستەمی فۆنۆلۆجی زمانی عەرەبی. هەردووک لە هەمان بیئەدا دەردەکەون و مانای جیا دەبەخشن. وەک لە (سارَ - ڕۆیشت) و (صارَ - بوو)دا. (س) و (ص) لە بیئەی [(...)ار] دەرکەوتن. (ر) و (ڕ) لە زمانی کوردیدا دوو فۆنیمی جیان چونکە لەم زمانەدا جووتە وشەی وا هەیە کە ئەم دوو دەنگە جیاوازەیان تیا لە هەمان بیئەدا دەردەکەوێ و مانای جیایان پێ دەبەخشن وەک لە (کەر - کەڕ)، (برین - بڕین)، (تیر - تیڕ)... هتد. لە بیئەی [کە (...)] و [ب(...)ین]، [تی(...)]دا دەردەکەون. ئەم دوو دەنگە لە زمانی عەرەبیشدا هەن وەک لە وشەی (کریم) و (رحیم)دا دەردەکەون. بەڵام لە سیستەمی فۆنۆلۆجیی زمانی عەرەبیدا بەدوو شێوەی جیای هەمان فۆنیم دەژمێررێن چونکە ناتوانن هەردووک لە هەمان بیئەدا دەرکەون و بەئاڵوگۆڕکردنیان ماناکان بگۆڕێن.

واتا فۆنیم شتێکی موجەڕرەدە abstruct. تەمسیلی چەند دەنگێکی جیا ئەکا لە زمانێکی تایبەتیدا. ئەم دەنگانە شێوەی جیا دەگرنە خۆ بەپێی ئەو بیئە جیاوازانەی تیایانا دەردەکەون.

بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو لایەنە نیشانەی فۆنیم دەخرێتە نێوان دوو هێڵی لارەوەی وەک // و نیشانەی دەنگ دەخرێتە نێوان دوو کەوانەی وەک [ ]. پەیوەندی نێوان دەنگ و فۆنیم لەم وێنەیەدا ڕوون کراوەتەوە.

فۆنیم = | [دەنگ]<br>[دەنگ]

وەک:

/س/= | [س]<br>[ص] | لە زمانی کوردیدا

ئەو بەشەی زانستی زمان کە لە چۆنیەتی دروستکردنی دەنگەکانی زمان و سروشتیان دەکۆڵێتەوە و هۆی جیاوازی نێوان دەنگە جیاوازەکانی زمان دەردەخا فۆنێتیکە Phonet-ics.

فۆنۆلۆجی Phonology ئەو بەشەی زانستی زمانە کە لەو یاسایانە دەکۆڵێتەوە کە بەهۆیانەوە دەنگەکانی زمانێکی تایبەتی لە یەک دەدرێن بۆ دروستکردنی بڕگە. یەک نرخ دەدا بەکۆمەڵە دەنگێکی جیاواز کە هەمان کۆمەڵە دەنگ لەوانەیە لە زمانێکی تردا دەرکەون و تیایا کۆمەڵە نرخێکی جیا پێشان بدەن. واتا فۆنێتیک شتێکی گشتییە و فۆنۆلۆجی تایبەتییە. فۆنەتیک پێمان دەڵێ (ر) ، (ڕ)، (س)، (ص)، (ل) و (ڵ) چۆن دروست دەکرێن و بۆ جیاوازن بێ ئەوەی بایەخ بدا بەوەی ئەم دەنگانە سەر بە چ زمانێکن. کەچی لە لێڤڵی فۆنۆلۆجیدا (ر) و (ڕ) لە زمانی کوردیدا دوو نرخیان دەدرێتێ و لە زمانی عەرەبیدا یەک. (س) و (ص) لە زمانی کوردیدا یەک نرخیان دەدرێتێ و لە زمانی عەرەبیدا دوو... هتد.

بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە (ر) و (ڕ) دوو فۆنیمی جیان چونکە لەناو سیستەمی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردی دوو نرخی جیاوازیان هەیە. جیاوازی نێوانیان وەک جیاوازیی نێوان، بۆ نموونە، (پ) و (ج) یا (ک) و (ش) یا هەردوو فۆنیمێکی تر وایە. بۆیە لەهەر شوێنێکا دەرکەون شێوەیان چۆنە ئەبێ وا بنووسرێن ئەو ڕایەی کە دەڵێ لەبەر ئەوەی هەموو (ڕ)یەک لە سەرەتای وشەی کوردی دەرکەوێ قەڵەوە، بۆیە لە نووسینا پێویست بەوە ناکات نیشانەی (قەڵەوی)ی بۆ دابنرێت ڕایەکی پووچە و بەتیشکی نەزەرییەی فۆنیم ڕەش دەبێتەوە. دەرنەکەوتنی (ر)ی لاواز لە سەرەتای وشەی کوردی یاسایەکی فۆنۆلۆجییە لە زمانی کوردیدا پەیوەندیی بە(ڕ)ی قەڵەوەوە نییە. ئەوانەی ئەم ڕایەی پەسند دەکەن دەبێ ئەوەشیان لەبیر نەچێ کە (زۆربەی زۆری) ئەو لامانەی دوای ئەلف لە زمانی کوردیدا قەڵەوە. وەک لە (ماڵ، هەڤاڵ، ساماڵ، تاڵ... هتد) لەم حاڵەتەدا ئەبێ لەم جۆرە وشانەش نیشانەی قەڵەوی بۆ (ل) دانەنرێت. نموونەی تری لەم بابەتە زۆرە.

لەم سروشتەدا هەموو شتێک لە گۆڕینداییە. باری ئێستەی هەر شتێ جیایە لە هی سەردەمێکی تری. زمانیش وەکو لایەنێکی ئەم سروشتە لەم یاسا گشتییە بەدەر نییە. بەتێپەڕینی کات دەگۆڕێ. ئەو زمانانەی نووسراوی قۆناغە ڕابردووەکانیان لە پاش بەجێ دەمینێ زۆر بەئاشکرایی ئەم گۆڕینەیان تیا دەرک دەکرێ. بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی بۆ ماوەی هەزار و پێنج سەدساڵی ڕابردوو بەبەردەوامی نووسراوەتەوە و شێوە جیاوازەکانی

قۆناغە جیاوازەکانی ئەم زمانە پارێزراوە. بەبەراوردکردنی ئینگلیزیی کۆن Old English کە لە دەوروبەری سەدەی یانزەم قسەی پێ دەکرا لەگەڵ ئینگلیزی ئیمڕۆ، وەک دوو زمانی جیاواز خۆیان دەنوێنن. گۆڕینی زمان هەموو لێقڵەکانی دەگرێتەوە (مەبەست لە لێقڵەکانی لایەنی سینتاکسی و مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی و فۆنەتیکی و سیمانتیکییە). لێرە زۆر بەکورتی تەنها لایەنێکی چەمکی گۆڕین لە لێقڵی فۆنۆلۆجی پێشکەش دەکرێ کە پەیوەندیی بەم باسەمانەوە هەیە.

ئەم هۆیانەی کاردەکەنە سەر زمان و دەیگۆڕن زۆرن. گەلێکیشیان هێشتا نەزانراون چین. یەکێ لەم هۆیانە کارتێکردنی زمانێکی ترە. بۆ نموونە لە ئینگلیزیی کۆندا دەنگی (ژ) نەبوو. بەڵام لە ئەنجامی کارتێکردنی زمانی فەرەنسی گەلێ وشەی وەک azure و measure و rough... هتد کە دەنگی (ژ)یان تیایە کەوتنە ناو زمانی ئینگلیزی و بوون بەبەشێکی بنجیی فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی. بەم جۆرە دەنگی (ژ) کەوتە ناو سیستەمی فۆنۆلۆجی زمانی ئینگلیزی. دەنگی (ڤ)ش هەمان شت.

گۆڕینێکی تر بەسەر سیستەمی فۆنۆلۆجی زمانی ئینگلیزی هاتێ ونکردنی دەنگی (خ)یە. وشەی night (نایت) و drought (دراوت) جاران بە(نیخت) و (درۆخت) دەوتران. گۆڕینێکی فۆنۆلۆجی بەسەر زمانی ئینگلیزی هاتووە لەو ماوەیەی کەوتۆتە نێوان چۆسەر و شەکسپیردا. ئەنجامەکەی نەمانی دەنگی (خ) بووە لە زمانی ئینگلیزیدا. لە نووسینا هێشتا شوێنەواری ماوە. چونکە نووسین شتێکی جامیدە و نەگۆڕراوە بەگۆڕینی شێوەی قسەکردن.

ئێستە هیچ زمانەوانێک نییە لە جیهانا دان بەوە نەنێ کە (ژ) و (ڤ) دوو فۆنیمی زمانی ئینگلیزنین، کەچی بەڵگەی مێژوویی هەیە کە ئەم دوو دەنگە سەردەمێک لە زمانی ئینگلیزیدا نەبوون و لە ئەنجامی کارتێکردنی زمانی فرەنسی کەوتوونەتە ناو زمانی ئینگلیزی. هیچ زمانەوانێکیش نییە بڵێ دەنگی (خ) لە زمانی ئینگلیزیدا هەیە چونکە لە نژادا ئەم دەنگەی هەبووە. (ع) و (ق) و (ح)ش بۆ زمانی کوردی هەمان شت. لە نژادا کوردی بووبن یا لە ئەنجامی کارتێکردنی زمانێکی تر کەوتبنە ناوی گرنگ نییە. گرنگ ئەوەیە ئێستە بەشێکی بنجیی سیستەمی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردین. پەیابوونی دەنگی تازە لە زمانا لە ئەنجامی کارتێکردنی زمانێکی تر دیاردەیەکی سروشتییە و هیچ زمانێک نییە و نەبووە بەسەریا نەهاتبێ.

باوترین گیروگرفت لە ئیملای کوردی پێک نەهاتنە لەسەر جۆری نووسینی هەندێ لە پیتەکان. بۆ نموونە ئەوەی پێی دەڵێن واوی درێژ هەندێ وای پەسند دەکەن بەواوێک نیشانەیەکی وەک فەتحەی عەرەبی بۆ دابنرێ (ۆ) هەندێکیش بەدوو واو (وو)... هتد کەس ناتوانێ بیسەلمێنێ کامەیان بۆ نووسین لەوی تر باشترە. (باشترینیان ئەوەیانە کە هەڵدەبژێرێت بەپێکهاتنی هەموو لایەک.

هەندێ زمانەوان هەن ئەو (وێ)یەی لە وشەی وەکو (شوێن) و (خوێن) و (سوێند)دا دەردەکەوێ بەیەک فۆنیم لە قەڵەم دەدەن و وای بەڕاست دەزانن کە دەبێ یەک نیشانەیان بۆ دابنرێت. دیسان بەپەنابردنە بەر شیکردنەوەی فۆنۆلۆجی ئەم جۆرە گیروگرفتانە چارەسەر دەکرێن.

زۆر بەکورتی: ئەو قاڵبە فۆنۆلۆجییەی بڕگەی کوردیی تیا دادەڕێژرێ ئەمەی خوارەوەیە.

(C) (C) {V} (C) (C)

V= Vowel

C= Consonant

| | | |
|---|---|---|
| CCVCC | Xwârd | |
| CCVC | Cwâr | |
| CCV | Xwâ | |
| CVC | gut | |
| CV | ba | |
| V | a | a-xom |
| VC | as | as-tûr |
| VCC | ârd | |
| CVCC | dast | |

واتا لە بڕگەیەکدا ئەبێ ڤاوڵێک هەبێ و ئەشێ لە یەکەوە تا چوار کونسونانتی لە گەڵا دەرکەوێ بەهەموو جۆر بەمەرجێ لە دوو زیاتر نەکەونە لایێ.

دوو کۆنسونانت (یا زیاتر) بەیەکەوە دەرکەون لە بڕگەیەکدا بێ ئەوەی ڤاوڵێ لە نێوانیانا دەرکەوێ هێشووی Cluster پێ دەوترێ. هەر زمانەی یاسای فۆنۆلۆجی تایبەتی بەخۆی هەیە بۆ دروستکردنی ئەم هێشووانە و شوێنی دەرکەوتنیان. زمانی کوردی هێشووی دوویی هەیە وەک (-st) (-st) و (-rd) لە (دەست) و (گەشت) و (بەرد)دا.

ئەم جۆرە هێشوویانە لە زمانی کوردیدا هەمیشە لە دوای ڤاولی برگەکەوە دێن. زمانی ئینگلیزی هێشووی دوویی و سێیی هەیە وەک (-sp) و (-spr) لە (spin) و (spring)دا... هتد.

لە زمانی کوردیدا فۆنیمی (s - s - j - c - k - x) لەگەڵ (w) هێشوو دروست دەکەن. ئەم جۆرە هێشوویانە هەمیشە لە سەرەتای برگە دەردەکەون.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| X | | | Xw | Xwar - Xwê |
| K | | | Kw | Kwâ - Kwêr |
| C | + (W) | = | Cw | Cwâr |
| J | | | Jw | Jwân - Jwâmêr |
| S | | | Sw | Swend - Swân |
| Ş | | | Sw | Şwên -Şwân |

کە ڤاولی (ê) دەبێ بەناوکی برگەکە – لەبەر سروشتی ڤاوڵەکە و ئەم (w)یە ئیدغام پەیا دەبێ و لە ئەنجاما ئەم جۆرە دەنگە دروست دەکەن کە لە فۆنەتیکا بە assimilation ناودەبرێ و لە هەندێ زمانا (وەک فرەنسی) Short - Front - rounded lips فۆنیمێکە. لە زمانی کوردی بەفۆنیمێکی سەربەخۆ لە قەڵەم نادرێ. چونکە ئەو دەنگانەی لە ئەنجامی ئیدغامەوە دروست دەبن ناخرێنە ناو سیستەمی فۆنیمەکانی زمانەوە.

گریمان (وێ) لە زمانییا کوردیدا بۆتە فۆنیمێکی سەربەخۆ لە ئەنجامی گۆڕینێکی تایبەتی. سەرەڕای ئەمەش نوسینی بەم جۆرەی سەرەوە شتێکی ناڕەوا نییە. نووسین شتێکی دەسکردە پێکهاتنە لەسەریا لەلایەن کۆمەڵەوە هیچ کار ناکاتە سەر جەوهەری زمانەکە. هەموو میللەتی ئینگلیز کە دەنووسی (night) ئەو (gh)ەی دەخاتە ناو بێ ئەوەی هیچ دەنگێ لە قسەکردنا بنوێنێ.

لە ڕستەی

Did he believe that Caesar could see the people Seize the Sea.

لە وشەی:

| | |
|---|---|
| he | (e) |
| believe | (ie) |
| caesar | (ae) |
| see | (ee) |

| | |
|---|---|
| people | (eo) |
| seize | (ei) |
| seas | (ea) |

هەموو هەمان دەنگ دەنوێنن(i). سەرەڕای ئەمەش کەسێ جۆری قسەی خۆی نەگۆڕی لەبەر ئەمانە واتا نووسین کار لە جۆری قسەکردن ناکات. بەلای منەوە لەبەر هۆی بەستراو بەسیستەمی زمانەکەوە بە(وێ) بنووسرێ ڕاستترە.

هەمان شت لەگەڵ ئەو فۆنیمەی لە ئەلف و بێی عەرەبیدا تیپی بۆ نییە واتا /i/.

ئەوە چەند ساڵە زمانی کوردی بەئەلف و بێی عەرەبی دەنووسرێ، کەچی هیچ خوێندەوارێک هەستی بەگیروگرفتێکی وا نەکردووە باس بکرێ لەبەر نەبوونی ئەم فۆنیمە. ئەم فۆنیمە لە سیستەمی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردیدا پێشبینە Predictable واتا ئەو بیئە فۆنۆلۆجییەی تیایا دەردەکەوێ فەرزی دەکا تۆ بیڵێی با هیچ نیشانەیەکیشی بۆ دانەنرابێ.

سەر و بۆر و ژێر (الفتحة والضمة والکسرة) سێ فۆنیمن لە سیستەمی فۆنۆلۆجیی زمانی عەرەبی، کەچی لە زۆربەی زۆری چاپکراوەکانی هیچ سیمایەکیان لە نووسینا بۆ نییە.

دەربارەی (ئـ)، بەلای منەوە سروشتی نووسینی کوردی بەئەلف و بێی عەرەبی ئەم (ئـ)یەی بەسەر زمانی کوردیدا سەپاندووە. هەر وەک چۆن (i)ی لە نووسینا لەناو بردووە.

لەو گۆڕینانەی لە لێڤڵی فۆنۆلۆجیدا بەسەر زمانا دێ ئەمانەن:

١- گۆڕینی فۆنیمێ بەفۆنیمێکی تر.

٢- گۆڕینی دەنگێ تەنیا لە هەندێ بیئەدا بەدەنگێکی تر.

٣- توانەوە و نەمانی دەنگێ لە هەندێ بیئەدا و بوونی بەدەنگێکی تر لە هەندێ بیئەی تر.

٤- توانەوە و نەمانی دەنگ لە هەندێ بیئەدا.

یێکێ لەو گۆڕینانەی لە لێڤڵی فۆنۆلۆجیدا بەسەر زمانی کوردی (خواروو) هاتبێ توانەوەی دەنگی (د)یە لە هەندێ بیئەدا، وەک (د)ی نیشانەی هەمیشەیی. ئەم دەنگە تواوەتەوە و نەبۆتە دەنگێکی تر.

daxom = axom

damxward = amxward

که ئەمە بەئەلف و بێی عەرەبی ئەنووسرێ:

(دەکەم) = (ەکەم) و (ە) لە سەرەتای وشەدا دەرناکەوێ و نانووسرێ لە سیستەمی ئەلف و بێی عەرەبی بۆیە (ك)ی پێوە لکێنراوە ڕای گرێ و بووە بە(ئە).

هەروا دەرنەکەوتنی (ئـ) لە هیچ وشەیێکی تری کوردی و بوونی بە(ی) یا (و) لەو وشانەی لە (عەرەبی)یەوە وەرئەگیرێن ئەمە ئەسەلمێنێ:

سؤال = سواڵ

بئر = بیر ... هتد.

کاتێ باسی ئیملا دەکرێ هەر (پیت) و چۆنیەتی لە یەکدانیان دێتە خەیاڵ. لە هەموو زمانێکا گەلێ کەرەسەی فۆنەتیکی تری وا هەیە (وەک stress، intonation،... هتد) کە دەوریان لە گۆڕینی مانادا جیاوازی نییە لەو دەورەی فۆنیمە جیاوازەکان دەیگێڕن. لەگەڵ ئەوەشا گوێیان نادرێتێ چونکە هەموو پێش بینن Pridicable – شوێنی وشەکە لە ڕستە و شوێنی ڕستەکە لە قسەکردنا بڕیار دەدەن و دەری دەخەن. وەک:

نوستن – دوو مانای هەیە.

گەر نەبرەکە stress بخرێتە سەر برگەی یەکەم مانای (ئەوان) نووستن – دەدا.

گەر نەبرەکە بخرێتە سەر برگەی دووەم مانای نوستن (خۆشە) – دەدا... هتد.

ئەم جۆرە کەرەسانە زۆر گرنگن و هیچ زمانێک نییە نەیبێ بەڵام لە نووسینا هەموو پشتگوێ خراون.

گەر ئەو ئیملایەی ئێستە هەمانە بەراوردی بکەین لەگەڵ ئیملای میللەتانی تری وەک ئینگلیزی و چینی و فرەنسی ئەوسا هەست بەوە دەکەین ئێمە لە چاو ئەو میللەتە پێشکەوتووانە گیروگرفتی ئیملاییمان چەند کەمە.

گریمان توانیمان ئیملایێ پێک بهێنین پڕ بەپێستی زمانەکەمان بێ... زمان دەگۆڕێ و نووسین وشکە و ناگۆڕێ... زۆری پێ ناچێ دیسان زمانەکە و جۆری نووسینەکەی لە یەک دەترازێن و جیا دەبنەوە... وەک ئەوەی بەسەر زمانی ئینگلیزی هاتووە.

زۆربەی زۆری ئەم گیروگرفتانە چارەسەر دەکرێن تەنها بەپێکهاتن لەسەر دەسنیشانکردنی فۆنیمەکانی کوردی و جۆری نووسینیان. و لێکدانیان بەگرتنەبەری پەیڕەوێکی زانستیی دوور لە ئارەزووی شەخسیی دامەزراو لەسەر بناغەیەکی زانستی. لە بڕیاردانیشا ئەبێ مەسەلەی (مێژوو و ئابووری) ڕەچاو بکرێن... جا پێک وەرن.

**پەراوێز:**

١- مەسەلەی هەمان ڕیزە دەنگ زیاتر لە یەک مانا دەبەخشێ Homophony یا هەمان مانا بەزیاتر لە یەک ڕیزە دەنگ Synongmy دەردەبڕێ کۆسپ نییە لەسەر ڕێگەمان لێرە. چونکە ژمارەی ئەم جۆرە وشانە یەگجار کەمن لە هەموو زمانێکا و لە نرخی ئەم نەزەرییەیە کەم ناکاتەوە.

سەرچاوەکان:


1- Abercrombie, D. (1907) “Elements of General phonelics” Edinburgh.

2- Fromkin, V. and Rodman, R. (1978) “An introduction to Lanquage”.

3- Fudge, E. C. (1970) “Phonology” in New Horizons in Linguistics. J. Lyons.



*** ئەم وتارە لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد - بەغدا، ژمارە (٩)ی ساڵی ١٩٨٢، لاپەڕە ٤٣٤-٤٣٩ بلاوکراوەتەوە.**

# فۆبیای ڕێنووس

لە گۆڤاری (ئەکادیمیای کوردی) ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠١٦ بڵاوکراوەتەوە.

پێڕەوی دۆزینەوە Discovery Procedure ڕێباز و تەکنیکێکی شیکردنەوەیی زمانەوانیی ڕێبازی بنیاتنەرییە Structuralism. زمانەوانی ئەمەریکی فرانسس بۆب (١٨٥٨ — ١٩٤٢) ئەم ڕێبازەی داهێنا بۆ پاراستن و نووسینی ڕێزمانی زمانە ڕەسەنەکانی کیشوەری ئەمەریکا کە بە (ئەمەریندیان) ناوبراون، پێش بنبڕبوون و لە دەسچوونیان.

بە هۆی ئەم ڕێباز و پێڕەوە، بە پشت بەستن بە یاسا و بنەما ماتماتیکییەکان و پەیوەندییە لۆژیکییەکانی نێوان پێکهێنەرەکانی، سیستەمی زمان دەست نیشان دەکرێت. ئەم پێڕەوە لەهەموو ئاستەکاندا کار دەکات بە تایبەتی لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا. بە هۆی ئەم پێڕەوەوە دەشێ یاساکانی ڕێزمانی هەر زمانێک دەستنیشان بکرێت (تەنانەت) بێ زانینی زمانەکەش.

لەم وتارەدا زۆر بە کورتی ئەوە دەردەخەین کە چۆن کێشەیێکی ڕێنووسی کوردیی پەیوەندیدار بە ئاستی فۆنۆلۆجییەوە بە هۆیەوە چارەسەر دەکرێت.

بە دەیان وتار و باس و لێکۆڵینەوە لەبارەی گیروگرفت و کێشەکانی ڕێنووسی کوردی بڵاوبوونەتەوە.[1] هەر یەکە بە پێی بۆچوونی خۆی گیروگرفتەکان دەسنیشان دەکات و چارەسەریان دەکات. یەکێ لەو کێشانە مەسەلەی بزوێنی (و) ی درێژ و

کورتە..هەندێ زمانەوان لەسەر ئەو ڕایەدان کە لەبەر ئەوەی جیاوازیی نێوانیان (گوایە) فۆنیمی نییە، بۆیە (وو) نەخرێتە ناو سیستەمی فۆنۆلۆجی و نووسینی زمانی کوردییەوە و بە ئەلەفۆنێکی (و) بژمێردرێ و یەک پیت هەردووکیان بنوێنێ.

زمان دیاردەیێکی زیندووە، لە ڕادە بەدەر ئاڵۆز و تێکچڕژاوە، هەمیشە لە جووڵە و گۆڕین دایە. سروشتێکی سرکی جیوەیی هەیە. نووسین وشک و مەییو و وەستاوە.بۆیە نووسین هەرگیز ناتوانێ پڕبەپیستی وتنی زمانەکە بێت.

ئەلفوبێی هەر زمانێ لەسەر بیناغەی سیستەمی فۆنیمیکی زمانەکە دادەمەزرێت بۆیە لەکاتی دانانی ئەلفوبێکە تارادەیێک نزیکی لەنێوان نووسین و وتن بەدی دەکرێ بەڵام هەرگیز یەک بە یەک و دەقاودەق نابن. هیچ زمانێک نییە و نەبووە لە هەموو جیهاندا کە ئەلفوبێکەی بە تەواوی (فۆنیمیکی) یا (فۆنەتیکی) بێت و هەرگیز ناکرێ.

نووسین گەلێ جۆری هەیە. (فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجی و ئیدیۆگرامی و سیلابیکی و تێکەڵ و.. ).. هەندێ لە زمانەوانانمان دەرکی جیاوازیی نێوان ئەمانە ناکەن، بە تایبەتی هی نێوان (فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجی)[٢]. هەیە لە ڕوانگەی نووسینی فۆنەتیکییەوە بیر لە ڕێنووس دەکاتەوە، هەیە لە ڕوانگەی فۆنۆلۆجییەوە و هەشە لە ڕوانگەی هەردوو ئاستەوە بە تێکەڵی بێ ئەوەی شارەزای بوار و تەکنیکیان بێ..بۆیە زۆر لەو لایەنانەی کە بە گیروگرفتی لەقەڵەم دەدەن، بە پێوانەی بناماکانی ڕێنووس

نابنە گیروگرفت.

هیچ زمانێك بێ گیروگرفتی ڕێنووس نییە.هەر هەوڵدانێکیش بۆ چارەسەرکردنی ڕێنووس گیروگرفتی تری زمانەوانی و غەیری زمانەوانی سەرهەڵدەدەن. کام زمان بەقەد چینی و ئینگلیزی و عەرەبی و...گیروگرفتی ڕێنووسیان هەیە کەچی سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵدان و وتار و باسانەی لەبارەی ئەو گرفتانەوە بڵاوکراونەتەوە نەتوانرا چارەسەر بکرێت. دەرکەوت بە دەسکاری کردنیان گیرو گرفتی تری ئاڵۆزتر و دژوارتر سەرهەڵدەدەن. هیچ زمانێکیش نییە ڕێنووسێکی یەکگرتووی هەبێ. (٣)

دەمێکە زمانەوانان ڕێنووسیان لە گیروگرفتەکانی زمانەوانیدا جیا کردۆتەوە و ڕێنووسیان لە زمانەوانی دەرهێناوە..ڕێنووس بۆتە شتێکی کۆمەڵایەتی و پێکهاتنی عەفەوی لەسەریا..دەمێکە زمانەوانانی جیهانی توخون ڕێنووس ناکەون و هیچ ڕێبازێکی زمانەوانی نیە باسی ڕێنووس بکات. ڕێنووس هەر لای ئێمە بۆتە دێوەزمەی زمانەوانی و کراوەتە کێشەییێکی ئاڵۆز و بۆتە گرفت و داوای شتی تەعجیزیی بۆ دەکەین.

بۆ دانانی ڕێنووس بۆ هەر زمانێک فۆنیمەکانی زمانەکە دەست نیشان دەکرێت و بە جۆرەی فۆنیمەکانی پیتەکان دادەنرێن. مەرجیش نیە و هەرگیز ناکرێ ژمارەی پیتەکان بەقەد دەنگ و فۆنیمەکانی زمانەکەبێت، هەرگیز هیج زمانێکیش نیە و نەبووە ژمارەی پیتەکانی بەقەد فۆنیمەکانی بێ. لە نووسینی زۆر لە زمانان پیت هەیە لە نووسینا بەکار دەهێنرێ کەچی لە

ئەلفوبێکەیدا نییە. هەشە بە پێچەوانەوە، زمان هەیە دەنگی وای تێدایە کەچی پیتی بۆ نییە [٤] و هەیە هەمان دەنگ بە چەن جۆرێ دەنووسرێت و یا هەمان پیت چەن دەنگێ دەنوێنێ یا هەمان دەنگ چەن پیتێکی هەیە..یا زۆر وشە هەیە بەجۆرێ دەنووسرێ و بە جۆرێکی تر دوترێ.[٥]

هەر دەنگێکی زمانی لە شوێنێکی تایبەتیی ئەندامانی ئاخاوتندا درووست دەکرێ و چەن سیماییێک دەگریتەخۆ. دەنگە جیاوازە (هاوشوێن) ـەکان بە سیما فۆنەتییەکان لێک جیا دەکرێنەوە. وەک ( ت ــ د ) ( س ــ ز) ) ( ش ــ ژ) (ک ـ گ) (ف ــ ڤ ) هتد کە هەر جووتێکیان هاوشوێنن و بە سیمای (ژێدار / بێژێ) یی لێک جیا دەکرێنەوە. لە دەنگە یەکەمەکاندا لە کاتی گۆ کردنیان (ژێ) یەکان دەلەرێنەوە و لە دووەمەکاندا نالەرێنەوە. ژمارەی سیماکان زۆرە (ژێدار ــ زاری ــ لووتی ــ خشۆک ــ تەقیو ــ درێژی..هتد) [٦]..یەکێ لە سیماکانی بزوێنەکان (درێژی) بەرانبەر بە (کورتی) یـە duration کە دەنگی هاوشوێنی کورت لە درێژ جیا دەکاتەوە، وەک لە (و ــ وو)، (ـە ــ ا ) و ( i ــ ی).

لە ڕێنووسی زمانی کوردی (و) و (وو) کە بە سیمای (درێژی) لێک جیا کراونەتەوە. هەندێ زمانەوان و نووسەر وای بۆ دەچن کە ئەم (وو) ە لە نووسیندا لابرێ چونکە (بەلایانەوە) جیاوازیی (و) و (وو) لە زمانی کەردیدا فۆنیمیکی نییە.

لە ڕووی زمانەوانی و سروشتی بنەماکانی ڕێنووسەوە ئەم

ڕایە مایەی گفتوگۆیە چونکە:

١ ـ گەر بە پێی شیکردنەوەی Discovery procedure ی ماتماتیکی سیستەمی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردی ساغ بکرێتەوە (و) و (وو) دوو فۆنیمی جیاوازن لەم زمانەدا.

٢ — گەر فۆنیمیکیش نەبن، جیاوازیی نێوانیان زۆر زەقە و هیچ ڕێنووسێ ناکرێ و نییە بە تەواوی فۆنیمیکی بێت.

٣ — بە ڕەچاوکردنی بنەماکانی ڕێنووس و بەراورد کردن ئەمە بە گیرو گرفت ناژمێررێ.[٧]

**دوو پێڕەو هەن بۆ دەسنیشان کردنی فۆنیمەکانی زمان:**

١ ـ لە ڕێی جووتۆکە و سێتیلەکانەوە.[٧]

٢ ـ بە پێڕەوی ماتماتیکی کە لە بواری Mathematical Linguistics دا بە پێڕەوی Discovery Procedure ناو دەبرێ.بە دەست نیشانکردنی پەیوەندیی لۆژیکییان لە چوارچێوەی سیستەمی فۆنۆلۆجیی زمانەکەدا ساغ دەبێتەوە کە جیاوازیی نێوان (وو) و (و) لە زمانی کوردیدا فۆنیمیکییە.

ئەوانەی لە سەر ئەو ڕایە دان کە جووتە ڤاوڵی (و ـ وو) دوو فۆنیم نین لە زمانی کوردیدا لەوانەیە ڕاست بن بە پێی شیکردنەوەی جووتۆکەیی. چونکە لەوانەیە جووتۆکەیان نەبێ (لەوانەشە هەیبێ و بۆی هەیە بۆی پەیا بێ).. بەڵام گەر بە پێوانەی لۆژیکی پەیوەندیی ماتماتیکی شی بکرێتەوە ئەم دوو دەنگە لە سیستەمی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردیدا دوو فۆنیم دەنوێنن بەپێی یاسای یەکسانی ئاڵوگۆڕ Commutativity بەم

هاوکێشە:

ئەگەر ( X و N) دوو نرخی جیابن و (X و L) دوو نرخی جیابن واتا (N) و (L)

دوو نرخی جیان:

ئێستا لەژێر تیشکی ئەم لۆژیکە ئەمانە لێکبدەرەوە:

١ـ لە:

گوڕ ـ گۆڕ

قوڕ ـ قۆڕ

(و ـ ۆ) دوو فۆنیمی جیان و لە:

بوو ـ بۆ

توو ـ تۆ

(وو ـ ۆ) دوو فۆنیمی جیان..

کە ( و ـ ۆ ) و ( وو ـ ۆ) هەر یەکە دوو فۆنیمی جیابن..بەپێی یاسای سەروبەر Commutativity دەبێ ( و ـ وو) دوو فۆنیمی جیابن.

٢) ـ لە:

کەڕ ـ کوڕ

گەڕ ـ گوڕ

(ـە ـ و) دوو فۆنیمی جیان و لە:

سەر ـ سوور

دەر ـ دوور

(ـە ـ وو) دوو فۆنیمی جیان.

که ( ـه ـ و ) و ( ـه ـ وو) هەر یەکە دوو فۆنیمی جیابن..بەپێی یاسای سەروبەر ( و ـ وو) دوو فۆنیمی جیابن.

٣) ـ لە:

پەڕ ـ پڕ

گەڕ ـ گڕ

(ـه ـ i) دوو فۆنیمی جیان و لە:

سەر ـ سوور

دەر ـ دوور

(ـه ـ وو) دوو فۆنیمی جیان

که ( ـه ـ i ) و ( ـه ـ وو) هەر یەکە دوو فۆنیمی جیابن..بەپێی یاسای سەروبەر دەبێ ( و ـ وو) دوو فۆنیمی جیابن.

٤) ـ لە:

زار ـ زوور

پار ـ پوور

(ا ـ وو) دوو فۆنیمی جیان و لە:

کان ـ کون

(ا ـ و) دوو فۆنیمی جیان.

که ( ا ـ وو ) و ( ا ـ و) هەر یەکە دوو فۆنیمی جیابن..

بەپێی یاسای سەروبەر دەبێ ( وـ وو) دوو فۆنیمی جیابن.

ئەنجامی ئەم سەروبەر کردنانە دەبێ (و) و (وو) دوو فۆنیم بن..با گریمان دوو فۆنیمیش نەبن باشترە لە نووسینا جیا

بکرێنەوە چونکە بە سەدان وشە لە زمانی کوردیدا هەیە ئەم دوو دەنگە جیاوازانەیان تێدایە..و لە هەمان وشەدا هەردوو دەنگ هەن...ئەگینا چۆن وشەی وەک (کولتوور ـ ئوردوو.. ) بۆ نموونە دەنووسرێن؟

گەر ئەم ڕێنووسەی ئیستامان بەراورد بکەین لەگەڵ هی میللەتە پێشکەوتووەکان،

دەردەکەوێ هی ئێمە لەهەموان ڕێکوپێکترە و بێ گیروگرفترە..چاکتر وایە وازی لێ بێنین شتی بچووک نەزلێنین.

**پەراوێزەکان**

١ — لەو باسانەی لە گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی دەکۆڵنەوە:

**ئەکادیمییای کوردی** (٢٠٠٩) ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی (١٢/٤ و ٩/٨ ی ٢٠٠٩)

**ئەوڕەحمانی حاجی مارف** (١٩٨٢) گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد.

**ئیبراهیم ئەمین باڵدار** (١٩٨٢) زەنگی کاروانی ڕێنووس. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد. ب٩.

**بەدران ئەحمەد حەبیب** (٢٠٠١) پرۆژەی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی. هەولێر.

**تاهیر سادق** (١٩٦٩) ڕێنووسی چۆنیەتیی نووسینی کوردی. چ..شیمال. کەرکووك.

**توفیق وەهبی** (١٩٢٥) کوردییەکەمان بە چۆن حرووفێك بنووسین. گ. دیاریی کوردستان. ژ ٥ و ٦.

**حامید فەڕەج** (١٩٧٦) ڕێنووسی کوردی لە سەدەیەکدا. چ..کۆڕی زانیاریی کورد. بەغداد.

**ڕاگەیاندنامەی کۆتایی سیمیناری زمانی کوردی**.(١٩٩٨) — هەولێر ( ٢٠ و ٢٢ /٩/ ١٩٩٨).

**شاکر فەتاح ئەحمەد** (١٩٨٢) گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. ب٩.

**عومەر عەبدولڕەحیم** (١٩٨٢) ڕێنووسی کوردی. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد. ب٩.

**کامیل بەسیر** (١٩٨٢) خاڵبەندی بۆ ڕێنووسی کوردی. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد. ب٩.

**کوڕی زانیاریی عیراق – دەستەی کورد** (١٩٨٥) ڕاسپێرییەکانی لێدوانی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی.(١٨و١٩/ ١٢/١٩٨٥) بەغداد.

**مستەفا نەریمان** (١٩٨١) ڕێنووسی کوردی لە ڕەگ و ریشەوە.دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی. زنجیرەی زمان (٥). بەغداد.

**محمد معروف فتاح** (١٩٨٢) نووسینی کوردی لە ڕوانگەی فۆنۆتیکەوە. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق – دەستەی کورد. ب٩. بەغداد.

**نوری عەلی ئەمین** (١٩٧٦) ڕابەڕێ بۆ ئیملای کوردی. چ. سلمان الاعزەمی. بەغداد.

**وریا عومەر ئەمین** (١٩٨٢) ئیملای کوردی و چەن تێبینییەك. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد. ب٩

**وریا عومەر ئەمین** (٢٠٠٨) ئەلفوبێی جیهانی. ڕۆژنامەی بەدرخان ژ ٨٩ ی ٢٢/١/٢٠٠٨

**وریا عومەر ئەمین** (٢٠١١) گیروگرفتەکانی نووسینی کوردی بە لاتینی. کۆنگرەی زمانەوانی (١٩–٢٢/٩/٢٠١١) ل١٣٨–١٥٢

**وریا عومەر ئەمین** (٢٠١٢) بە ستانداردکردنی ڕیزبوونی

پیتەکانی نووسینی کوردی. گ. ئکادیمیای کوردی. ژ ٢١ ل ٧٥ — ٨٨

**وریا عومەر ئەمین** ( ٢٠١٣) ڕێنووس و چەند پرسیارێك. ڕۆژنامەی چاودێر. ژ ٣٧٥ و ٣٧٦ ی ٨/٢٦ و ٩/٢ ی ٢٠١٣. دیمانەی هەرێم عوسمان.

٢ ـ سەیری ئەم سەرچاوەیە بکەن:

وریا عومەر ئەمین ( ١٩٨٩) فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی. گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عیراق — دەستەی کورد ژ ٢٠، ل ٢٣٩ – ٢٥٩

دووبارە لە کتێبی (ئاسۆییێکی تری زمانەوانی ـ دەزگای ئاراس ٢٠٠٤ و ٢٠٠٩) ل٤٦ ـ ٥٩ بڵاوکراوەتەوە.

٣ ـ بزووتنەوەی ڕێنووسسازیی زمانی ئینگلیزی لە سەدەی شازدەهەمەوە دەستی پێکردووە.. لە ساڵی ١٥٦٨ دا وەزیری دەرەوەی بەریتانیا سێر تۆماس سمیت Sir Thomas Smith یەکەم پێشنیازی ڕێنووسسازیی بە ناوی On Rectifying and Amending the Written English Language (لە بارەی ڕاستکردنەوەی ڕێنووسی ئینگلیزی) یەوە پێشکەش بە شا ئێدوەردی شەشەم و ئیلەزەبێتی یەکەمی کرد.

دوای ئەمە و لەو چوار سەدەی بەسەر چوو بە سەدان هەوڵ دراوە لەلایەن زمانەوانان و زانایان و دەزگا کۆمەڵایەتی و فەرمی و زانستییەکان لە بەریتانیا و ئەمەریکادا بۆ ئەم مەبەستە، هیچی سەری نەگرت.

شایانی باسە کە ئەنجومەنی ئاسانکردنی نووسین Simplified

(SSB) Spelling Board له ساڵی ١٩٠٦ له وڵاته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مه‌ریکا دامه‌زرێنرا. ده‌سته‌ی دامه‌زراندنه‌که له ٣٠ ئه‌ندام پێکهاتبوو..که هه‌موو نووسه‌ر و پرۆفیسۆر و سه‌رنووسه‌ری ناوداری سه‌رده‌می خۆیان بوون. دامه‌زرێنه‌ره‌که‌ی (ئه‌ندروو کارنه‌گی) سێسه‌د هه‌زار دۆلار به‌خششی ساڵانه‌ی بۆ ته‌رخان کرد. ئامانجی ئه‌م ئه‌نجومه‌نه ئه‌وه بوو که گیروگرفتی نووسین چاره‌سه‌ر بکه‌ن. له نیسانی ساڵی ١٩٠٦ دا لیسته‌یێکی ٣٠٠ وشه‌ییان بڵاو کرده‌وه به ڕێنووسی تازه..له کانوونی دووه‌می هه‌مان ساڵدا (١٩٠٦) سه‌رۆکی ئه‌مه‌ریکای ئه‌وسا (تیۆدۆرا ڕۆزفلت) په‌سندی کرد و فرمانی دا دامودەزگا فه‌رمییه‌کان ڕه‌چاوی بکه‌ن. ئه‌مه کێشه‌یێکی زۆری په‌یاکرد و بوو به هه‌را و که‌وته کۆنگرس..کۆنگرس له کانوونی دووه‌می هه‌مان ساڵدا بریاری دا که بگه‌ڕێنه‌وه سه‌ر ڕێنووسه کۆنه‌که. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا هه‌وڵدان بۆ سازانی ڕێنووس به‌رده‌وام بوو و تا ئیستاش نه‌وه‌ستاوه... ئیستا ه‌ه‌ردوو شێوه‌که به‌کار ده‌هێنرێن به تایبه‌تی له ئه‌مه‌ریکادا و تێکه‌ڵ و پێکه‌ڵ بووه.

له ساڵی ٢٠١٣ دا پرۆفیسۆری زمانی ئینگلیزی Simon Horobin له زانکۆی ئۆکسفۆرد (سایمون هۆربن) وتی ( جیاوازیی ڕێنووس و هه‌بوونی شێوه‌ی جیا بۆ نووسینی هه‌مان وشه ئه‌بێ به شتێکی ئاسایی سه‌یری بکرێ و قبووڵ بکرێ و هه‌ر هه‌وڵدانێک بۆ یه‌کگرتنیان بێ سووده)..ئه‌مه به‌ڵگه‌ی ئه‌وه‌یه که باشترین و به‌هێزترین زمانه‌وان زمان خۆیه‌تی.

٤ ـ له ئەلفوبێی نووسینی ئینگلیزیدا پیت نییه بۆ (ش — چ — ژ ) پیتی (ش) به بێنج جۆر دەنووسرێت s – sh – t – ss – ch وەک له machine – mission – station -she – sugar

دەنگی (ف) به سێ جۆر دەنووسرێت (ph – gh – f ) وەک له (tough – elephant – knife)...

(gh) له night – through – though هیچ دەنگ نانوێنن.

له وشەی – car – mechanic -book – accept – queen- به c – ch -k – c – q ( k) و له سەدان وشەی وەک knight ( k) ناخوێنرێتەوه.

به سەدان نموونەی تری لەم جۆرانه له ڕێنووسی زمانی ئینکلیزیدا بەرچاو دەکەوێ.

٥ - ئەلفوبێی نووسینی زمانی عەرەبی ٢٨ پیتی تێدایه که لەم وشانەدا کۆکراونەتەوه ( **ابجد - هوز - حطي - كلمن — سعفص — قرشت — ثخذ — ضظغ)** کەچی ( ى (الف مقصوره) ـ ة (تێی خڕ) - ئـ (هەمزەی سەر کورسی)— همزه الوصل - الفی مده ـ شده — بزوێنه کورتەکان...هتد) بەرچاو ناکەون.

( **ظ - ض** ) و ( **ت - ة** ) ( ا - ى) هەر جووتەی یەك دەنگ دەنوێنن.

زۆر وشه هەیه بەجۆرێ دەنووسرێ و به جۆرێ دوترێ. کوا پیتی (ا) له وشەی (هكذا - ذلك - اؤلئك).لەم دوو وشەیه ( دعا، سعى) (ا — ى) هاودەنگن.

هەر پیتەی بە سێ چوار جۆر دەنووسرێ بۆ نموونە دەنگی (ت) (تـ ـ ـتـ ـ ـت ـ ت ـ ة)

زۆر جۆری تر لەم شێواوییەی ڕێنووسی زمانی عەرەبی (١).

هەر بەراوردێکی ڕێنووسی قورئان و هی ئیستا بکرێت، دەردەکەوێ ئاسمان و ڕیسمانە.

٦ — سەیری پەراوێز ژ (٢) بکەن.

٧ ـ بۆ ئەوەی دەرکی ئەوە بکەین کە ئەمە هەرگیز شایانی ئەوە نییە بکرێتە گرفت و ئەو هەموو هەرایەی لەسەر بکرێ با سەیرێکی جۆری نووسینی (و ـ وو) ی زمانی ئینگلیزی بکەین:

لە ئەلفوبێی زمانی ئینگلیزیدا بۆ (و) ئەم سێ پیتە هەیە (u – o – w) لە نووسینیدا دەنگی (وو) بە بە هەشت جۆر دەنووسۆێت (oo – o – ou – ew – ue – ui – oe - u) وەک لە (moon – do – group – chew – blue – juice – shoe)

دەنگی (و) بە چوار جۆر دەنووسرێت (u – oo – o – ou) وەک لە (put – wolf – good - could).

لە وشەی (burn -turn) دا (u) بە (ێ) دەوترێ.

لە وشەی (beautiful) دا (u) بە (یوو) دەوترێ.

لە وشەی sward – wander، (a) بە (ۆ) دەخوێنرێتەوە.

لەم وشانەدا:

(sun – son – country – blood – does)، u – o – ou – (oo – oe) بە (ـە) دەخوێنرێنەوە.

لە (book و look) دا ـ (oo) بە (و) ئەخوێنرێتەوە.

له ( boot و poor ، shoot به ( وو )

له ( blood و flood به ( ـه )

له ( word – work)، (o) به (ێ) دەوترێ.

له ( journey) دا (ou) به (ێ) دەوترێ.

له (country) دا (ou) به (ـه) دەوترێ.

...هتد

ئەمە تەنها بە جۆرەی بزوێنی ( و — وو) لە زمانی ئینگلیزیدا..

شایانی باسە لەم ڕووەوە بوترێ کە لە زمانی ئینگلیزیدا هیچ بزوێنێکی تیا نییە بە گەلێ جۆر نەنووسرێ. بۆ نموونە لەم وشانەدا : – he – believe – Caesar – see – people – seize
sea – key – amoeba – busy - machine

(e – ie – ae – ee – eo – ei – ea – ey – oe – y – i )

هەموو بە ( ی) دەخوێنرێنەوە.

لەم وشانەدا:

sit – rhythm – pretty – ladies - private

( i – y – e – ie – a) هەموو بە (i) دەخوێنرێنەوە.

له set – dead – many (e – ea – a) به (ێ ) دەخوێنرێنەوە.

ئەم هەرایە دەنگە وەستاوەکانیشی گرتۆتەوە.

٨ ـ سەیری ئەم سەرچاوانە بکەن:

وریا عومەر ئەمین (١٩٩٠) جووتۆکە. ڕۆژنامەی هاوکاری ژ

١١٧٠ ی١٩٩٠/٤/١٦

ـــــــــــــــــــ (٢٠٠٨) سێتیلە. ڕۆژنامەی بەدرخان ژ ٩٠ ی ٢٠٠٨/٢/٢٢

دووبارە لە کتێبی (پیتۆکەکانی زمانەوانی – دەزگای ئاراس ٢٠١١) ل ٥٩ ـ ٦٠ و ٦١ ـ ٦٣ بڵاوکراونەتەوە.

# SPELING PHOBIA

**Dr. Wirya Omar Amin**
**Kurdish Academy**
**Professor Emeritus – Baghdad University**

ABSTRACT

Discovery Procedure is a mechanical procedure based on Mathematical and Logical principles for deriving a grammar of a language from a corpus, or sample, of sentences even without knowing the language. This theory was found and proposed in America by Franz Boas (1858 – 1942) to preserve the hundreds of indigenous American Indian languages which never previously described , and likely to become extinct if not recorded. This theory developed methods to prescribe sound principles for the analysis of phonemic system.

This research is an attempt to present a concise definition of this method, and discuss the problem of the distinctively phonemic of (u – u:) in Kurdish Language.

# رهاب الاملاء

**الدكتور وريا عمر أمين**
**الاكاديمية الكوردية**
**الاستاذ المتمرس في جامعة بغداد**

**المستخلص**

الاجراء الاستكشافي طريقة ميكانيكية مبنية على المنطق الرياضي لاستنباط قواعد اللغة من عينة لتلك اللغة والتي يمكن تطبيقها حتى دون معرفة تلك اللغة. أسس هذه المدرسة اللغوية العالم الامريكى فانسس بوب (1858 – 1942) لتسجيل قواعد المئات من اللغات الامريكية الاصلية قبل فناءها.. يمكن بهذه النهج تحديد النظام الصوتي للغة بشكل دقيق.

هذا البحث محاولة لتعريف هذا النهج اللغوى و مناقشة احدى المشاكل الاملائية في اللغة الكوردية

**سەرچاوەکان**

**Bloomfield, L.** (1933) Language. New York, Holt.

**Fischier.Jorgensen, E.** (1952) On the Definition of Phoneme Categories on a Distrubitional Basis. AL7.PP8-~ 39.

**Sommerstein, A.H.**(1977) Modern Phonology. London

**Lass, R.** (1984) Phonology – An Introduction to Basic Concepts. University Press, Cambridge.

**وریا عومەر ئەمین** (٢٠٠٨) ئەلفوبێی جیهانی. ڕۆژنامەی بەدرخان ژ ٨٩ ی ٢٢/١/٢٠٠٨

———— (٢٠١١) گیروگرفتەکانی نووسینی کوردی بە لاتینی. کۆنگرەی زمانەوانی (١٩-٢٢/٩/٢٠١١) ل١٣٨-١٥٢

———— (٢٠١٢) بە ستانداردکردنی ڕیزبوونی پیتەکانی نووسینی کوردی. گ. ئکادیمیای کوردی. ژ ٢١ ل ٧٥ — ٨٨

———— ( ٢٠١٣) ڕێنووس و چەند پرسیارێك. ڕۆژنامەی چاودێر. ژ ٣٧٥ و ٣٧٦ ی ٨/٢٦ و ٩/٢ ی ٢٠١٣. دیمانەی هەرێم عوسمان

**وریا عومەر ئەمین** و ئەوانی تر (٢٠١٣) ڕێنووسی کوردی بە پێی بنەما زانستییەکانی ڕێنووسی گشتی. ئەکادیمیای کوردی.

# ڕێنووسی کوردی
# بە پێی لۆجیك و بناماکانی زانستی ڕێنووسی گشتی

لە بڵاو کردنەوەی ئەکادیمیای کوردی ژمارە (٢٥٤) ساڵی ٢٠١٣*

## پێشەکی
### هەندێ تێبینی لەبارەی سروشتی ڕێنووسەوە

سەرەتا دەبێ ئەوە بزانرێ کە ئەلفوبێ پەیوەندیی بە نژادی زمانەوە نییە و هەر ئەلفەبێیێك بەدەستەوە بگریت بۆ هەر زمانێك دەشێ و دەگونجێ. گرنگ پێکهاتنی گشتییە لەسەری. زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئەلفوبێیانەی ئیستا لە هەموو جیهاندا بەکار دەهێنرێن هیچ کامێکیان لە بنەڕەتدا بۆ ئەو زمانانە دانەنراون کە بەکاریان دەهێنن. هەموو لە زمانانی ترەوە وەرگیراون

ئەلفوبێی زمانی ئینگلیزی و جەرمەنی و فرەنسی و زۆربەی زمانەکانی تری ئەوروپی لە لاتینییەوە وەرگیراون. لاتینی لە ئیترۆسکانییەوە و ئیترۆسکانی لە گریکییەوە و گریکی لە فینیقییەوە و فینیقی لە سامییەوەو سامی لە هیرۆگلیفییەوە وەرگیراوە .

ئەلفوبێی ڕووسی لە سیریلیکەوە وەرگیراوە و سیریلیکی لە گریکییەوە و گریکی لە فینیقییەوە و فینیقی لە سامییەوە و سامی لە هیرۆگلیفییەوە

ئەم ئەلفوبێیەی ئێستا کورد بەکاری دەهێنێ (لە ڕێی زمانی عەرەبییەوە) لە ئارامییەوە.

وەرگیراوە و ئارامی لە سامییەوە و سامی لە هیرۆگلیفییەوە. هەمان شت بە جۆرەی ئەلفوبێکانی تری هەموو جیهان.

کە ئەلفوبێیەکی هەر زمانێك بۆ هەر زمانێکی تر وەردەگیرێ دەسکاری دەکرێ و بەرەبەرە دەگۆڕێ و دەسوێ تا سروشتی دەنگەکانی زمانە وەرگرەکەی لێ دەنیشێ ولە گەڵیدا دەگونجێ بە زیادکردن و لابردنی هەندێ پیت یا دانانی نیشانە لەسەر هەندێ لە پیتەکان. هەتا ئەگەر دەسکاریش نەکرێ ئیشی خۆی هەر دەکات و دەبێتە ئاسایی. بۆ نموونە زمانی فارسی، کە زمانێکی زۆر نزیکە لە کوردی، ئەلفوبێی عەرەبیی وەرگرتووە بە فەتحەو زەممە و کەسرەوەش و بێ هیچ دەسکارییەکی ئەوتۆ زمانەکەی خۆی پێ دەنووسێ و زۆر ئاساییە. مادام پێکهاتنی گشتیی لەسەرە هیچ گیروگرفتێ سەرهەڵنادات و باس ناکرێت..

زمان دیاردەییێکی زیندووە هەمیشە لە جووڵە و گۆڕین دایە. سروشتێکی سرکی جیوەیی هەیە. نووسین وشك و وەستاوە.بۆیە هەرگیز نووسین ناتوانێ بەبەردەوامی پڕبەپیستی زمانەکە بێت. لەکاتی دانانی ئەلفوبێی هەر زمانێك تارادەییێکی زۆر نزیکی لەنێوان نووسین و زمانەکە بەدی دەکرێ. زۆری پێ ناچێ زمان و نووسینەکە لێك دەترازێن و گیروگرفتی ڕێنووس پەیا دەبێ و زیاد دەکات. هیچ زمانێکیش نیە گیروگرفتی ڕێنووسی نەبێ.

## چەند خاڵێکی یەکجار گرنك
## کە دەبیٚ ڕەچاو بکرێت لە ڕێنووسدا

بۆ دەست نیشانکردنی پیتەکان و چۆنینی لێکدانیان دەبیٚ کێشەی زمانەوانی و ڕێزمانی و دەنگسازی بخرێنە لاوە. هەرگیز نەهێنرێنە ئاراوە. ئەگینا هەرگیز ناگەین بە ئەنجام.

نووسین گەلیٚ جۆری هەیە. فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجی و سیلابیکی و ئەرتۆگرافی و تێکەڵ و... هەریەکە لەمانە بواری خۆی لە دەنگسازیدا هەیە. هەندیٚ لە زمانەوانانمان دەرکی جیاوازیی نێوان ئەمانە ناکەن، هەیە لە ڕوانگەی نووسینی فۆنەتیکییەوە بیر لە ڕێنووس دەکاتەوە، هەیە لە روانگەی فۆنۆلۆجییەوە و هەشە لە ڕوانگەی هەردوو ئاستەوە بە تێکەڵی..بۆیە زۆر لەو لایەنانەی کە بە گیروگرفتی لەقەڵەم دەدەن، بە پێوانەی بناماکانی ڕێنووس دانان نابنە گیروگرفت.

ڕێنووس و نووسین کە لە مێشکدا چەسپا بەرمەجە دەبیٚ. مرۆڤ بەسەر نووسین زاڵە و دەسەڵاتی بەسەریەتی نەك بەپێچەوانەوە. نووسین وتن ڕاناکێشیٚ. بۆنموونە ئەو جەن دێرەی سەرەوە بە ڕێنووسێکی شێواو بە فۆنتی عەرەبی دەخەینە بەرچاو :

**(نوسین کەلی جوری هەیە. فونەتیکی و فونولوجی و سیلابیکی و تیکەل و... هەریەکە لەمانە بواری خوی لە دەنکسازیدا هەیە. هەندی لە زمانەوانانمان دەرکی جیاوازیی نیوان ئەمانە ناکەن، هەیە لە ڕوانکەی نووسینی فۆنەتیکییەوە بیر لە ڕینووس دەکاتەوە، هەیە لە روانکەی فونولوجییەوە و هەشە لە ڕوانکەی هەردوو ئاستەوە بە**

**تیکەڵی..بویە زۆر لەو لایەنانەی کە بە کێروکرفتی لەقەلەم دەدەن، بە پیوانەی بناماکانی رینووس دانان نابنە کێروکرفت کە ڕێنوسەکە جەسبا).**

لەو بڕوایە دام هەر خوێنەرێکی کورد ئەمەی بە ئاسانی بۆ دەخوێنرێتەوە. چونکە ڕینووسی زمانەکەی لەمێشکیدا چەسپاوەو پرۆگرام کراوە. ئیستا نامەکانی بە مەسەج و بە کۆمبیوتەر دەنێررێن بەم ڕێنووسە دەنووسرێن و هیچ تەگەرەیێك لە خوێدنەوەیاندا نایەتە بەردەم.

سەدان وتار و لێکۆڵینەوە لەبارەی ڕێنووسەوە بڵاوبوونەتەوە هەر یەکە لە یەك لەو ڕوانگانەوە تێبینیی خۆی دەخاتە ڕوو. هەموو تێبینییەکان ڕاست و بەجێن بە پێی پێوانەکانی زمانەوانی، بەڵام ناشێ ئەم کێشانە بخرێنە ناو مەسەلەی ڕێنووسەوە، ئەگینا هەرگیز ناتوانین ڕێنووسێکی چەسپاو بهێنینە ئەنجام.

## هیچ زمانێك نیە ڕێنووسەکەی بێ گێروگرفت بێ

هیچ زمانێك نیە گێروگرفتی ڕێنووسی نەبێ. هەر هەوڵدانێکیش بۆ چارەسەرکردنیان گێروگرفتی تری زمانەوانی و غەیری زمانەوانی سەرهەڵدەدا. چ زمانێك بەقەد چینی و ئینگلیزی و عەرەبی گێروگرفتی ڕێنووسیان هەیە کەچی بریاریان داوە دەسکاریی نەکەن. چونکە بە دەسکاری کردنیان گێرو گرفتی تری ئاڵۆزتر و دژوارتر سەرهەڵدەدەن کە لەوانەیە هەرگیز چارەسەر نەکرێن. هیچ زمانێك بێ گێروگرفتی ڕێنووس نییە.هەر هەوڵدانێکیش بۆ چارەسەرکردنی

ڕێنووس گیروگرفتی تری زمانەوانی و غەیری زمانەوانی سەرهەڵدەدا.چ زمانێك بەقەد چینی و ئینگلیزی و عەرەبی، گیروگرفتی ڕێنووسیان هەیە کەچی بڕیاریان داوە دەسکاریی نەکەن. چونکە بە دەسکاری کردنیان گیرو گرفتی تری ئاڵۆزتر و دژوارتر سەرهەڵدەدەن کە لەوانەیە هەرگیز چارەسەرنەکرێن.هیچ زمانێکیش نییە ڕێنووسێکی یەکگرتووی هەبێ.[١]

بۆ دانانی ڕێنووس بۆ هەر زمانێك یەکەم دەبێ فۆنیمەکانی زمانەکە دەست نیشان بکرێ و بە جۆرەی فۆنیمەکانی پیتەکان دابنرێن. مەرجیش نیە و هەرگیز ناکرێ ژمارەی پیتەکان بەقەد دەنگ و فۆنیمەکانی زمانەکەبێت، هەرگیز هیچ زمانێکیش نیە و نەبووە ژمارەی پیتەکانی بەقەد فۆنیمەکانی بێ.

لە نووسینی زۆر لە زمانان پیت هەیە لە نووسینا بەکار دەهێنرێ کەچی لە ئەلفوبێکەیدا نییە. هەشە دەنگی وای تێدا هەیە کەچی پیتی بۆ نییە و هەیە هەمان دەنگ بە چەن جۆرێ دەنووسرێت و یا هەمان پیت چەن دەنگێ دەنوێنێ. زۆر وشە هەیە بەجۆرێ دەنووسرێ و بە جۆرێکی تر دوترێ.

هەندێ نموونە لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزییەوە دەهێنینەوە کە زۆربەی ڕۆشنبیری کورد ئاشنای ئەم دوو زمانەن.(هەر زمانێکی تر بە دەستەوە بگریت هەمان شتە).

١ - ئەلفوبێی نووسینی زمانی عەرەبی ٢٨ پیتی تێدایە کە لەم وشانەدا کۆکراونەتەوە ( **ابجد - هوز - حطي - كلمن — سعفص —**

**قرشت – ثخذ – ضظغ)** کەچی ( ى (الف مقصوره) ـ ة (تێی خڕ) – ئـ (هەمزەی سەر کورسی)– همزه الوصل – الفی مده ـ شده – بزوێنە کورتەکان...هتد) بەرچاو ناکەون.

**( ظ – ض ) و ( ت – ة ) ( ا – ى)** هەر جووتەی یەك دەنگ دەنوێنن.

زۆر وشە هەیە بەجۆرێ دەنووسرێ و بە جۆرێ دوترێ. کوا پیتی (ا) لە وشەی (هکذا – ذلك – اؤلئك).لەم دوو وشەیە ( دعا، سعی) (ا – ى) هاودەنگن.

هەر پیتەی بە سێ چوار جۆر دەنووسرێ بۆ نموونە دەنگی (ت) ( تـ ـ تـ ـ ـت ـ ت ـ ة)

زۆر جۆری تر لەم شێوازییەی ڕێنووسی زمانی عەرەبی[1].

٢ – لە زمانی ئینکلیزیدا لە ئەلفوبێکەیدا پیت نییە بۆ (ش – چ – ژ ) پیتی (ش) بە بێنج جۆر دەنووسرێت s – sh – t – ss – ch وەك لە she – sugar– machine – mission – station

دەنگی (ف) بە سێ جۆر دەنووسرێت (ph – gh – f ) وەك لە (tough – elephant – knife)

٣ – هیچ بزوێنێکی تیا نییە بە گەڵێ جۆر نەنووسرێ. بۆ نموونە:

٤ – (gh) لە night – through – though هیچ دەنگ نانوێنن.

٥ – هەر بزوێنێکی زمانی ئینگلیزی بە چەن جۆرێ دەنووسرێ و هەر یەکە بە چەند جۆرێ دەخوێنرێتەوە. بۆ نموونە لەم وشانەدا

:he – believe – Caesar – see – people – seize – sea – key – amoeba – busy - machine

( e – ie – ae – ee – eo – ei – ea – ey – oe – y – i) هەموو بە ( ی) دەخوێنرێنەوە.

لە وشەیbook و look دا (oo) بە (و) ئەخوێنرێتەوە.

لە وشەی bootوpoor وshoot , بە ( وو )

لە وشەی blood و flood بە ( ـە )

بە سەدان نموونەی تری لەم جۆرانە لە زمانی ئینکلیزی و زمانانی تردا بەرچاو دەکەوێ [٢].

ئەم شێواوی و ئاڵۆزییە و دوورکەوتنەوەی نووسین لە وتن، هەموو زمانی ئینگلیزیی گرتۆتەوە و وەك نووسینی ئیدیۆگرامی لێهاتووە. ئەبێ سپێل و جۆری نووسینی هەر وشەیێك بە لەبەرکردن لەبەربکرێ. **لەگەڵ ئەمەشا هیچ بایەخێکی نادرێتێ و بە گیروگرفتی نازانن و هەر باسی ناکەن.**

**بە بەراورد کردنی لە گەڵ گیروگرفتەکانی رێنووسی کوردی ئێمە کوا گیروگرفتمان ؟**

**کە رێنووسی زۆربەی زمانان ئەمە حاڵیان بێ ئێمە چی بڵێین ؟ ئیتر هەبوون و نەبوونی پیتێ یا چۆنیەتی نووسینی پیتێ، یا لەسەر (و) یێك... بۆ ببێ بە گیروگرفت ! ؟**

## هەنگاوەكانی دانانی ڕێنووس بۆ هەر زمانێك

بە دوو هەنگاو ڕێنووس بۆ هەر زمانی دادەنرێ : ١) دەسنیشان كردنی پیتەكان و ٢) چۆنیەتی لێكدانی پیتەكان لە ناو چوارچێوەی وشەكاندا.

### هەنگاوی یەكەم : دەسنیشان كردنی پیتەكان

بە گوێرەی هەنگاوی یەكەم ئەم ئەلفەبێیەی ئێستامان كە پێكهاتنێكی گشتیی لەسەرە بەم شێوەیە:

| | |
|---|---|
| وەستاوەكان | ئـ ب پ ت ج چ ح خ د ر ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ك گ ل ڵ م ن **هـ و ی** |
| بزوێنەكان | ا - ـە - و - وو - ۆ - ی - ێ |

ئەمە تا ڕادەیێكی زۆر لەگەڵ سیستەمی فۆنۆلۆجیی و دەنگەكانی زمانی كوردی دەگونجێت. دەسكاری كردنیان بە زیادكردن و كەم كردنی هەندێ پیت گیروگرفتەكان زیاتر وئاڵۆزتر دەكەن و هەرگیز جارەسەر ناكرێن.بەتایبەتی ئێستا كراونەتە فۆنت و خراونەتە كۆمپیووتەرەوە. چی تازە ئەم فۆنتانە دەگۆڕێ.؟

### ریزبوونی پیتەكان

كتێبە ڕێزمانییەكان و ئەو و باس و لێكۆڵینەوانەی كە لەبارەی ئەلفەبێی كوردیەوە ئەنجامدراون، پیتە ( وەستاو)consonant[1] و (بزوێنەكان) vowel لێك جیا دەكەنەوە.واتا بە دوو ریز دەیانخەنە روو. ڕیزی وەستاوەكان و ڕیزی بزوێنەكان. سەرباری ئەمەش

هەریەکە بە جۆرێ پیتەکان ریز دەکات.

جیاکردنەوەی وەستاو و بزوێنەکان تەنها لە شیکردنەوەی زمانەوانی و بواری فێرکاریدا دەگیرێتە بەر. بۆ رێزمان و فەرهەنگسازی و بەکارهێنانی گشتی دەبێ هەموو پیتەکان بە وەستاو و بزوێنەکانەوە تیك بچرژێنرێن و بکرێن بە یەك ریز و ریزکردنەکە بە پێی پێوانەکانی ستانداردی جیهانی بێ، وەك لە هەر زمانێکی تردا.

بۆ وەدیهێنانی ئەمە، بە لێکدانی هەردوو جۆر ( وەستاو و بزوێنەکان) پێتە هاوشێوەکان دەکەونە پاڵ یەك لیستەکە بەم جۆرەی خوارەوەی لێدێ:

| | |
|---|---|
| ئـ | وەستاو |
| ا | بزوێن |
| ب | وەستاو |
| پ | وەستاو |
| ت | وەستاو |
| ج | وەستاو |
| چ | وەستاو |
| ح | وەستاو |
| خ | وەستاو |
| د | وەستاو |

| | |
|---|---|
| ر | وەستاو |
| ڕ | وەستاو |
| ز | وەستاو |
| ژ | وەستاو |
| س | وەستاو |
| ش | وەستاو |
| ع | وەستاو |
| غ | وەستاو |
| ف | وەستاو |
| ڤ | وەستاو |
| ق | وەستاو |
| ك | وەستاو |
| گ | وەستاو |
| ل | وەستاو |
| ڵ | وەستاو |
| م | وەستاو |
| ن | وەستاو |
| هـ | وەستاو |
| هـ | بزوێن |
| و | وەستاو |
| و | بزوێن |

| | |
|---|---|
| وو | بزوێن |
| ۆ | بزوێن |
| ی | وەستاو |
| ی | بزوێن |
| ێ | بزوێن |
| 36 | |

( ئـ ا ب پ ت ج چ ح خ د ر ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ك گ ل ڵ م ن (هـ – ـە) (و – و) وو ۆ (ی – ی) ێ

بۆ لادان لە دووبارەکردنەوەیە لە(٣) هاوشێوەکاندا لە هەرجووتە یێکێکی لێ لادەبرێ دەمینێتەوە (٣٣) و ریزبوونەکە ئەم شێوەیە دەگرێتە خۆ:

**( ئـ ا ب پ ت ج چ ح خ د ر ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ك گ ل ڵ م ن هـ و وو ۆ ی ێ )**

ئەمە پێڕەوێکی ئابووری و لۆژیکییە بۆ ریزکردنی پێتەکان. سیمایەکی سیستەماتیکی بە رێزمانی کوردی و فەرهەنگسازی دەبەخشێ. لەگەڵ سروشتی ریزبوونی پێتەکانی جیهانیشدا دەگونجێ و لە هەموو زمانێکیشا بەم جۆرەیە.

**هەنگاوی دووەم : لێکدانی پیتەکان لەناو چوارچێوەی وشەکاندا**

بە گوێرەی چۆنیەتی لێکدانی پیتەکانە لە ناو چوارچێوەی وشەکاندا.

**١ – وشەی سادە:**

یەکێ لە ڕووە ئاسانەکانی نووسین و ڕێنووسی کوردی ئەوەیە چۆن دەوترێ ئاوا دەنووسرێ.بۆ وەدیهێنانی ڕێووسێکی یەکگرتوو ئەم خاڵانە ئەبێ ڕەچاو بکرێن:

١ - هەر وشەیێك بە بزوێن دەس پێ بکات،(ئـ)دەچێتە سەر بزوێنەکە:

ئازاد - ئەستێرە - ئیستا - ئۆباڵ – ئومێد - ئێرە

٢ - (و)ی کورت و (وو)ی درێژی بزوێن لێك جیادەکرێنەوە.

گوڵ – کورت - نوست - چوست - توند – ڕوبار

موو - پووش - بازوو - بلوور –

٣ - (و)ی وەستاو لە وشەی سادەدا لەسەرەتای وشە و بڕگەدا بە یەك (و) دەنووسرێ وەك:

وریا - ورد - وشە – ون - وشك - کاوڕ – هەور – چەور

٤ - (وو)ی بزوێن کە بە (وو)ی درێژ ناو دەبرێ لە (و)ی کورت جیادەکرێتەوە و لە سەرتای بڕگە و وشەدا دەرناکەوێ.

سنوور - پوور - بازوو - خەڵووز

دوو - موو - بازوو - بەڕروو - خەسوو

٥ - ئامرازی بەستن (و) کە دوو وشە یا دوو فرێز و ڕستە لێك دەدات لەناوەڕاستا دەنووسرێ، چونکە وشەیەکی سەربەخۆیە و سەر نە بە وشەی یەکەمە نە بە دووەم:

من و تۆ

هەوری بەرز و ئاسمانی شین

من هاتم و تۆ ڕۆیشتی

٦ - ئامرازی بەستن (ی) بە کۆتایی وشەی یەکەمەوە دەلکێ.

ئاسمانی شین - گوڵی سوور - برای تۆ

ئەگەر وشەکە بە (ی) کۆتایی هاتبێ، (ی) ی بەستنی دەبێ پێوە بلکێنرێ لەم حاڵەتەدا دەبن بە دوو (ی)

یاریی مناڵان - دیاریی بەنرخ

٧ - (ـە) ی بەستن لە وشەی لێکدراودا بە وشەی یەکەمەوە دەلکێ سپێس ناکەوێتە دوای وشەکە چونکە (هەردوو وشە سادەکە) یەك وشەی تر پێك دەهێنن.

گۆڵەگەنم - بەردەباران - چلەزستان - مانگەشەو - گەرمەتا

٨ - (ـە) ی بەستنی ناو بە ئاوەڵناوەوە بە کۆتایی وشەی یەکەمەوە دەلکێ، سپێس دەکەوێتە نێوان وشەکان:

مناڵە جوانە لاسارەکە ئەم ژوورە تاریکە - شارە وێرانەکە - منالە جوانە لاسارەکە

٩ - (ڕ) ی قەڵەو لەهەر شوێنێکی وشەدا دەرکەوت وەك خۆی دەنووسرێ:

ڕزگار - ڕوو - ڕەنگ - بەردەڕەش - دەمڕاست - بێڕوو - پڕ

١٠ - (ی) کورت بێت درێژ بێت وەستاو بێت بزوێن بێت لە نووسینا لێك جیاناکرێنەوە.

گوڵی سوور - ئاسمانی شین

چیای بەرز – دۆی ترش

یاسای ڕێزمانی – یاریی منالآن

**٢ – وشەی لێکدراو و داڕێژراو**

١ - پێشگر و پاشگری چ مۆرفۆلۆجی چ سینتاکسی بە وشەکەوە دەلکێن:

ڕاهێنان – هەڵخستن – دۆزینەوە ـ هاتنەوە ـ هەڵگرتنەوە ـ

٢ - وشەکانی لێکدراو بە سەریەدا بێ سپێس لە نێوانیانا دەنووسرێن:

دڵپاك ـ دانساز ـ سەرخان ـ ڕووخۆ

**٣ – وشەی مۆرفۆسینتاکسی.**

کوردی زمانێکی پەڵۆسینسیتییە لەرووی مۆرفۆسینتاکسییەوە زۆر چالآکە.سروشتێکی سرکی جیوەیی هەیە بە ئاسانی ناگیرێ. هەمان وشە تیایدا دەشێ بە چەن جۆرێك بنووسرێ. بۆ نموونە:

هەڵم گرت / هەڵمگرت

هەڵتان نەسپارد. / هەڵتاننەسپارد

رایان کرد. / ڕایانکرد

لایان نەدا / لایاننەدا

هەڵی ناگرین / هەڵیناگرین

جێ بە جێ کردن / جێبەجێ کردن / جێبەجێکردن

بێ بەش / بێبەش

هیچ پێوانەییێکی زمانەوانی نییە بڵێ کام لەم داڕشتنانە راستە.

ئەمەیە گیروگرفتی سەرەکی لە ڕێنووسی کوردیدا. ئەم بەشە لە ژوور دەسەڵاتی زمانەوانیدایە.

لێکۆڵینەوە دەریدەخات کە زۆربەی نووسەران پێڕەوی هەردوو جۆر دەکەن. زۆربەی ئەو وشانەی لەدوو بەش پێك دین بەسەر یەکەوە دەیاننووسن و ئەو وشانەی لە زیاتر لە دوو بەش پێك دێن هەندێ جار بە جیا دەیان نووسن و هەندێ جار دووبەشی بەسەر یەکەوە و بەشێکی بەجیا.

لەم قۆناغەدا ناکرێ هیچ یاسایێك دانرێ بۆ ئەم لایەنە.

من وای بە باش دەزانم و وا پێشنیاز دەکەم، با چۆن ڕۆیشتووە با هەروا بمینێ.چونکە هەرچۆنێکی بنووسیت لێڵی دروست ناکات و هەممو ئەوانەی باسی گیروگرفتی ڕێنووسی کوردییان کردووە تخون ئەم لایەنە نەکەوتوون، ئەمە بەگەیە کە ئەم لایەنە نەبۆتە گیروگرفت و بیری لێ نەکراوەتەوە.

هەر یاسایێکی بۆ دابنرێت پێڕەو ناکرێت. نووسینی وشە بە دوو جۆر دیاردەیێکی باوەلە زۆر زماناندا. لە زمانی عەرەبی[٣] و ئینگلیزی [٤] و هەر زمانێکی تر بەدەستەوە بگریت زۆر وشەیان تیدایە کە بە دوو جۆر دەنووسرێن. زمانەکە خۆی بە تێپەڕینی کات ئەم لایەنە سەروبەر دەکات.

**٤ – وشەی وەرگیراو لە زمانەکانی تر**

وشەکانی لە زمانانی تر وەرگیراو دەخرێنە سەر ڕێنووسی کوردی وەك ( ئیحتیمال ـ عومەر ـ ئەحمەد – سیڤی...)

**پەراوێزەکان**

١ – هیچ زمانێك بێ گیروگرفتی ڕێنووس نیه و هیچ زمانێك ڕێنووسێکی یەکگرتووی نیه.

لە بارەی نەبوونی ڕێنووسێکی یەکگرتووی زمانی عەرەبییەوە د. یحیی میر علم لە لێکۆڵینەوەییێکدا بە ناوی ( قواعد الإملاء في ضوء جهود المحدثين) دا کە پێشکەش بە کۆنگرەی حەوتەمی ساڵانەی کۆڕی زمانی عەرەبیی لە دیمەشق کردووە دەڵێ: {وقد حظيتْ قواعد الإملاء بغير قليل من الاختلاف، إذ طال الخُلْف بين المصنِّفين في كثيرٍ من قواعدها قديمًا وحديثًا، ولا تزال الأصواتُ تجأرُ بالشكوى من عُسْرها، ولم تُقَل كلمةُ الفصل في كثير من قضاياها، كما أن الباب ما زال مشرعًا للمجتهدين وصولا إلى كلمةٍ سواءٍ تجمع الكاتبين من أبناء العربية والناطقين بها والدارسين لها على قواعدَ معياريةٍ وموحدة للإملاء العربي، وتحافظ على الأصول والمبادئ، وتتسم بالسهولة والمرونة والتيسير والتجديد، وتتجاوز مواضع الاختلاف الكثيرة، وتلغي تعدّد صور الرسم للكلمة الواحدة.}.

من أبحاث المؤتمر السنوي السابع لمجمع اللغة العربية بدمشق
١٩/٣/٢٠١٢ – ٢/٤/٢٠١٢

بۆ زانیاریی زیاتر و گیروگرفتە ئاڵۆزەکانی ڕێنووسی زمانی عەرەبی سەیری ئەم ماڵپەڕە بکە:

http://www.alukah.net/Literature_Language/0/5166/#ixzz2bZ5Sa4ZL

لە ساڵی ٢٠٠٩ دا کتێبێك بە ناونیشانی (مرجع الطلاب في الاملاء)

له دار ابن الهيپم ـ القاهره نووسينى

ابراهيم شمس الدين ٣٢٠ لاپەڕەیە. هەمووی ڕێنماییە بۆ قوتابییان. سەیری پاشکۆ ژ ٢ بکە.

٢ – بۆ گیروگرفتەکانی ڕێنووسی زمانی ئینگلیزی سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە.

وریا عومەر ئەمین(٢٠٠٨) ئەلفوبێی جیهانی. ڕۆژنامەی بەدرخان ژ ٨٩ ی ٢٠٠٨/١/٢٢

٣ – زمانی عەرەبی بە سەدان وشەی تێدایە بە زیاتر لە جۆرێ دەنووسرێن،وەك:

مسْئُول – مسْؤُول

قرَأُوا – قرَؤُوا – قرَءُوا – قرَوُّا

بناؤه ـ بناءه ـ بنائه

صلاة ـ صلوة

سەیری ڕێنووسی قورئانی پیرۆز بکە و بەراوردی بکە لەگەڵ ڕێنووسی تر، دەردەکەوێ کە زمانی عەرەبی هەرگیز ڕێنووسێکی یەکگرتووی نیە گیروگرفتەکانی گەلێ لەی ئێمە ئالۆزتر و دژوارترە.

٤ – زمانی ئینگلیزی بە سەدان وشەی تێدایە بە زیاتر لە جۆرێ دەنووسرێن،وك:

*aroplane*, airplane /*analyse*, analyze /*armour*, armor / *axe*, ax /*behaviour*, behavior/ / *catalogue*, catalog /*colour*, color / *favourite*, favorite /*grey*, gray /*tyre*, tire / *labour*, labor /*tumour*, tumor

سەیری پاشکۆ ژ ١ بکە

**سەرچاوەکان**


**ئەکادیمییای کوردی** (٢٠٠٩) راسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی (١٢/٤ و ٨/٩ ی ٢٠٠٩)

**ئەوڕەحمانی حاجی مارف** (١٩٧٤) کورتەیێکی مێژووی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. ب٢ ژ١ ز بەغداد.

__________ (١٩٨٢) گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد. ب

**ئیبراهیم ئەمین باڵدار** (١٩٨٢) زەنگی کاروانی ڕێنووس. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد. ب٩.

**بەدران ئەحمەد حەبیب** (٢٠٠١) پرۆژەی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی. هەولێر.

**تاهیر سادق** (١٩٦٩) ڕێنووسی چۆنیەتیی نووسینی کوردی. چ..شیمال. کەرکووك.

**توفیق وەهبی** (١٩٢٩) دەستووری زمانی کوردی. جزمی یەکەم. بەغداد.

__________ (١٩٢٥) کوردییەکەمان بە چۆن حرووفێك بنووسین. گ. دیاریی کوردستان. ژ ٥ و ٦.

**جەمال عەبدول** (١٩٨٥) فەرهەنگی قوتابی (ئینگلیزی – کوردی). چ. دار افاق عربیه. بغداد.

**جەمال نەبەز** (١٩٧٦) زمانی یەکگرتووی کوردی. بامبێرگ.

**حامید فەرەج** (١٩٧٦) رێنووسی کوردی لە سەدەیەکدا. چ..کۆڕی زانیاریی کورد. بەغداد.

**ڕاگەیاندنامەی کۆتایی سیمیناری زمانی کوردی**.(١٩٩٨) — هەولێر ( ٢٠ و ٢٢ /٩/ ١٩٩٨).

**شاکر فەتاح ئەحمەد** (١٩٨٢) گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. ب٩.

**عومەر عەبدولڕەحیم** (١٩٨٢) ڕێنووسی کوردی. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد. ب٩.

**فاضل نظام الدین** (١٩٩٠) ئەستێرە گەشە ـ فەرهەنگێکی کوردی — عەرەبیە.ژ. الفنون. بەغداد

**کامیل بەسیر** (١٩٨٢) خاڵبەندی بۆ ڕێنووسی کوردی. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد. ب٩.

**کوڕی زانیاریی عیراق — دەستەی کورد** (١٩٨٥) ڕاسپێرییەکانی لێدوانی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی.(١٨و١٩/ ١٢/١٩٨٥) بەغداد.

**گیوی موکریانی** (١٩٦١) فەرهەنگی مەهاباد. چ. کوردستان. هەولێر.

**مستەفا نەریمان** (١٩٨١) ڕێنووسی کوردی لە ڕەگ و ڕیشەوە.دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی. زنجیرەی زمان (٥). بەغداد.

**مەسعوود محەمەد** (١٩٧٨) بەرەو ڕاستە شەقامی ئاخاوتنی کوردی. چ..کۆڕی زانیاریی کورد. بەغداد.

**محمد معروف فتاح** (١٩٨٢) نووسینی کوردی لە ڕوانگەی فۆنۆتیکەوە. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق — دەستەی کورد. ب٩. بەغداد.

**نوری عەلی ئەمین** (١٩٧٦) ڕابەڕێ بۆ ئیملای کوردی. چ. سلمان الاعزەمی. بەغداد.

**نوری عەلی ئەمین** (١٩٦٠) ڕێزمانی کوردی. چ. کامەران. سلێمانی.

**وریا عومەر ئەمین** (١٩٨٢) ئیملای کوردی و چەن تێبینییەك. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد. ب٩

**وریا عومەر ئەمین** (٢٠٠٨) ئەلفوبێی جیهانی. ڕۆژنامەی بەدرخان ژ ٨٩ ی ٢٠٠٨/١/٢٢

**وریا عومەر ئەمین** (٢٠١١) گیروگرفتەکانی نووسینی کوردی بە لاتینی. کۆنگرەی زمانەوانی (١٩–٢٠١١/٩/٢٢) ل١٣٨–١٥٢

**وریا عومەر ئەمین** (٢٠١٢) بە ستانداردکردنی ڕیزبوونی پیتەکانی نووسینی کوردی. گ. ئکادیمیای کوردی. ژ ٢١ ل ٧٥ – ٨٨

**وریا عومەر ئەمین ( ٢٠١٣) ڕێنووس و چەند پرسیارێك. ڕۆژنامەی چاودێر. ژ ٣٧٥ و ٣٧٦ ی ٨/٢٦ و ٩/٢ ی ٢٠١٣. دیمانەی هەرێم عوسمان.**

**وریا عمر امین، شەفیق قەزاز، محمد وەسمان و شوان یابە** (٢٠١٠) بیبلیۆگرافیای ئەکادیمیی کوردی – بەشی یەکەم ـ زمان ـ ب ١. چ سپیرێز. دهوك

**• ئەم باسەم بە ناوی لیژنەی ڕێنووسی ئەکادیمیاوە بڵاو کراوەتەوە**

# پاشکۆ ۱

## هەندێ لەو وشە ئینگلیزییانەی بە دوو جۆر دەنووسرێن :

| | | | |
|---|---|---|---|
| *aroplane*, airplane | *distil*, distill | *italicise*, | *routeing*, |
| *asthetic*, esthetic | *doughnut*, | italicize | routing |
| *ageing*, aging | donut | *gaol*, jail | savory, |
| *aluminium*, aluminum | *draught*, | *jewellery*, | *savoury* |
| *amœba*, ameba | draft | jewelry | *sceptic*, |
| *anœmia*, anemia | *dreamt*, | *judgemen*, | skeptic |
| *anœsthesia*, anesthesia | dreamed | judgment | show, |
| *analyse*, analyze | *emphasise*, | *kerb*, curb | show or |
| *analogue*, analog | emphasize | *kilometre*, | shew |
| *annexe*, annex | *encyclopaed* | kilometer | *signallin*, |
| *apologise*, apologize | *ia*, | *labour*, | signaling |
| *archæology*, archeology | encyclopedi | labor | *skilful*, |
| *armour*, armor | a | *leapt*, | skillful |
| *arse*, ass | *anology*, | leaped | *pædiatric*, |
| *artefact*, artifact | enology | *learnt*,lear | pediatric |
| *authorise*, authorize | *enrolment*, | ned | *pædophile* |
| *axe*, ax | enrollment | *leukœmia*, | , |
| *behaviour*, behavior | *equalling*, | leukemia | pedophile |
| *caesium* or *cæsium* | equaling | *licence*, | *pyjamas*, |
| *chamomile*, camomile | *asophagus*, | license, | pajamas |
| *cancelled*, canceled, | esophagus | but always | *paralyse*, |
| *carburettor*, carburetor | *astrogen*, | licensing | paralyze |
| *catalogue*, catalog | estrogen | *liquorice*, | *parlour*, |
| *centre*, center | *oedema*, | licorice | parlor |
| *cheque*, check | edema | *light*, lite | *pedagogue* |
| *chequer*, checker | *favourite*, | version of | , pedagog |
| *cypher*, cipher | favorite | a product | *plough*, |
| *civilise*, civilize | *fœces*, feces | *litre*, liter | plow |
| *colonise*, colonize | *fibre*, fiber | *manœuvr*, | *practise*, |
| *colonisation*, colonization | *fœtid*, fetid | maneuver | practice – |
| *colour*, color | *fœtus*, fetus | *marvellou* | as a verb |
| *cosy*, cozy | *flautist*, | *s*, | *pretence*, |
| *counsellor*, counselor | flutist | marvelous | pretense |
| *counselling*, counseling | *flavour*, | *mediæval*, | *prise*, |
| *defence*, defense | flavor | medieval | prize – the |
| *demagogue*, demagog | *fulfil*, fulfill | *metre*, | verb |
| *dialled*, dialed | *furore*, furor | meter | *programm* |
| *dialler*, dialer | *gaol*, jail | *modelling*, | *e*, program |
| *dialogue*, dialog | *generalise*, | modeling | *quarrelled* |

| | | | |
|---|---|---|---|
| *diarrhœa*, diarrhea<br>*disc*, disk<br>*distention*, *distension* | generalize<br>*glycerine*, glycerin<br>*grey*, gray<br>*gynæcology*, gynecology<br>*hæmophilia*, hemophilia<br>*haematology*, hematology<br>*haem*, heme<br>*harbour*, harbor<br>*harmonise*, harmonize<br>*harmonisation*, harmonization<br>*homologue*, homolog<br>*honour*, honor<br>*humour*, humor<br>*instalment*, installment | *mould*, mold<br>*mollusc*, mollusk<br>*moult*, molt<br>*mum*, mom<br>*monologue*, monolog<br>*moustache*, mustache<br>*moisturiser*, moisturizer<br>*neighbour*, neighbor<br>*anology*, enology<br>*asophagus*, esophagus<br>*astrogen*, estrogen<br>*odour*, odor<br>*offence*, offense<br>*omelette*, omelet<br>*organisation*, organization<br>*orthologue*, ortholog<br>*rigour*, rigor | , quarreled<br>*quarrelling*, quarreling<br>*realise*, realize<br>*realisation*, realization<br>*specialit*, specialty<br>*spelt*, spelled<br>spoiled, *spoilt*<br>*sulphur*, sulfur<br>*theatre*, theater<br>*tyre*, tire<br>*tranquillity*, tranquility<br>*travelled*, traveled<br>*traveller*, traveler<br>*travelling*, traveling<br>*tumour*, tumor<br>*urbanisation*, urbanization<br>valor, *valour*<br>*vice*, vise, *vyce*<br>*victual*, vittle<br>vigor, *vigour* |

## پاشکۆ ٢

ئەمە لیستەیێکە بە ناونیشانی سەدان لەو کتێب و باس و لێکۆلینەوانەی لەبارەی گیروگرفتەکانی ڕێنووسی عەرەبییەوە نوسراون بەڵگەن بۆ زۆری گیروگرفتی ڕێنووسی نووسینی زمانی عەرەبی کە زۆر لە زمانەوانان وای بۆ دەچن کە زمانی عەرەبی بێ گیروگرفتە بۆ ئەوەی کە بزانرێ مەسەلەی ڕێنووس لە هەموو زمانێکا کێشەدارە. ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە هیچیان ڕەچاو نەکراون.

کتب و دراسات و مقترحات عن مشاكل املاء اللغة العربية

- الأخطاء الإملائية في الكتابة العلمية، د. جمال عبد العزيز أحمد.
- الأخطاء الشائعة في الإملاء، حسن شحاتة.
- أدب المملي، جمعية تأليف الكتب العربية، مصر ١٣٣٠هـ.
- أساسيات في تعلم مبادئ الإملاء والترقيم، سليم سلامة الروسان، ط. ثانية، ١٩٨٩م.
- أصول الإملاء، د. عبد اللطيف الخطيب، دار سعد الدين، دمشق، ط. الثالثة، ١٩٩٤م.
- أصول الكتابة العربية، الباجقني.
- ألف باء في قواعد الإملاء، محمد بن سليمان البلوي وسلمان بن مسلم البلوي، ط. أولى ١٤٢٧هـ/٢٠٠٦م.
- الأمالي المبتكرة لتعليم الهمزة، سامي الدهان، المكتبة العصرية، حلب ١٩٣٥م.

- الإملاء بين النظرية والتطبيق، أحمد محمد هريدي و أبو بكر علي عبد العليم، مكتبة ابن سينا، القاهرة ١٩٩٦م.
- الإملاء التعليمي، د. شوقي المعري، دار الحارث، ط. أولى، دمشق ٢٠٠٣م.
- الإملاء الصحيح، عبد الرؤوف المصري، مكتبة الأندلس، القدس، ١٩٦٨م.
- الإملاء العام، إلياس نصر الله حداد، بيروت، المطبعة الشويرية ١٩٥٠م، وطبعة ١٩٩٥م.
- الإملاء العربي، أحمد قبش، مطبعة زيد بن ثابت، ط. ثانية، دمشق، ١٣٩٧هـ/١٩٧٧م، دار الرشيد، دمشق وبيروت، ١٩٨٤م.
- الإملاء العربي، خالد يوسف، ط. ثانية، دار علاء الدين، دمشق، ١٩٩٨م.
- الإملاء العربي، زين العابدين التونسي، المكتبة الهاشمية، دمشق ١٣٤٧هـ.
- الإملاء العربي الميسر الشامل المجدول، فيصل حسين طحيمر العلي، مؤسسة علوم القرآن ودار ابن كثير، عجمان وبيروت، ١٩٩٠م.
- الإملاء الفريد، نعوم جرجيس زرازير، مطابع النعمان، النجف، ط. الخامسة، ١٩٧٣م.
- الإملاء المبسّط، خالدية شيرو، دار ومكتبة الهلال، بيروت، ٢٠٠١م.

- الإملاء المبسط، عبد القادر محمد مايو، دار القلم العربي، حلب، ط. ثانية، ١٤٢٥هـ/٢٠٠٤م.
- الإملاء الميسّر، زهدي أبو خليل، دار أسامة، عمان، ط. أولى، ١٤١٩هـ/١٩٩٨م.
- الإملاء الميسّر، يحيى يحيى، دار ابن حزم، بيروت، ١٩٩٩م.
- الإملاء والترقيم في الكتابة العربية، عبد العليم إبراهيم، مكتبة غريب، القاهرة، ١٩٧٥م.
- الإملاء وتمرين الإملاء، الشيخ حسن والي، مصر ١٣٢٢هـ.
- الإملاء والخط، فهد خليل زايد، دار النفائس، عمان، ط. أولى، ١٤٢٧هـ/٢٠٠٧م.
- الإملاء والخطّ في الكتابة العربية، حلمي محمد عبد الهادي، ط. أولى، ١٩٨٥م.
- الإيجاز في الإملاء العربي، ريم نصوح الخياط و يوسف علي البديوي، ط. أولى، ٢٠٠٥م.
- تأويل ما له أكثر من وجه إملائي في العربية، د. عبد الفتاح الحموز، مجلة الضاد، بغداد، الجزء الثاني ١٤٠٩هـ/١٩٨٩م.
- تاريخ الكتابة العربية وتطورها وأصول الإملاء العربي، محمود حاج حسين، وزارة الثقافة، دمشق ٢٠٠٤م.
- تحفة المراكز العلمية في القواعد الإملائية، عبد القوي العديني.
- الترقيم، عبد الرؤوف المصري، مكتبة الاستقلال، عمان، ١٩٢١م.

- الترقيم: تاريخه وماهيته وتطور علاماته، موريس أبو السعد ميخائيل، مجلة الرياض، مجلد ١٠، جزء ١، ص ١٤٥–١٦٤، شعبان ١٤٦٥هـ/يناير ١٩٩٥م.
- الترقيم وعلاماته في اللغة العربية، أحمد زكي باشا، تقديم وعناية عبد الفتاح أبو غدة، مكتب المطبوعات الإسلامية، حلب، ط. الثالثة، ١٤١٦هـ / ١٩٩٥م.
- تسهيل الإملاء، عارف النكدي، مجلة مجمع اللغة العربية بدمشق، المجلد ٣٨، ج ٤، ١٩٦٣م، ص ١١١–١٢١.
- تسهيل الإملاء، فهد أحمد الجباوي، دار القلم، دمشق، ط. الثانية، ١٤٢٢هـ / ٢٠٠١م.
- تسهيل الإملاء، عمر يحيى وأسعد طلس ولطفي الصقال، مطبعة جريدة الشام، دمشق ١٩٣٨م.
- تسهيل قواعد الإملاء العربي، عبد المجيد حسن ولي، بغداد، منشورات مكتب آفاق عربية، ١٩٨٥م.
- تطور الكتابة العربية، السعيد الشرباصي، مصر، ١٩٤٦م.
- تعلّم الإملاء بنفسك، د. محمد علي الخولي، طبعة دار العلوم، الرياض ١٤٠٢هـ/١٩٨٢م، وطبعة دار الفلاح للنشر والتوزيع، الأردن، ١٩٩٨م.
- تعلّم الإملاء وتعليمه في اللغة العربية، نايف محمود معروف، دار النفائس، ط. أولى، والطبعة السادسة، بيروت، هـ ١٤٢٠هـ/١٩٩٩م.

- التقرير النهائي لتجربة تيسير الكتابة العربية، المنظمة العربية للتربية والثقافة والعلوم، القاهرة ١٩٧٦م و ١٩٧٧م.
- تقويم اليد واللسان، رفيق فاخوري ومحيي الدين درويش، ذكره صلاح الدين زعبلاوي في (معجم أخطاء
الكتّاب) في كلامه على "هذا ضَوْءُه" (نقلا عن الصديق الأستاذ مروان البواب).
- تيسير الإملاء العربي، محمد بهجة الأثري، مجلة مجمع اللغة العربية بالقاهرة، ج ١٢، ١٩٦٠، ص ١٠٩-١١٤.
- تيسير الكتابة، يونس عبد الرزاق السامرائي، مطبعة الرسالة، بغداد ١٩٥٥م.
- تيسير الكتابة العربية، مجلة مجمع اللغة العربية، القاهرة ١٩٤٦م.
- تيسير الكتابة العربية، مجمع فؤاد الأول ١٩٤٦م. و مجمع اللغة العربية بالقاهرة، ١٩٦١م.
- تيسير الكتابة العربية وضبط قراءتها باستعمال الحروف اللاتينية، داود الجلبي الموصلي، مطبعة آل حداد، الموصل ١٩٤٥م.
- تيسير كتابة الهمزة، د. عبد العزيز نبوي و د. أحمد طاهر، القاهرة، ١٩٨٩م.
- تيسير الهجاء العربي، أحمد الإسكندري، مجلة مجمع اللغة العربية، القاهرة، ج١، ص ٣٦٩-٣٨٠، ١٣٥٣هـ/ ١٩٣٤م.
- الجديد في الإملاء، صالح عبد الرحمن الراشد، مكتبة الرياض، السعودية.

- الحروف اللاتينية لكتابة العربية، عبد العزيز فهمي باشا، القاهرة، مطبعة مصر، ١٩٤٤م.
- حول الألف اللينة، محمد شوقي أمين، مجلة مجمع اللغة العربية بالقاهرة، ج ٤٨، ص ٢١-٢٤، ١٩٨١م.
- خلاصة الإملاء، مجيد شاكر، مطبعة النهضة الأدبية، ط. ثانية، القاهرة، ١٣٣١هـ/١٩١٣م.
- الخلاصة في قواعد الإملاء وعلامات الترقيم، نبيل مسعد السيد غزي، دار غريب، القاهرة ٢٠٠٠م.
- دراسات في علم الكتابة العربية، د. محمود عباس حمودة، مكتبة غريب، القاهرة، بلا تاريخ.
- دراسة الأخطاء الإملائية، مجموعة من الأساتذة، وزارة التربية، مركز البحوث التربوية والمناهج.
- دراسة في قواعد الإملاء، د.عبد الجواد الطيب، دار الأوزاعي، ط. ثانية، بيروت ١٤٠٦هـ/١٩٨٦م.
- دروس إملائية بتخطيط تربوي سليم، فاطمة النجار، دار البيان العربي.
- دلائل الإملاء وأسرار الترقيم، عمر أوكان، أفريقيا الشرق، بيروت، ١٩٩٠م.
- دليل الإعراب والإملاء، أحمد أبو سعد، بيروت، دار العلم للملايين ١٩٨٤م.

- دليل الإملاء وقواعد الكتابة العربية، فتحي الخولي، القاهرة ١٩٧٣م، الطبعة الخامسة، جدة ١٤٠١هـ/١٩٨٢م، مكتبة المنهل، جدة، ومكتبة وهبة، القاهرة ١٩٨٨م.
- دليل الإملاء والكتابة، د. عامر سعيد، مكتبة المنار الإسلامية، الكويت.
- دليل توحيد ضوابط الرسم الإملائي للكتابة العربية، المركز العربي للبحوث التربوية لدول الخليج العربي، الكويت ١٤٢٥هـ/٢٠٠٤م.
- رأي في إصلاح قواعد الإملاء العربي، محمد بهجة الأثري، مجلة المجمع العلمي العراقي، المجلد ٤، ١٩٦٥م، ص ٣٢٠– ٣٢٦، وانظر (الدراسات اللغوية في العراق ص ٢١٥–٢١٦) د. عبد الجبار جعفر القزاز.
- رسالة في تيسير الإملاء القياسي، إلياس عطا الله، مكتبة لبنان، ناشرون، بيروت ٢٠٠٥م.
- رسالة في الكتابة العربية المنقحة، أنستاس الكرملي، بغداد، ١٩٣٥م.
- سراج الكتبة شرح تحفة الأحبة في رسم الحروف العربية، مصطفى طموم، مصر، ١٣١١هـ، مصورة دار البصائر بدمشق عن طبعة بولاق، ط. ثانية، ١٤٠٠هـ / ١٩٨٠م.
- الشامل في الإملاء، د. محمد حسن الحمصي، دار الرشيد، دمشق، ط. الأولى، ١٤٢١هـ / ٢٠٠٠م.

- صوى الإملاء لطلاب الحلقتين الإعدادية والثانوية، محمود الصافي، دار الإرشاد، حمص، ط. ثالثة، ١٩٨٤م.
- طريقة تصحيح الإملاء وتأثيرها في أداء تلاميذ الإملائي، د. أمين الكخن، مجلة دراسات، الجامعة الأردنية،ع ١، سنة ١٩٨٣م.
- علم الإملاء، أحمد عبد الجواد، دار الفكر، دمشق، ط. الأولى١٤٠٢هـ/ ١٩٨٢م.
- علم الإملاء: قواعد وأمثال وحكم، مطبعة محمد هاشم الكتبي، دمشق، بلا تاريخ.
- علم كتابة اللغة العربية والإملاء، د. حسني عبد الجليل يوسف، دار السلام للطباعة والنشر والتوزيع، ط. الأولى، القاهرة ١٤٢٧هـ/٢٠٠٦م.
- علّم نفسك قواعد الإملاء، حسن سعد، دار اللطائف للنشر والتوزيع، مصر.
- فاكهة الإملاء العربية، عرفات منصور، مطبعة الإخوان، سنغافورة، ١٣٣٤هـ.
- فن الإملاء في العربية، د. عبد الفتاح الحموز، جزءان، دار عمار للنشر والتوزيع، الأردن، ط. الأولى، ١٤١٤هـ / ١٩٩٣م.
- فنّ الترقيم: أصوله وعلاماته في العربية، عمان، دار عمار للنشر، ط.أولى ١٤١٤هـ، ١٩٩٢م.
- فنّ الكتابة، عبد المعطي شلبي، المكتب الجامعي الحديث، الإسكندرية، ط. أولى، ٢٠٠١م.

- فنّ الكتابة الصحيحة، محمود سليمان ياقوت، دار المعرفة الجامعية، الإسكندرية، ٢٠٠٣م.
- فنّ الكتابة وأساليبها، د. رشدي الأشهب، مؤسسة ابن رشد، القدس، ١٩٨٣م.
- في أساسيات اللغة العربية، الكتابة الإملائية والوظيفية، عبد العزيز نبوي، مؤسسة المختار، القاهرة ٢٠٠٣م.
- في تيسير الإملاء، مجلة مجمع اللغة العربية، القاهرة، ج ١٦، ١٩٦٣م، ص ٨٧–٩٠.
- في قواعد الكتابة والأخطاء الشائعة فيها، شرف الدين الراجحي، دار المعرفة الجامعية، الإسكندرية ٢٠٠٠م.
- قاعدة الأقوى لكل الهمزات، بشير محمد سلمو، القاهرة، ١٩٥٣م، ومجلة مجمع اللغة العربية بالقاهرة، مجلد ١٢، ص ١٢٠–١٢٢، وانظر نصّ القاعدة وبيانها في كتاب (تيسير كتابة الإملاء) ص٥٥–٦٢.
- القاعدة في تعليم القراءة والكتابة، معمر القدسي.
- قاموس الإملاء، عبد الحميد بدران، مصر ١٣٣٠هـ.
- قصّة الإملاء، أحمد الخوص، المطبعة العلمية، دمشق، ط. أولى ١٩٨٩م، وط. ثانية ١٩٩٢م، وط. ثالثة ١٩٩٥م.
- قصة الكتابة العربية، جمعة إبراهيم، القاهرة، دار المعارف ١٩٤٧م.
- القضايا الإملائية وطرق تدريسها في المرحلة الابتدائية، د. محمود شاكر سعيد.

- قواعد الإملاء، عبد السلام هارون، مكتبة الأمل، الكويت، ط. ثانية، ١٩٦٧م. وط. الثالثة، مكتبة الخانجي ١٣٩٦هـ/١٩٧٦م و ط. الرابعة، مكتبة الخانجي، مصر، ١٣٩٩ هـ/١٩٧٩م، وطبعة دار إيلاف الدولية، الكويت، ط. الأولى، ١٤٢٥هـ / ٢٠٠٤م.
- قواعد الإملاء، مجمع اللغة العربية، دمشق، ١٤٢٥هـ / ٢٠٠٤م.
- قواعد الإملاء، د. كافية رمضان، وحسن شحاتة، دار المعرفة، القاهرة، ١٩٨٣م.
- قواعد الإملاء، إبراهيم بن محمد الدوخي، وعبد العزيز بن محمد الفنتوخ، ط. السابعة، مكتبة الملك فهد الوطنية، ١٤١٧هـ/ ١٩٩٦م.
- قواعد الإملاء، حسين والي، مكتبة الأنجلو مصرية، القاهرة ١٩٨٥م.
- قواعد الإملاء، محمود معلا محمد، نشر المؤلف، ط. أولى ١٩٩٧م.
- قواعد الإملاء، د. محمد عبد الغفار حمزة.
- قواعد الإملاء، رشدي عبد الغني المصري، مراجعة محمد علي الموافي، إشراف عبد العزيز بن مانع و د. عز الدين إبراهيم، وزارة التربية والتعليم، قطر، ط. الحادية عشرة، ١٣٩٩هـ/١٩٧٩م.
- قواعد الإملاء العربي، محيي الدين درويش، حمص ١٣٥٢هـ.
- قواعد الإملاء العربي: نظرات في غابرها وحاضرها، د. عمر الدقاق، مجلة مجمع اللغة العربية بدمشق، ج٤، ص ٩٢٣–٩٤٥، ١٤١٩هـ/١٩٩٨م.

- قواعد الإملاء عند القدماء والمحدثين، د. مازن المبارك، دار البشائر، ضمن كتاب (مقالات في العربية) دمشق، ط. أولى ١٤٢٠هـ/١٩٩٩م، ص ١٣-
١٦٣.
- القواعد الإملائية، نبيل المغربي، الكتاب في الشابكة، موقع جمعية الدعوة إلى القرآن والسنة، مراكش، المغرب ٢٠٠٦
٢٠٠٦ وانظر موقع www.darcoran.net
- قواعد التحرير، أمين كيلاني، حماة، ١٣٤٣هـ.
- القواعد الغراء في تتميم خلاصة الإملاء، الشيخ شيخ بن علي بابصيل، دار إحياء الكتب العربية، مصر.
- قواعد الكتابة الإملائية: نشأتها وتطورها، محمد شكري و أحمد الفيومي، دار القلم، ط. ثانية، دبي، ١٩٨٨م.
- قواعد الكتابة العربية، خير الدين الأسدي، حلب، ١٣٤١هـ.
- قواعد الكتابة العربية، لجنة من الأساتذة، الهيئة العامة للتعليم التطبيقي والتدريب، الكويت، ١٩٨٥م.
- قواعد الكتابة العربية والإنشاء، د. عبد الواحد حسن الشيخ، كلية التربية، جامعة الإسكندرية.
- قواعد الكتابة والترقيم، يوسف سحيمات ود. عيسى فارس وياسين عايش، جامعة القديس المفتوحة ١٩٩٢م.
- قواعد الكتابة والترقيم والخط، سليم سلامة الروسان، ١٩٨٢، بلا مكان طبع، وطبعة عمان الأولى ١٩٨٩م.

- قواعد مقترحة لتوحيد الكتابة العربية، د.محمد علي سلطاني، دار الفكر، ط. أولى، دمشق، ١٤١٥هـ/١٩٩٥.
- القواعد الموحدة في الكتابة والإملاء، د. محمد علي سلطاني، مطبعة سفير، الرياض، ط. أولى ١٤١٠هـ/١٩٨٩م.
و ط. المكتب الإسلامي، بيروت، ودار النفائس، الرياض، ١٩٨٩م.
- الكافي في الإملاء والترقيم، د. جمال عبد العزيز أحمد.
- الكافي في قواعد الإملاء، حسني شيخ عثمان.
- الكامل في الإملاء، كمال أبو مصلح، المكتبة الحديثة، بيروت، ط. أولى، ١٩٧٣م.
- كتاب الإملاء، الشيخ حسين والي، القاهرة ١٩١٣م، ودار العلم، بيروت، ط. أولى، ١٤٠٥هـ/ ١٩٨٥م.
- كتاب الإملاء، كمال اليازجي، دار الكتب العلمية، ودار الجيل بيروت ١٩٨٦م.
- الكتابة الصحيحة، زهدي جار الله، المكتبة الأهلية، بيروت، ط. ثالثة ١٩٧٧م.
- كتابة الهمزة، راضي دخيل، مجلة مجمع اللغة العربية بدمشق، المجلد ٩، ١٩٣٩م.
- الكتابة وقواعد الإملاء، عبد الله علي مصطفى، دار القلم، ط. أولى، دبي، ١٩٩٠م.
- كيف تتعلّم الإملاء وتستخدم علامات الترقيم، ياسر سلامة، دار عالم الثقافة، عمان، ٢٠٠٣م.

- كيف تكتب الهمزة؟ د. سامي الدهان، دار الشروق العربي، بيروت وحلب، بلا تاريخ.
- كيلا نخطئ في الإملاء وعلامات الترقيم، حسن شيخ عثمان، دار المنارة للنشر والتوزيع.
- لآلئ الإملاء، محمد مامو، اليمامة للنشر والتوزيع، دمشق و بيروت، ط. الرابعة، ١٤٢٦هـ / ٢٠٠٥م.
- لباب الإملاء، عبد الله جاد وعبد الفتاح خليفة، مطبعة أحمد كرارة، القاهرة.
- اللغة العربية أداءً ونطقًا وإملاءً وكتابةً، فخري محمد صالح، المنصورة، دار الوفاء، ط. أولى، ١٤٠٧هـ/ ١٩٨٧م.
- اللغة العربية إملاء وكتابة، فخري محمد صالح، دار الوفاء، المنصورة.
- اللغة العربية ومشاكل الكتابة، البشير بن سلامة، الدار التونسية، تونس، ١٩٧١م، و ط. دار التراث الإسلامي ١٩٧٥م.
- مباحث في الترقيم، صالح بن محمد الأسمري، دار ابن الأثير، الرياض ٢٠٠٢م.
- المبسط في الإملاء، فؤاد فيصل الربيعان، مراجعة د. عبد اللطيف الخطيب، ط. الثانية، ١٤٢٣هـ/٢٠٠٢م.
- مذكرة في قواعد الإملاء، د. أحمد محمد قدور، دار الفكر، دمشق، ط. أولى، ٢٠٠٢م.
- مراقي النجابة، عبد السلام القويسني، مصر، ١٣٢٧هـ.

- مرجع الطلاب في الإملاء، إبراهيم شمس الدين، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠١م.
- المرجع في قواعد الإملاء، راجي الأسمر، جروس برس، ط. أولى، طرابلس، لبنان.
- المرشد إلى معرفة الإملاء، عبد الكريم الدجيلي، بغداد ١٩٤٩م.
- مرشد الطلاب، أحمد عباسي، مصر، ١٣٣٢هـ.
- مرشد الطلبة والباحثين في أعراف الكتابة والرقانة والطباعة، مكتبة المعارف، الرباط، ١٩٨٥م.
- المرشد في الإملاء، محمود شاكر سعيد، ط. ثالثة، دار الشروق، عمان، ١٩٩٨م.
- المرشد في الإملاء، د. نبيل أبو حلتم، دار أسامة، عمان، ط. رابعة، ١٤١٩هـ/١٩٩٨م.
- المرشد في كتابة الهمزات، جلال صالح، دار الزيدي، الطائف، ط. أولى، ١٩٧٩م.
- مسالك التراث في النحو والصرف والإملاء، ياسين طربوش.
- المستشار في الإملاء والخطّ العربي، يوسف بدوي ويوسف الحاج أحمد وأحمد محمد السيد، دار ابن كثير، دمشق، ط. أولى، ١٩٩٤م.
- مشروع تيسير الإملاء، مجلة مجمع اللغة العربية بالقاهرة، ١٩٥٥م، ص ٩٥ – ١٠٥.

- مشكلة الهمزة العربية، د. رمضان عبد التواب، مكتبة الخانجي، القاهرة، ط. الأولى، ١٤١٧هـ / ١٩٩٦م.
- المطالع النصرية في الأصول الخطية للمطابع المصرية، أبو الوفاء نصر الهوريني، دار أضواء السلف للنشر والتوزيع ط. الأولى، ١٤٢٦هـ / ٢٠٠٥م.
- معالم الإملاء، دويدري وسطل، دار الحكمة، دمشق.
- معجم الإملاء، أدما طربيه، مكتبة لبنان، ناشرون، بيروت٢٠٠٠م.
- معجم الإملاء، محمد محيي الدين مينو، دبي ٢٠٠٣م.
- معجم الإملاء العربي، أكرم جميل قنبس، دار الوسام، الشارقة.
- معجم الإملاء العربي، غريد الشيخ، دار الراتب الجامعية، ط. أولى، ٢٠٠٦م.
- المعجم المفصل في الإملاء، ناصيف يمّين، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٢م و ١٩٩٩م.
- معجم الهمزة، أدما طربيه، مكتبة لبنان، ناشرون، بيروت، ٢٠٠٠م.
- معلّم الإملاء الحديث للطلاب والمعلمين والإعلاميين، محمد إبراهيم سليم، مكتبة القرآن، القاهرة، ١٩٨٧م.
- المغني في قواعد الإملاء، د.خليل إبراهيم، الأهلية للنشر ودار الوراق ودار النيربين، عمان، ط. أولى، ٢٠٠٢م.
- المفرد العلم في رسم القلم، أحمد الهاشمي، مصر، ١٣١٩هـ. والمطبعة التجارية، ط. الخامسة عشرة، ١٩٤٨م، وطبعة بيروت، دار الكتب العلمية، بلا تاريخ.

- مقاربة تاريخية لعلامات الترقيم، عبد الستار محمد العوفي، مجلة عالم الفكر، الكويت، ع ٢، ص ٢٦٥-٣١٨، ١٩٩٧م.
- ملحق قواعد العدد والإملاء، لوحة الهمزة، القاموس المحيط، الفيروز آبادي، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط. السادسة، ١٤١٩هـ/١٩٩٨م.
- ملخّص قواعد الإملاء، إبراهيم بن سليم.
- المنار في الإملاء العربي، سعاد الصايغ، مطبعة شوقي، عمان، ١٩٧١م.
- المنصف في الإملاء، عبد الجليل محمد زكريا، دار الإرشاد، حمص، ط. الأولى، ١٤١٩هـ/ ١٩٩٨م.
- الموجز، جميل سلطان، دمشق، ١٣٥١هـ.
- الموجه في الإملاء، فاطمة النجار، جدة، دار البيان العربي، ١٤٠٣هـ/١٩٨٣م.
- المورد في الإملاء، ياسين محمد سبيناتي، مكتبة العبيكان، الرياض، ط. أولى، ١٩٩٧م.
- موسوعة الإملاء العربي، نظام معتمد في أكثر من ٤٥ مدرسة ومعهد في عُمان، (الشبكة العالمية).
- موسوعة الإملاء كتابة ولفظاً، عبد المجيد الحرّ، دار الفكر العربي، بيروت، ٢٠٠١م.
- موسوعة الشامل في الكتابة والإملاء، موسى حسن الهديب، دار أسامة، الأردن، عمان، ٢٠٠٢م.
- معجم الإملاء العربي، غريد الشيخ، دار الراتب الجامعية، ط. أولى ٢٠٠٦م.

– نتيجة الإملاء، مصطفى عناني وعطية الأشقر، مصر ١٣٥٠هـ.
– نتيجة الإملاء وقواعد الترقيم، مصطفى عناني، مطبعة حجازي، القاهرة، ط. الخامسة، ١٩٣٧م. وطبعة دار النفائس، بيروت، ط. الأولى، ١٤٠٤هـ / ١٩٨٤م.
– النجابة في قواعد الكتابة، الشيخ مصطفى السفطي، ١٩٠٣م.
– نحو تقويم جديد للكتابة العربية، د. طالب عبد الرحمن، ط. أولى ١٩٩٩م.
– نخبة الإملاء، عبد الفتاح خليفة، مصر ١٣٤٥هـ.
– (نظرات في قواعد الإملاء) مراجعة لطبعة مجمع اللغة العربية بدمشق ٢٠٠٤م، د. يحيى مير علم، مقال نشر في مجلة الدراسات اللغوية، مركز الملك فيصل للبحوث والدراسات الإسلامية، الرياض، العدد ٤، المجلد ٨، شوال – ذو الحجة سنة ١٤٢٧ هـ، أكتوبر – ديسمبر ٢٠٠٦م.
– (نظرات في لوحة الألف) مكتب التوجيه الفني، وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية بدولة الكويت نهاية ٢٠٠٦م، د. يحيى مير علم، الشابكة (الإنترنت) موقع (الألوكة) ٢٠٠٨م وغيره.
– الهداية إلى ضوابط الكتابة، إبراهيم عبد المطلب، ط. السابعة، شركة مركز كتب الشرق الأوسط، القاهرة ١٩٧٢م.
– الهمزة في الإملاء العربي: المشكلة والحلّ، د. أحمد الخراط، ط. أولى، ١٤٠٨هـ/١٩٧٨م و ط. دار القلم، دمشق، ودار العلوم، بيروت ١٩٨٧م.

– الهمزة في اللغة العربية، دراسة لغوية، مصطفى التوني، القاهرة ١٩٩٠م.
– الهمزة مشكلاتها وعلاجها، د. أحمد شوقي النجار، الرياض ١٩٨٤م.
– الهمزة والألف ومدلولهما عند القدماء، د. مازن المبارك، مجلة كلية الدراسات الإسلامية، الإمارات العربية، ع٢،١٩٩٠م.
– الواضح في الإملاء العربي، محمد زرقان الفرخ، دار هدى وهبة، ط. الأولى ١٤١٣هـ / ١٩٩٣م.
– الواضح في الإملاء وعلامات الترقيم، يوسف عطا الطريفي، دار الإسراء، عمان، ط. أولى ٢٠٠٥م.
– الوجيز في قواعد الكتابة والترقيم، د. توفيق أسعد حمارشة.
– وسائل النهوض باللغة العربية وتيسير قواعدها وكتابتها، د. مصطفى جواد، دمشق، المؤتمر الأول للمجامع اللغوية العلمية ١٩٥٦م، وانظر (الدراسات اللغوية في العراق) ص ٢١٣ د. عبد الجبار جعفر القزاز.
– يسّروا النحو والكتابة، د. طه حسين، مجلة الآداب اللبنانية، السنة الرابعة.

# به ستانداردکردنی ڕیزبوونی پیتەکانی نووسینی کوردی

لە ژمارە ٢١ ی سالّی ٢٠١٢ی (گۆڤاری ئکادیمییای کوردی) بلاّو بۆتەوە. ل ٧٥ – ٨٨

کتێبە ڕێزمانییەکان و ئەو و باس و لێکۆلّینەوانەی کە لەبارەی ئەلفەبێی کوردیەوە ئەنجامدراون، پیتە ( وەستاو)consonant[١] و (بزوێنەکان) vowel لێك جیا دەکەنەوە.واتا بە دوو ریز دەیانخەنە روو. ڕیزی وەستاوەکان و ڕیزی بزوێنەکان. سەرباری ئەمەش هەریەکە بە جۆریٚ پیتەکان ریز دەکات.

جیاکردنەوەی وەستاو و بزوێنەکان تەنها لە شیکردنەوەی زمانەوانی و بواری فێرکاریدا دەگیرێتە بەر. بۆ رێزمان و فەرهەنگسازی و بە ساندارکردن و بەکارهێنانی گشتی دەبیٚ هەموو وەستاو و بزوێنەکان تیك بچرژێنرێن و بکرێن بە یەك ریز و ریزکردنیان بە پێی پێوانەکانی ستانداردی جیهانی، وەك لە هەر زمانێکی تردا.

ئەوەی لە بارەی پیتەکانی نووسینی کوردیی (خواروو) تا ڕادەیێکی زۆر پێکهاتنێکی گشتیی لەسەرە و و ئەکادیمییای کوردی پەسندی کردووە ئەوەیە کە ئەلفوبێی نووسینی کوردیی (خواروو) ٣٦ پیتی هەیە، (٢٩) ی وەستاو و (٧) ی بزوێن :

| | |
|---|---|
| وەستاوەکان | ئـ ب پ ت ج چ ح خ د ر ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ك گ ل ڵ م ن **هـ و ی** |
| بزوێنەکان | ا - ـە - و - وو - ۆ - ی - ێ |

ئەم باسەهەوڵدانێکە بۆ تێکهەڵکێشانی پیتە وەستاو و بزوێنەکان و کردنیان بە یەك ریز.

بە لێکدانی هەردوو جۆر ( وەستاو و بزوێنەکان) پێتە هاوشێوەکان دەکەونە پاڵ یەك لیستەکە بەم جۆرەی خوارەوەی لێدێ:

| | |
|---|---|
| ئـ | وەستاو |
| ا | بزوێن |
| ب | وەستاو |
| پ | وەستاو |
| ت | وەستاو |
| ج | وەستاو |
| چ | وەستاو |
| ح | وەستاو |
| خ | وەستاو |
| د | وەستاو |
| ر | وەستاو |
| ڕ | وەستاو |
| ز | وەستاو |

| | |
|---|---|
| ژ | وەستاو |
| س | وەستاو |
| ش | وەستاو |
| ع | وەستاو |
| غ | وەستاو |
| ف | وەستاو |
| ڤ | وەستاو |
| ق | وەستاو |
| ك | وەستاو |
| گ | وەستاو |
| ل | وەستاو |
| ڵ | وەستاو |
| م | وەستاو |
| ن | وەستاو |
| هـ | وەستاو |
| هـ | بزوێن |
| و | وەستاو |
| و | بزوێن |
| وو | بزوێن |
| ۆ | بزوێن |
| ی | وەستاو |

| | |
|---|---|
| ی | بزوێن |
| ێ | بزوێن |
| ٣٦ | |

ئەم لیستەیە هەموو وەستاو و بزوێنەکانی تێدایە. لەمانە ( ئـ ب پ ت ج چ ح خ د ر ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ك گ ل ڵ م ن ) وەستاوی تەواون، ( ا - وو - ۆ - ێ ) بزوێنی تەواون، ( هـ - و - ی ) وەستاو و بزوێنن ( هاوشێوەن)..

**١ – پیتە (وەستاو)ە تەواوەکان (٢٦) ن:**

| | |
|---|---|
| ئـ | وەستاو |
| ب | وەستاو |
| پ | وەستاو |
| ت | وەستاو |
| ج | وەستاو |
| چ | وەستاو |
| ح | وەستاو |
| خ | وەستاو |
| د | وەستاو |
| ر | وەستاو |
| ڕ | وەستاو |
| ز | وەستاو |
| ژ | وەستاو |

| | |
|---|---|
| س | وەستاو |
| ش | وەستاو |
| ع | وەستاو |
| غ | وەستاو |
| ف | وەستاو |
| ڤ | وەستاو |
| ق | وەستاو |
| ك | وەستاو |
| گ | وەستاو |
| ل | وەستاو |
| ڵ | وەستاو |
| م | وەستاو |
| ن | وەستاو |
| **٢٦** | |

پیتە بزوێنە تەواوەکان (٤) ن:

| | |
|---|---|
| ا | بزوێنی تەواو |
| وو | بزوێنی تەواو |
| ۆ | بزوێنی تەواو |
| ێ | بزوێنی تەواو |
| **٤** | |

**پیتە هاوشێوە بزوێن و وەستاوەکان (٣) ن:**

| | |
|---|---|
| هـ | بزوێن و وەستاو |
| و | بزوێن و وەستاو |
| ی | بزوێن و وەستاو |
| ٣ | |

وەك دەردەکەوێ ئەم سێ پیتە ( هـ - و - ی ) هاوشێوەن. بۆ لادان لە دووبارەکردنەوە لە هەر جووتە یەکێکیان لادەبرێ. (٢٤) وەستاوی تەواو و (٨) بزوێنی تەواو و (٣) بزوێن و وەستاو ( ٢٤ + ٨ + (٣ + ٣) = ٣٤ دەکاتە (٣٤). (٣) یان هاوشێوەن. (٣) هاوشێوەکان لە هەریەکە یێکێکی لێ کەم دەکرێتەوە و دەبێ بە (**٣٣**)و ریزبوونەکە ئەم شێوەیە دەگرێتە خۆ:

( ئـ ا ب پ ت ج چ ح خ د ر ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ك گ ل ڵ م ن هـ و وو ۆ ی ێ )

| | |
|---|---|
| ئـ | وەستاو |
| ا | بزوێن |
| ب | وەستاو |
| پ | وەستاو |
| ت | وەستاو |
| ج | وەستاو |

| | |
|---|---|
| وەستاو | چ |
| وەستاو | ح |
| وەستاو | خ |
| وەستاو | د |
| وەستاو | ر |
| وەستاو | ڕ |
| وەستاو | ز |
| وەستاو | ژ |
| وەستاو | س |
| وەستاو | ش |
| وەستاو | ع |
| وەستاو | غ |
| وەستاو | ف |
| وەستاو | ڤ |
| وەستاو | ق |
| وەستاو | ك |
| وەستاو | گ |
| وەستاو | ل |
| وەستاو | ڵ |
| وەستاو | م |
| وەستاو | ن |

| | |
|---|---|
| هـ | وەستاو |
| | بزوێن |
| و | وەستاو |
| | بزوێن |
| وو | بزوێن |
| ۆ | بزوێن |
| ی | وەستاو |
| | بزوێن |
| ێ | بزوێن |
| ٣٣ | |

له ئەنجامدا ریزبوونی پیتەکان ئەم شێوەیە دەگرێتە خۆ.

( ئـ ا ب پ ت ج چ ح خ د ر ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ك گ ل ڵ م ن هـ و وو ۆ ی ێ ) [٢]

ئەمە پێڕەوێکی ئابووری و لۆژیکییە بۆ ریزکردنی پێتەکان. سیمایەکی سیستەماتیکی بە رێزمانی کوردی و فەرهەنگسازی دەبەخشێ. لەگەڵ سروشتی ریزبوونی پێتەکانی جیهانیشدا دەگونجێ و لە هەموو زمانێکیشا بەم جۆرەیە.

# پیتەکانی ئەلفوبێی کوردی و

# جۆری نووسینیان و لاتینیی بەرامبەریان

| پیتەکان | جۆریان | ناوییان | دەرکەوتنیان | | | لاتینیی بەرامبەریان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | سەرەتا | ناوەڕاست | کۆتایی | |
| ئـ | وەستاو | ئـێ | ئـ | ـئـ | ـ | ـ |
| ا | بزوێن | ئا | ئا | ـا | ا ـ ـا | A a |
| ب | وەستاو | بێ | بـ | ـبـ | ب ـ ـب | B b |
| پ | وەستاو | پێ | پـ | ـپـ | پ ـ ـپ | P p |
| ت | وەستاو | تێ | تـ | ـتـ | ت ـ ـت | T t |
| ج | وەستاو | جێ | جـ | ـجـ | ج ـ ـج | C c |
| چ | وەستاو | چێ | چـ | ـچـ | چ ـ ـچ | Ç ç |
| ح | وەستاو | حێ | حـ | ـحـ | ح ـ ـح | Ḧ ḧ |
| خ | وەستاو | خێ | خـ | ـخـ | خ ـ ـخ | X x |
| د | وەستاو | دێ | د | د ـ ـد | د ـ ـد | D d |
| ر | وەستاو | رێ | ر | ر ـ ـر | ر ـ ـر | R r |
| ڕ | وەستاو | ڕێ | ڕ | ڕ ـ ـڕ | ڕ ـ ـڕ | Ŕ ŕ |
| ز | وەستاو | زێ | ز | ز ـ ـز | ز ـ ـز | Z z |
| ژ | وەستاو | ژێ | ژ | ژ ـ ـژ | ژ ـ ـژ | J j |
| س | وەستاو | سێ | سـ | ـسـ | س ـ<br>ـس | S s |
| ش | وەستاو | شێ | شـ | ـشـ | ش ـ | Ş ş |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ـش | | | | | |
| ' | ع - ـع | ـعـ | عـ | عیّ | وەستاو | ع |
| Ẍ ẍ | غ - ـغ | ـغـ | غـ | غیّ | وەستاو | غ |
| F f | ف - ـف | ـفـ | فـ | فیّ | وەستاو | ف |
| V v | ڤ - ـڤ | ـڤـ | ڤـ | ڤیّ | وەستاو | ڤ |
| Q q | ق - ـق | ـقـ | قـ | قیّ | وەستاو | ق |
| K k | ك - ـك | ـكـ | كـ | كیّ | وەستاو | ك |
| G g | گ - ـگ | ـگـ | گـ | گیّ | وەستاو | گ |
| L l | ل - ـل | ـلـ | لـ | لیّ | وەستاو | ل |
| Ĺ ĺ | ڵ - ـڵ | ڵ | ڵ | ڵیّ | وەستاو | ڵ |
| M m | م - ـم | ـمـ | مـ | میّ | وەستاو | م |
| N n | ن - ـن | ـنـ | نـ | نیّ | وەستاو | ن |
| H h | هـ | ـهـ | هـ | هیّ | وەستاو | هـ |
| E e | ـە - ە | ـە - ە | ئە | | بزوێن | |
| W w | و - ـو | و | و | ویّ | وەستاو | و |
| U u | و - ـو | و | ئو | | بزوێن | |
| Û û | وو - ـوو | وو | ئوو | ئوو | بزوێن | وو |
| O o | ۆ - ـۆ | ۆ | ئۆ | ئ | بزوێن | ۆ |
| Y y | ی - ـی | ـیـ | یـ | ییّ | وەستاو | ی |
| Î î | ی - ـی | ـیـ | یـ | | بزوێن | |
| Ê ê | ێ - ـێ | ـێـ | ئێـ | ئیّ | بزوێن | ێ |
| | | | | | | ٣٣ |

## المستخلص

### توحيد و ترتيب الابجدية الكردية

**أ.د. وريا عمر أمين**

يفصل النحويون الكرد الحروف الصامتة عن الصائتة. ويقدمون حروف الابجدية اللغة الكرديةكما يلي:

| | |
|---|---|
| **الحروف الصامتة** | ئـ ب پ ت ج چ ح خ د ر ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ك گ ل ڵ م **ن هـ و ی** |
| **الحروف الصائتة** | ا ـ ـه ـ و ـ وو ـ ۆ ـ ی ـ ێ |

يفصل الصوامت و الصوائت في الدراسات الصوتية و الكتب التعليمية، اما في كتب القواعد و النحو ولتنظيم المعاجم و فهارس الاعلام يجب ان يقدم حروف الابجدية بسلسلة واحدة و حسب معاييرالمتعارف عليها في مجال علم اللغة.

هذه الدراسة محاولة من اجل دمج الحروف الصامتة و الصائتة و جمعهما في سلسلة واحدة و ترتيبها وفق المعايير العلمية. توصلت الدراسة الى هذا التنظيم و الترتيب.( ئـ ا ب پ ت ج چ ح خ د ر ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ك گ ل ڵ م ن هـ و وو ۆ ی ێ )

## Abstract

### The Unification and reordering Kurdish Language Alphabet

**Professor Dr. Wirya Omar Amin**


Kurdish Grammar books, in presenting the Kurdish Alphabet, separate vowels from consonants.

Consonants and vowels are separated for the sake of linguistic analysis and pedagogical purposes. In grammar, dictionary making and index arranging the letters of an alphabet are merged and presented in one order.

This work is an attempt to merge all Kurdish consonants and vowels and order them according to the general Linguistic principles.

## پەراوێزەکان

١ ـ زاراوەی بزوێن بۆ vowel تا ڕادەیێك چەسپیوە و پێکهاتنی گشی لەبارەیەوە هەیە.بەرامبەر بە کۆنسونانت ئەم زاراوانە بەکار دەهێنرێن ( بێ دەنگ — کپ — کڕ — کونسونانت...) بەلای منەوە بۆ کۆنسونانت ( وەستاو) بەکاربهێنرێ زیاتر لەگەڵ چەمکەکە دەگونجێ و بەرامبەر (بزوێن) ـە.

٢ ـ لە ئامادەکردنی (بیبلیۆگرافیای ئەکادیمی ) کە من سەرۆکی لیژنەکەی بووم ئەم ریزبوونەم بۆ ئەلوبێی کوردی بێشنیاز کرد. لەوێدا پیتی ( هـ ) دوای (ۆ) هاتووە. سەیری سەرچاوە ژ ٨ ل ٣ بکە.

## سەرچاوەکان


١ — ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٤) کورتەیێکی مێژووی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی. گ. کۆڕی زانیاریی عیڕاق. ب ٢ ژ ١. بەغداد.

٢ — تۆفیق وەهبی (١٩٢٥ ) کوردییەکەمان بە چۆن حرووفێك بنووسین. گ.دیاریی کوردستان.ژ ٥ و ٦. بەغداد.

٣ — جەمال عەبدول و ئەوانی تر (١٩٨٥) فەرهەنگی قوتابی (ئینگلیزی — کوردی). چ. دار افاق عربیە. بغداد.

٤ — فاضل نظام الدین (١٩٩٠) ئەستێرەگەشە : فەرهەنگێکی کوردی — عەرەبیە. چ. الفنون. بەغداد.

٥ – گیوی موکریانی (١٩٦١)فەرهەنگی مەهاباد. چ. کوردستان.هەولێر.

٦ – نوری عەلی ئەمین (١٩٦٠) ڕێزمانی کوردی. چاپخانەی کامەران. سلێمانی.

٧ – وریا عومەر ئەمین (١٩٨٢) ئیملای کوردی و چەند تێبینیەک. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. ژ ٩.

٨ – ———— (٢٠١١) گیروگرفتەکانی نووسینی کوردی بە لاتینی. لە کۆنفرانسی زمانەوانیی وەزارەتی ڕۆشنبیریدا پێشکەش کرا.

٩ – وریا عومەر ئەمین و ئەوانی تر (٢٠١٠) بیبلیۆگرافیای ئەکادیمیی کوردی – بەشی یەکەم - زمان - بەرگی یەکەم. چ. سپێرز. دهۆک.

# گیروگرفتەکانی نووسینی کوردی
# بە تیپی لاتینی

**لە** کۆنگرەی زمانەوانی (19–22/9/2011)دا پێشکەش کراوە

لە ل138–152ی وەقائیعەکە بڵاو بۆتەوە

لە ساڵی 1982 دا لە ژ 9 ی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عێراق – دەستەی کورد، باسێکم بە ناونیشانی ( ئیملای کوردی و چەن تێبینییەك) بڵاوبۆتەوە.ئەم وتارە دووبارە لە کتێبی ( ئاسۆیەکی تری زمانەوانیدا ل 9 – 20) بڵاوکراوەتەوە. تیایدا پێڕەوی چۆنیەتی دانانی ڕێنووسی هەر زمانێ بە پێی بناماکانی زمانەوانی دەناسێنم و هەندێ لە گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی و چارەسەرکردنیان بە پێی پێوانەی زمانەوانی دەخەمە روو.لێرە چەخت لەسەر ئەو گیروگرفتانە دەکەم کە لە ڕێنووسی کوردی بە لاتینی سەرهەڵدەدەن.

**<u>تێبینی:</u>** لەم باسەدا زاراوەی ( وەستاو) بۆ کۆنسنانت و (بزوێن) بۆ ڤاول بەکار دەهێنرێ

لەرووی زمانەوانییەوە بۆ دانانی ڕێنووس بۆ هەر زمانێك دوو هەنگاو هەیە:

**یەکەم** : دەست نیشان کردنی فۆنیمەکانی زمانەکە و دانانی پێتەکانییەتی بە جۆرەی سیستەمی فۆنۆلۆجیی زمانەکە.

**دووەم :** چۆنیەتی لێکدانی پیتەکانە لە ناو چوارچێوەی وشەکاندا.

بە گوێرەی لایەنی یەکەم ئەم ئەلفەبێتەی ئیستامان بەم شێوەیە:

| | |
|---|---|
| وەستاوەکان | ئـ ب پ ت ج چ ح خ د ر ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ك گ ل ڵ م ن **هـ و ی** |
| بزوێنەکان | ا - ـە - و - وو - ۆ - ی - ێ |

تا ڕادەییێکی زۆر فۆنیمیکن لەگەڵ سیستەمی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردی دەگونجێن. دەسکاری کردنیان گیروگرفتەکان زیاتر وئالۆزتر دەکات.بەتاییەتی ئێستا کراونەتە فۆنت و خراونەتە کۆمپیووتەرەوە. چی تازە ئەم فۆنتانە دەگۆڕێ.؟

بە گوێرەی خاڵی دووەم چۆنیەتی لێکدانی پیتەکانە لە ناو چوارچێوەی وشەکاندا. کوردی زمانێکی پەلۆسینسیتییە لەرووی مۆرفۆسینتاکسییەوە زۆر چالاکە.هەمان وشە تیایدا دەشێ بە چەن جۆرێك بنووسرێ. بۆ نموونە:

هەڵم گرت / هەڵمگرت

هەڵتان نەسپارد. / هەڵتاننەسپارد

رایان کرد. / ڕایانکرد

لایان نەدا / لایاننەدا

هەڵی ناگرین / هەڵیناگرین

جێ بە جێ کردن / جێبەجێ کردن / جێبەجێکردن

بێ بەش / بێبەش

هیچ پێوانەیێکی زمانەوانی نییە بڵێ کام لەم داڕشتنانە راستە. راستەکەیان ئەوەیانە لەسەری پێك بێن. ئەمەیە گیروگرفتی سەرەکی لە ڕێنووسی کوردیدا. ئەم بەشە لە ژوور دەسەڵاتی زمانەوانیدایە.ئەبێ زمانەوانان پێك بێن کام جۆر بکرێ بە بنەما و ئەویان ڕەچاو بکرێ.

ئەوەی لە بارەی پیتەکانی نووسینی کوردیی (خواروو) چەسپیوەو پێکهاتنێکی گشتیی لەسەرە و ئەکادیمییای کوردی پەسندی کردووە ئەوەیە کە ئەلفوبێی نووسینی کوردیی (خواروو) ٣٦ پیتی هەیە (٢٩) ی وەستاو و (٧) ی بزوێن وەك ئەوەی لەسەرەوە خرایە ڕوو.

| | |
|---|---|
| وەستاوەکان | ئـ ب پ ت ج چ ح خ د ر ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ك گ ل ڵ م ن **هـ و ی** |
| بزوێنەکان | ا - ـە - و - وو - ۆ - ی - ێ |

زۆر لە زمانەوانان و کتێبە ڕێزمانییەکان وەستاو و بزوێنەکان بەم جۆرەی سەرەوە لێك جیا دەکەنەوە.

جیاکردنەوەی وەستاو و بزوێنەکان تەنها لە شیکردنەوەی زمانەوانی و بواری فێرکاریدا دەگیرێتە بەر. بۆ ڕێزمان و نووسین و فەرهەنگسازی و بەکارهێنانی گشتی دەبێ هەموو وەستاو و بزوێنەکان بکرێن بە یەك لیست و تیك بچرژێنرێن وەك لە هەر زمانێکی تردا.

بە لێکدانی هەردوو جۆر ( وەستاو و بزوێنەکان) پێتە

هاوشێوەکان دەکەونە پاڵ یەك لیستەکە بەم جۆرەی خوارەوەی لێدێ:

| | |
|---|---|
| ئـ | وەستاو |
| ا | بزوێن |
| ب | وەستاو |
| پ | وەستاو |
| ت | وەستاو |
| ج | وەستاو |
| چ | وەستاو |
| ح | وەستاو |
| خ | وەستاو |
| د | وەستاو |
| ر | وەستاو |
| ڕ | وەستاو |
| ز | وەستاو |
| ژ | وەستاو |
| س | وەستاو |
| ش | وەستاو |
| ع | وەستاو |
| غ | وەستاو |
| ف | وەستاو |

| | |
|---|---|
| ڤ | وەستاو |
| ق | وەستاو |
| ك | وەستاو |
| گ | وەستاو |
| ل | وەستاو |
| ڵ | وەستاو |
| م | وەستاو |
| ن | وەستاو |
| هـ | وەستاو |
| هـ | بزوێن |
| و | وەستاو |
| و | بزوێن |
| وو | بزوێن |
| ۆ | بزوێن |
| ی | وەستاو |
| ی | بزوێن |
| ێ | بزوێن |
| ٣٦ | |

ئەم لیستەیە هەموو وەستاو و بزوێنەکانی تێدایە. لەمانە ( ئـ ب پ ت ج چ ح خ د ر ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ك گ ل ڵ م ن )

وەستاوی تەواون، ( ا - وو - ۆ - ێ ) بزوێنی تەواون، ( هـ - و - ی ) وەستاو و بزوێنن ( هاوشێوەن)..

١ – پیتە (وەستاو)ە تەواوەکان (٢٦) ن

| | |
|---|---|
| ئـ | وەستاو |
| ب | وەستاو |
| پ | وەستاو |
| ت | وەستاو |
| ج | وەستاو |
| چ | وەستاو |
| ح | وەستاو |
| خ | وەستاو |
| د | وەستاو |
| ر | وەستاو |
| ڕ | وەستاو |
| ز | وەستاو |
| ژ | وەستاو |
| س | وەستاو |
| ش | وەستاو |
| ع | وەستاو |
| غ | وەستاو |
| ف | وەستاو |

| | |
|---|---|
| ڤ | وەستاو |
| ق | وەستاو |
| ك | وەستاو |
| گ | وەستاو |
| ل | وەستاو |
| ڵ | وەستاو |
| م | وەستاو |
| ن | وەستاو |
| **٢٦** | |

پیتە بزوێنە تەواوەکان (٤) ن:

| | |
|---|---|
| ا | بزوێنی تەواو |
| وو | بزوێنی تەواو |
| ۆ | بزوێنی تەواو |
| ێ | بزوێنی تەواو |
| **٤** | |

پیتە هاوشێوە بزوێن و وەستاوەکان (3) ن:

| | |
|---|---|
| هـ | بزوێن و وەستاو |
| و | بزوێن و وەستاو |
| ی | بزوێن و وەستاو |
| **٣** | |

وەك دەردەكەوێ ئەم سێ پیتە ( هـ - و - ی ) هاوشێوەن. بۆ لادان لە دووبارەكردنەوە لە هەر جووتە یەكێكیان لادەبرێ. (٢٦) وەستاوی تەواو و (٤) بزوێنی تەواو و (٣) بزوێن و وەستاو ( ٢٦ + ٤ + ٣ = ٣٦) دەكاتە (٣٦). (٣) یان هاوشێوەن. (٣) هاوشێوەكان هەریەكە یێكێكی لێ كەم دەكرێتەوە و دەبێ بە (٣٣)و ریزبوونەكە ئەم شێوەیە دەگرێتە خۆ:

( ئـ ا ب پ ت ج چ ح خ د ر ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ك گ ل ڵ م ن هـ و وو ۆ ی ێ )

| | |
|---|---|
| ئـ | وەستاو |
| ا | بزوێن |
| ب | وەستاو |
| پ | وەستاو |
| ت | وەستاو |
| ج | وەستاو |
| چ | وەستاو |
| ح | وەستاو |
| خ | وەستاو |
| د | وەستاو |
| ر | وەستاو |
| ڕ | وەستاو |
| ز | وەستاو |

| | |
|---|---|
| ژ | وەستاو |
| س | وەستاو |
| ش | وەستاو |
| ع | وەستاو |
| غ | وەستاو |
| ف | وەستاو |
| ڤ | وەستاو |
| ق | وەستاو |
| ك | وەستاو |
| گ | وەستاو |
| ل | وەستاو |
| ڵ | وەستاو |
| م | وەستاو |
| ن | وەستاو |
| هـ | وەستاو |
| | بزوێن |
| و | وەستاو |
| | بزوێن |
| وو | بزوێن |
| ۆ | بزوێن |
| ی | وەستاو |

| | |
|---|---|
| | بزوێن |
| ێ | بزوێن |
| ٣٣ | |

ئەمە پێرۆێکی ئابووری و لۆژیکییە بۆ ریزکردنی پیتەکان. سیمایەکی سیستەماتیکی بە رێزمانی کوردی و فەرهەنگسازی دەبەخشێ. لەگەڵ سروشتی ریزبوونی پیتەکانی جیهانیشدا دەگونجێ و لە هەموو زمانێکیشا بەم جۆرەیە.

## رێنووسی کوردی بە لاتینی

سەرەتا دەبێ ئەوە بزانرێ کە هەر ئەلفەبێیێك بەدەستەوە بگریت بۆ هەر زمانێك دەگونجێ.گرنگ پێکهاتنی گشتییە لەسەری. زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئەلفوبێیانەی ئیستا لە هەموو جیهاندا بەکار دەهێنرێن هیچ کامێکیان لە بنەڕەتدا بۆ ئەوزمانانە دانەنراون کە بەکاریان دەهێنن. هەموو لە زمانانی ترەوە وەرگیراون.

ئەلفوبێی زمانی ئینگلیزی و جەرمەنی و فرەنسی و زۆربەی زمانەکانی تری ئەوروپی لە لاتینییەوە وەرگیراون. لاتینی لە ئیترۆسکانییەوە و ئیترۆسکانی لە گریکییەوە و گریکی لە فینیقییەوە و فینیقی لە سامییەوەو سامی لە هیرۆگلیفییەوە وەرگیراوە .

ئەلفوبێی ڕووسی لە سیریلیکەوە وەرگیراوە و سیریلیکی لە گریکییەوە و گریکی لە فینیقییەوە و فینیقی لە سامییەوە و سامی لە هیرۆگلیفییەوە.

ئەم ئەلفوبێیەی کە بە عەرەبی ناودەبرێ لە بنەڕەتدا عەرەبی نییە، لە ئارامییەوە وەرگیراوە و ئارامی لە سامییەوە و سامی لە هیرۆگلیفییەوە.هەمان شت بە جۆرەی ئەلفوبێکانی تر.

کە ئەلفوبێیەکی هەر زمانێك بۆ هەر زمانێکی تر وەردەگیرێ دەسکاری دەکرێ و بەرەبەرە دەگۆڕێ و دەسوێ تا سروشتی دەنگەکانی زمانە وەرگرەکەی لێ دەنیشێ ولە گەڵیدا دەگونجێ بە زیادکردن و لابردنی هەندێ پیت یا دانانی نیشانە لەسەر هەندێ لە پیتەکان. هەتا ئەگەر دەسکاریش نەکرێ ئیشی خۆی هەر دەکات و دەبێتە ئاسایی. بۆ نموونە زمانی فارسی، کە زمانێکی زۆر نزیکە لە کوردی، ئەلفوبێی عەرەبیی وەرگرتووە بە فەتحەو زەممە و کەسرەوەش و بێ هیچ دەسکارییەکی ئەوتۆ زمانەکەی خۆی پێ دەنووسێ و زۆر ئاساییە. مادام پێکهاتنی گشتیی لەسەرە هیچ گیروگرفتێ سەرهەڵنادات و باس ناکرێت..

زمان دیاردەیێکی زیندووە هەمیشە لە جووڵە و گۆڕین دایە.سروشتێکی سرکی جیوەیی هەیە. نووسین وشك و وەستاوە.بۆیە هەرگیز نووسین ناتوانێ بەبەردەوامی پڕبەپیستی زمانەکە بێت. لەکاتی دانانی ئەلفوبێی هەر زمانێك تارادەیێکی زۆر نزیکی لەنێوان نووسین و زمانەکە بەدی دەکرێ.زۆری پێ ناچێ زمان و نووسینەکە لێك دەترازێن و گیروگرفتی ڕێنووس پەیا دەبێ و زیاد دەکات. هیچ زمانێك بێ گیروگرفتی ڕێنووس نییە.هەر هەوڵدانێکیش بۆ چارەسەرکردنی ڕێنووس گیروگرفتی تری زمانەوانی

و غەیری زمانەوانی سەرهەڵدەدا.چ زمانێك بەقەد چینی و ئینگلیزی گیروگرفتی ڕێنووسیان هەیە کەچی بڕیاریان داوە دەسکاریی نەکەن. چونکە بە دەسکاری کردنیان گیرو گرفتی تری ئاڵۆزتر و دژوارتر سەرهەڵدەدەن کە لەوانەیە هەرگیز چارەسەرنەکرێن.

گەر ئەلفوبێی کوردی گوێزرایە لاتینی زۆربەی گیروگرفتەکان دەمیننەوە و کۆمەڵە گرفتێکی تری ئاڵۆزتر سەرهەڵدەدەن. یەك دوو نموونە دەهێنمەوە:

١ - یەکەم گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی بە لاتینی هەبوونی زیاتر لە شێوەیێك بۆ ژمارەیێك لە پیتەکان.(چ — ژ — خ — غ — ح — ش — چ — ا — ـە — ێ — وو...هتد(

ئەم گیروگرفتە تا ڕادەیێکی زۆر لە ئەلفوبێی لە عەرەبییەوە وەرگیراو چارەسەرکراوە و پێکهاتنی گشتیی لەسەرە.

٢ - ڕاناوە لکاوەکان (م ـ یت ـ / ـ ین ـ ن ـ ن) کە دەچنە سەر (گریا) و (خەوت) هەمان قاڵب دەگرنە خۆ.

| | |
|---|---|
| م | گریا<br>خەوت |
| یت | |
| ـ | |
| ین | |
| ن | |
| ن | |

گەر بە لاتینی بنووسرێن راناوەکان دوو شێوەی جیا دەگرنە خۆ، بە پێی دوا پیتی ڕەگەکە. بە وەستاو یا بزوێن کۆتایی دێت؟

| | | | |
|---|---|---|---|
| xawt | im | girya: | m |
| | i:t | | yt |
| | - | | - |
| | i:n | | yn |
| | in | | n |
| | in | | n |

٣- راناوە لکاوەکان (**م ـ ت ـ ی ـ مان ـ تان ـ یان**) کە دەچنە سەر هەر ڕەگێکی ڕابردوو، هەمان قاڵب دەگرنە خۆ. بۆ نموونە (برد) کە بەپیتێکی وەستاو کۆتایی دێت و و (هێنا) بە پیتێکی بزوێن:

| | |
|---|---|
| م | برد<br>هێنا |
| ت | |
| ی | |
| مان | |
| تان | |
| یان | |

گەر بە لاتینی بنووسرێن راناوەکان دوو شێوەی جیا دەگرنە خۆ، بە پێیدوا پیتی ڕەگەکە. بە بزوێن یا وەستاو کۆتایی دێت.

| | | | |
|---|---|---|---|
| hena: | m | bird | im |
| | t | | it |
| | y | | i: |
| | man | | ima:n |
| | tan | | ita:n |
| | yan | | iya:n |

کام دەستە ڕەچاو بکرێ؟

ئەم گیروگرفتە بەنووسینی ئەلفوبێی لەعەرەبییەوە وەرگیرا سەرهەڵنادات.چونکە هەبوونی یەك پیت ( یـ ) بۆ هەردوو ( یـ ) ی (بزوێن) و (وەستاو) ئەم گیروگرفتەی پۆشیوە.

(i: – y)

٤ - ئامرازی بەستن ( ی ) ئەم دوو شێوەیە دەگرێتە خۆ بە گوێرەی سروشتی ئەو پیتەی وشەی یەکەم کۆتایی پێ دێت ( بزوێن یا وەستاو) .

| | | |
|---|---|---|
| bra: - | y | min |
| pu:r | **i:** | |

بەم ئەلفوبێیەی ئێستا لە هەردوو حاڵەتا یەك شێوەی دەبێ.

| | | |
|---|---|---|
| برا | ی | من |
| پوو ر | | |

٥– هەمان شت لەگەڵ ( و ) ی بزوێن و وەستاو. ئامرازی بەستن

( و ) ئەم دوو شێوەیە دەگرێتە خۆ بە گوێرەی سروشتی ئەو پیتەی وشەی یەکەم کۆتایی پێ دێت ( بزوێن یا کپ) .

| | | |
|---|---|---|
| Bra: | **w** | Da:yk |
| Ba:wk | **u** | |

بەم ئەلفوبێیەی ئیستا لە هەردوو حاڵەتا یەکشێوەی ئەبێ.

| | | |
|---|---|---|
| برا | و | دایك |
| باوك | | |

هەبوونی یەك پیت ( و ) بۆ هەردوو ( و) ی (بزوێن) و (وەستاو) ئەم گیروگرفتەی پۆشیوە.

(u – w)

کە مۆرفیمێك بە (بزوێن) دەس پێ بکات. بچێتە سەر وشەیەك بە (وو) کۆتایی هاتبێ.(و) ی دووەم وەك خۆی لە شوێنی خۆیدا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێ بەوەستاو کەچی لە لاتینیدا دەکەوتە نێوانیان(w).

| | |
|---|---|
| دوو | دووەم |
| du | duwam |

٦- یێکێ لەوگیروگرفتانەی زۆر باس دەکرێ لە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی نەبوونی بزرۆکەیە. بەلایانەوە نووسینی کوردی بە لاتینی ئەمە چارەسەر دەکات.

یەك خاڵی زۆر گرنگ هەیە ئەمەوێ لێرە ئاماژەی پێ بکەم ئەویش ئەوەیە، نووسین گەلێ جۆری هەیە. فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجی و سیلابیکی و ئەرتۆگرافی و تێکەڵ و... هەریەکە لەمانە بواری خۆی هەیە. هەندێ لە زمانەوانانمان دەرکی جیاوازیی نێوان ئەمانە ناکەن و هەیە لە ڕوانگەی نووسینی فونەتیکییەوە بیر لە ڕێنووس دەکەنەوە، هەیە لە روانگەی فۆنۆلۆجی و هەشە لە ڕوانگەی هەردوو ئاست بە تێکەڵی.. بۆیە زۆر لەو لایەنانەی بە گیروگرفتی لەقەڵەم دەدەن بە پێوانەی زمانەوانی نابنە گیروگرفت. یەك لەمانە بزرۆکەیە .

نەبوونی بزرۆکە هەرگیز نەبۆتە و نابێتە تەگەرە.هیچ خوێنەرێکی ئاسایی دوچاری هیچ لێڵییێك نەبووە لەبەر نەبوونی ئەم بزرۆکەیە لە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی لە عەرەبییەوە وەرگیراو.

گەر سەیری ڕێنووسی هەر زمانێك بکەین دەبینین دەنگی وای تێدایە کەچی لە لیستی ئەلفوبێکەیدا هیچ پیتێکی بۆ نییە.بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا پیت بۆ (ژ) نییە، (ث – ذ ) هەردووك بە دەنووسرێن... لە راستیدا لەم رووەوە ژمارەی گیروگرفتەکانی زمانی ئینگلیزی بەقەد ژمارەی وشەکانییەتی(th) .

٧- نموونەیەکی تر دیسان لە نووسینی زمانی عەرەبیدا دەهێنمەوە. لە نووسینی ئەم زمانەدا هەندێ پیت هەن کەچی لە ئەلفوبێکەیدا ( **أبجد– هوز – حطي – كلمن – سعفص – قرشت – ثخذ – ضظغ** ) هیچ نیشانەیان بۆ نییە .

هیچ پیتێ بۆ ( ى – ئەلفی مەقصورە) و همزە ( ئـ ) و ( هـێی

خڕ ) و ( تێی خڕ ) نییە. (**ض و ظ** دوو پیتن یەك دەنگ دەنوێنن ) پیت بۆ ( بزوێنە کورتەکان ) نییە.

٨ ـ زۆربەی ئەم پیتانە سێ جۆر نووسینیان هەیە بەپێی شوێنی لە وشەکەدا ( سەرەتا – ناوەڕاست – کۆتایی)

| سەرەتا | ناوەڕاست | کۆتایی |
| --- | --- | --- |
| بـ | ـبـ | ـب |
| سـ | ـسـ | ـس |
| کـ | ـکـ | ـك |

ئەمانە هێچ یێکێکیان نەکەوتوونەتە لیستی ئەلفوبێکەی.

٩- لە ئەلفوبێی لاتینیدا پیت نییە بۆ (ح – ع – خ – غ – ژ – ش – چ...و..هتد) گەر چاوێ بە نووسینی کوردی بە لاتینی بخشێنرێ کە لەمیدیاکاندا بەکاردەهێنرێ، دەردەکەوێ کە هەر یەکە لەم پیتانە بە چەن جۆرێ دەنووسرێن.

ئەمانە هەندێ نموونە بوون بۆ ئەوگیروگرفتانەی سەرهەڵدەدەن لە نووسینی کوردی بە لاتینی. جگە لەو گیروگرفتانەی ئیملای کوردی بە ئەلفوبێی ئیستامان.وەك لێکدانی بەشەکانی وشە لێکدراوەکان لەوێش سەرهەڵدەدەنەوە.

لەڕووی زمانەوانییەوە نووسینی کوردی بەلاتینی گیروگرفتەکان چارەسەر ناکات بەڵکو لەوانەیە زیادی کات، بەڵام ئەگەر هات و یەك

سیستەمی نووسینی کوردی لەسەر پێرەوێکی زانستی دانرا و پێکهاتنی گشتیی لەسەربوو ئەوە هیچ گیروگرفتێ سەرهەڵنادات چ بە لاتینی چ بە هەر ئەلفوبێیەکی تر.

**سەرچاوەکان**


**ئەورەحمانی حاجی مارف** (1982) گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد. ب

**ئیبراهیم ئەمین باڵدار** (1982) زەنگی کاروانی ڕێنووس. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد. ب9.

**بەدران ئەحمەد حەبیب** (2001) پرۆژەی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی. هەولێر.

**تاهیر سادق** (1969) ڕێنووسی چۆنیەتیی نووسینی کوردی. چ..شیمال. کەرکووک.

________ (1925) کوردییەکەمان بە چۆن حرووفێك بنووسین. گ. دیاریی کوردستان. ژ 5 و 6.

**جەمال عەبدول**( 2010) ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی. لە بڵاوکردنەوەکانی ئەکادیمییای کوردی.

**جەمال نەبەز** (1976) زمانی یەکگرتووی کوردی. بامبێرگ.

**حامید فەرەج** (1976) ڕێنووسی کوردی لە سەدەیەکدا. چ..کۆڕی زانیاریی کورد. بەغداد.

**ڕاگەیاندنامەی کۆتایی سیمیناری زمانی کوردی**.(1998) — هەولێر ( 20 و 22 /9/ 1998).

**شاکر فەتاح ئەحمەد** (1982) گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. ب9.

**عومەر عەبدولڕەحیم** (1982) ڕێنووسی کوردی. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد. ب9.

**فاضل نظام الدين** (1990) ئەستێرە گەشە ـ فەرهەنگێکی کوردی — عەرەبیە.ژ. الفنون. بەغداد

**کامیل بەسیر** (1982) خاڵبەندی بۆ ڕێنووسی کوردی. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد. ب9.

**کوڕی زانیاریی عیراق — دەستەی کورد** (1985) ڕاسپێرییەکانی لێدوانی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی.(18و19/ 12/1985) بەغداد.

**گیوی موکریانی** (1961) فەرهەنگی مەهاباد. چ. کوردستان. هەولێر.

**مستەفا نەریمان** (1981) ڕێنووسی کوردی لە ڕەگ و ریشەوە.دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی. زنجیرەی زمان (5). بەغداد.

**محمد معروف فتاح** (1982) نووسینی کوردی لە ڕوانگەی فۆنۆتیکەوە. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق — دەستەی کورد. ب9. بەغداد.

**نوری عەلی ئەمین** (1976) ڕابەرێ بۆ ئیملای کوردی. چ. سلمان

الاعزەمی. بەغداد.
__________(1960) <u>ڕێزمانی کوردی</u>. چ. کامەران. سلێمانی.

**وریا عومەر ئەمین** (1982) <u>ئیملای کوردی و چەن تێبینییەك</u>. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد. ب9

__________(2008) <u>ئەلفوبێی جیهانی</u>. ڕۆژنامەی بەدرخان ژ 89 ی 22/1/2008

__________(2012) <u>بە ستانداردکردنی ڕیزبوونی پیتەکانی نووسینی کوردی</u>. گ. ئکادیمیای کوردی. ژ 21 ل 75 – 88

# پرسی ڕێنووس و چەند پرسیارێ

**دیمانەی هەرێم عوسمان لەگەڵ پرۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمین**
**لە ڕۆژنامەی چاودێر ژمارە ٣٧٥ ی ٢٦-٨-٢٠١٣ دا بڵوبۆتەوە**

**پرسیار: هۆی هەبوونی گیروگرفتی ڕێنووس چیە؟**

**وەڵام** : کە ئەلفوبێیەکی هەر زمانێك بۆ هەر زمانێکی تر وەردەگیرێ دەسکاری دەکرێ و بەرەبەرە دەگۆڕێ و دەسوێ تا سروشتی دەنگەکانی زمانە وەرگرەکەی لێ دەنیشێ ولە گەڵیدا دەگونجێ بە زیادکردن و لابردنی هەندێ پیت یا دانانی نیشانە لەسەر هەندێ لە پیتەکان، وەك ئەم ئەلفوبێیەی ئیستا کورد بەکاری دەهێنی (ئارامییە) لە عەرەبییەوە وەرگیراوە. نیشانە لەسەر زور لە پیتەکان دانراوە تا لەگەل دەنگەکانی زمانی کوردی بگونجێ وەك (ڵ - ڕ - ۆ - ڤ - ژ - چ...هتد). هەتا ئەگەر دەسکاریش نەکرێ ئیشی خۆی هەر دەکات و دەبێتە ئاسایی. بۆ نموونە زمانی فارسی، کە زمانێکی زۆر نزیکە لە کوردی، ئەلفوبێی عەرەبیی وەرگرتووە بە فەتحەو زەممە و کەسرەوەش و بێ هیچ دەسکارییەکی ئەوتۆ زمانەکەی خۆی پێ دەنووسێ و زۆر ئاساییە. مادام پێکهاتنی گشتیی لەسەرە هیچ گیروگرفتێ سەرهەڵنادات و باس ناکرێت.

زمان دیاردەیێکی زیندووە هەمیشە لە جووڵە و گۆڕین دایە.سروشتێکی سرکی جیوەیی هەیە. نووسین وشك و وەستاوە.بۆیە هەرگیز نووسین ناتوانێ بەبەردەوامی پڕبەپیستی زمانەکە بێت. لەکاتی دانانی ئەلفوبێی هەر زمانێك تارادەیێکی زۆر

نزیکی لەنێوان نووسین و زمانەکە بەدی دەکرێ.زۆری پێ ناچێ زمان و نووسینەکە لێك دەترازێن و گیروگرفتی ڕێنووس پەیا دەبێ و زیاد دەکات. هیچ زمانێکیش نیە گیروگرفتی ڕێنووسی نەبێ. هۆکاری تر زۆرە بۆ سەرهەڵدانی گیروگرفتی ڕێنووس.

**ئایا ناشێ ئەم گیروگرفتانە چارەسەر بکرێن؟**

**وەڵام :** چارەسەرکردنی دوای چەسپانی بە دەسکاری کردنی، گیروگرفتی ئاڵۆزتری زمانەوانی و غەیری زمانەوانی سەر هەڵدەدەن. بۆ نموونە زمانی چینی کە زمانی چارێگێك لە هەموو مرۆڤی سەر ڕووی زەمینە،ئیستاش نووسینی وێنەیی ئیدیۆگرامی بەکار دەهێنن.لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو هەوڵدرا بۆ گۆڕینی بە نووسینێکی فۆنیمیکی، نەیانتوانی، بۆیان دەرکەوت کە گەر بیگۆڕن لە شارستانییەتی کۆن و مێژووەکەیان دەپچڕێن و یەکیەتیی نەتەوایەتییان لەدەس دەدەن و دەبن بە چەن میللەتێك. نووسینەکەیان هۆکاری سەرەکیی لێکبەستنی نەتەوەییانە، بۆیە بریاریان دا نەیگۆڕن.

هەمان شت بە جۆرەی زمانی ئینگلیزی.کە دەمێکە بۆتە زمانی جیهانی زۆر هەوڵدرا بۆ چارەسەر کردنی بەڵام سەری نەگرت. سەدان ساڵە هەموو زانست و تەکنەلۆجیا بەم نووسینە تۆمار کراوە، بە هەر گۆڕینێك، نەك هەر ئینگلیز، بەلکو هەموو مرۆڤ لە دەسکەوتەکانی زانست دەترازێ.

**پرسیار : لەڕووی زمانەوانییەوە چین ئەو بنامانەی گرنکن کە**

**دەبێ ڕەچاو بکرێن لە ڕێنووسدا؟**

**وەڵام** : ڕێنووس بە دوو هەنگاو دادەمەزرێت. هەنگاوی یەکەم دەست نیشانکردنی پیتەکانە بە وەرگرتنی ئەلفوبێی زمانێکی تر هەنگاوی دووەم چۆنیەتی لێکدانی پیتەکانە لە ناو قاڵبی وشەدا. بۆ وەدیهێنانی ئەمە دەبێ کێشەی زمانەوانی و ڕێزمانی و دەنگسازی بخرێنە لاوە. ئەگینا هەرگیز ناگەین بە ئەنجام.

نووسین گەلێ جۆری هەیە. فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجی و سیلابیکی و ئەرتۆگرافی و تێکەڵ و... هەریەکە لەمانە بواری خۆی لە زمانەوانی و دەنگسازیدا هەیە. هەندێ لە زمانەوانانمان دەرکی جیاوازیی نێوان ئەمانە ناکەن، هەیە لە ڕوانگەی نووسینی فۆنەتیکییەوە بیر لە ڕێنووس دەکاتەوە، هەیە لە ڕوانگەی فۆنۆلۆجییەوە و هەشە لە ڕوانگەی هەردوو ئاستەوە بە تێکەڵی.. بۆیە زۆر لەو لایەنانەی کە بە گیروگرفتی لەقەڵەم دەدەن، بە پێوانەی بناماکانی ڕێنووس دانان نابنە گیروگرفت.

ڕێنووس و نووسین کە لە مێشکدا چەسپا بەرمەجە دەبێ. مرۆڤ بەسەر نووسین زاڵە و دەسەڵاتی بەسەریەتی نەك بەپێچەوانەوە. نووسین وتن ڕاناکێشێ.

سەدان وتار و لێکۆڵینەوە لەبارەی ڕێنووسەوە بڵاوبوونەتەوە هەر یەکە لە یەك لەو ڕوانگانەوە تێبینیی خۆی دەخاتە ڕوو. زۆربەی تێبینییەکان ڕاست و بەجێن بە پێی پێوانەکانی زمانەوانی، بەڵام ناشێ ئەم کێشانە بخرێنە ناو مەسەلەی ڕێنووسەوە، ئەگینا هەرگیز

ناتوانین ڕێنووسێکی چەسپاو بهێنینە ئەنجام.

**پرسیار : ئایا هیچ زمانێك هەیە ڕێنووسەکەی بێ گیروگرفت هەبێ**

**وەڵام** : هیچ زمانێك نیە گیروگرفتی ڕێنووسی نەبێ. هەندێ زمان گیروگرفتەکانی زۆر و ئاڵۆزن وەك زمانی ئینگلیزی هەشە کەمن وەك زمانی تورکی. هەر هەوڵدانێکیش بۆ چارەسەرکردنیان گیروگرفتی تری زمانەوانی و غەیری زمانەوانی سەرهەڵدەدا. چ زمانێك بەقەد چینی و ئینگلیزی و عەرەبی و یابانی گیروگرفتی ڕێنووسیان هەیە کەچی بڕیاریان داوە دەسکاریی نەکەن. چونکە بە دەسکاری کردنیان گیرو گرفتی تری ئاڵۆزتر و دژوارتر سەرهەڵدەدەن کە لەوانەیە هەرگیز چارەسەر نەکرێن.

بە هەزاران وتار و کتێب و لێکۆڵینەوە لەبارەی گیروگرفتەکانی زمانی عەرەبی و ئینگلیزی لەلایەن کەڵە بیرمەند و نووسەرانەوە لەبارەی گیروگرفتەکانی نووسینیان بڵاوکراونەتەوە.. هیچیان ڕەچاو نەکرا.

**پرسیار : یەکێ لەگیروگرفتەکانمان ئەوەیە هەندێ وشە بە زیاتر لە جۆرێ دەنووسرێن وەك (لایبرد – لای برد) چۆن ئەمە چارەسەر دەکرێت؟**

وەڵام : هیچ زمانێك نییە ڕێنووسێکی یەکگرتووی بێ گرفتی هەبێ.لە هەموو زمانێکا ئەم دیاردەیە هەیە. بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا بە سەدان وشە هەیە بە زیاتر لە جۆرێ دەنووسرێت.

وەك:

*aroplane*, airplane / *analyse*, analyze / *armour*, armor / *axe*, ax /*behaviour*, behavior/ / *catalogue*, catalog /*colour*, color / *favourite*, favorite /*grey*, gray /*tyre*, tire / *labour*, labor /*tumour*, tumor

هەمان شت بەجۆرەی زمانی عەرەبی بە سەدان وشەی تێدایە بە زیاتر لە جۆرێ دەنووسرێن،وك:

**مسْئُول – مسْؤُول**

**قرأُوا – قرَؤُوا – قرَءُوا – قرَؤُا**

**بناؤه، بناءه، بنائه**

**صلاة. صلوة**

مادام ئەم فرەجۆر نووسینە لێڵی دروست ناکات نابێ بە گیروگرفت. گەر چاوێ بە هەموو ئەو وتارانە بخشێنیت کە باسی گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی دەکەن..باسی ئەم لایەنە ناکەن. واتا بەگیروگرفتیان لەقەڵەم نەداوە. زۆر لە نووسەران لەسەر هەمان لاپەڕە هەردووجۆر بەکار دەهێنێ.هیچ یاساییکی زمانەوانی نییە بڵێ کامەی ڕاستە. بۆیە هەدوو جۆر ڕاستن.

**پرسیار : تا چ ڕادەییێك ئەلفوبێی ئیستای کوردیمان لەگەڵ زمانەکە دەگونجێ؟**

**وەڵام :** تا ڕادەییێکی زۆر باش، بەم شێوەیەی ئیستای، لەگەڵ دەنگەکانی زمانەکەمان دەگونجێ.

لە نووسینی زۆر لە زمانان پیت هەیە لە نووسینا بەکار

دەهێنرێ کەچی لە ئەلفوبێکەیدا نییە. هەشە دەنگی وای تێدا هەیە کەچی پیتی بۆ نییە و هەیە هەمان دەنگ بە چەن جۆرێ دەنووسرێت و یا هەمان پیت چەن دەنگێ دەنوێنێ. زۆر وشە هەیە بەجۆرێ دەنووسرێ و بە جۆرێکی تر دوترێ. لە نووسینی کوردیدا ئەم دیاردەیە بەرچاو ناکەوێ.

هەندێ نموونە لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزییەوە دەهێنمەوە کە زۆربە شارازای ئەم دوو زمانەن:

١ - ئەلفوبێی نووسینی زمانی عەرەبی ٢٨ پیتی تێدایە کە لەم وشانەدا کۆکراونەتەوە ( **ابجد - هوز - حطي - كلمن — سعفص — قرشت — ثخذ — ضظغ)** کەچی ى (الف مقصورة) — ة (تێی خر) — ئـ (هەمزەی سەر کورسی)— همزة الوصل - الفی مدة ـ شدة — بزوێنە کورتەکان...هتد) بەرچاو ناکەون.

( **ظ - ض** ) و ( **ت - ة** ) ( ا - ى) هەر جووتەی یەك دەنگ دەنوێنن.

زۆر وشە هەیە بەجۆرێ دەنووسرێ و بە جۆرێ دوترێ. کوا پیتی (ا) لە وشەی (هكذا - ذلك - أؤلئك). لەم دوو وشەیە ( دعا، سعى) (ا — ى) هاودەنگن.

هەر پیتەی بە سێ چوار جۆر دەنووسرێ بۆ نموونە دەنگی (ت) ( تـ . ـتـ . ـت . ة)

زۆر جۆری تر لەم شێواوییەی ڕێنووسی زمانی عەرەبی.

٢ – له زمانی ئینکلیزیدا له ئه‌لفوبێکه‌یدا پیت نییه بۆ (ش – چ – ژ ) پیتی (ش) به بێنج جۆر ده‌نووسرێت s – sh – t – ss – ch وه‌ك له she – sugar— machine – mission – station

ده‌نگی (ف) به سێ جۆر ده‌نووسرێت (ph – gh – f ) وه‌ك له (tough – elephant – knife)

٣ – هیچ بزوێنێكی تیا نییه به گه‌ڵێ جۆر نه‌نووسرێ. بۆ نموونه:

٤ – (gh) له night – through – though هیچ ده‌نگ نانوێنن.

٥ – هه‌ر بزوێنێكی زمانی ئینگلیزی به چه‌ن جۆرێ ده‌نووسرێ و هه‌ر یه‌كه به چه‌ند جۆرێ ده‌خوێنرێته‌وه. بۆ نموونه له‌م وشانه‌دا :he – believe – Caesar – see – people – seize – sea – key – amoeba – busy - machine

( e – ie – ae – ee – eo – ei – ea – ey – oe – y – i) هه‌موو به ( ی) ده‌خوێنرێنه‌وه.

له وشه‌یbook و look دا (oo) به (و) ئه‌خوێنرێته‌وه.

له وشه‌ی bootو poorو shoot , به ( وو)

له وشه‌ی blood و flood به ( ـه )

به سه‌دان نموونه‌ی تری له‌م جۆرانه له زمانی ئینكلیزی و زمانانی تردا به‌رچاو ده‌كه‌وێ [٢].

ئه‌م شێواوی و ئاڵۆزییه و دووركه‌وتنه‌وه‌ی نووسین له وتن، هه‌موو زمانی ئینگلیزیی گرتۆته‌وه و وه‌ك نووسینی ئیدیۆگرامی لێهاتووه. ئه‌بێ سپێل و جۆری نووسینی هه‌ر وشه‌یێك به له‌به‌ركردن

لەبەربکرێ. لەگەڵ ئەمەشا هیچ بایەخێکی نادرێتێ و بە گیروگرفتی نازانن و هەر باسی ناکەن.

کوا ئەم شێواوییە لە نووسینی کوردیدا؟

**هۆی ئەم دیاردەیە چیە؟**

**وەڵام** : وەك پێشتر ئاماژەم پێ کرد زمان دیاردەییێکی زیندووە هەمیشە لە جووڵە و گۆڕین دایە.سروشتێکی سرکی جیوەیی هەیە. نووسین وشك و وەستاوە.بۆیە هەرگیز نووسین ناتوانێ بەبەردەوامی پڕبەپیستی زمانەکە بێت. لەکاتی دانانی ئەلفوبێی هەر زمانێك تارادەییێکی زۆر نزیکی لەنێوان نووسین و زمانەکە بەدی دەکرێ.زۆری پێ ناچێ زمان و نووسینەکە لێك دەترازێن و گیروگرفتی ڕێنووس پەیا دەبێ و زیاد دەکات.

لەبەر ئەوەی زمانی کوردی لەمێژ نییە کەوتۆتە نووسین بۆیە نووسینەکە و وتن هێشتا لێکنەترازاون. ئەو زمانانەی لەمێژە کەوتوونەتە نووسین.. زمانەکە گۆڕینی بەسەردا هاتووە و نووسینەکە وەك خۆی ماوەتەوە بۆیە جیاوازیی نێوان وتن و نووسین سەری هەڵداوە وەك زمانی ئینگلیزی و عەرەبی کە دوو هەزار ساڵ دەبێ پێیان دەنووسرێ. زۆر هۆکاری تر هەن

**پرسیار : بە لای تۆوەکامەیان باشتر و گونجاوترە زمانی کوردی بە پیتی عەرەبی یا لاتینی بنووسرێ؟**

**وەڵام** : سەرەتا دەبێ ئەوە بزانرێ کە ئەلفوبێ پەیوەندیی بە نژادی زمانەوە نییە و هەر ئەلفەبێییێك بەدەستەوە بگریت بۆ هەر

زمانێك دەشێ و دەگونجێ. گرنگ پێکهاتنی گشتییە لەسەری. زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئەلفوبێیانەی ئێستا لە هەموو جیهاندا بەکار دەهێنرێن هیچ کامێکیان لە بنەڕەتدا بۆ ئەوزمانانە دانەنراون کە بەکاریان دەهێنن. هەموو لە زمانانی ترەوە وەرگیراون

ئەلفوبێی زمانی ئینگلیزی و جەرمەنی و فرەنسی و زۆربەی زمانەکانی تری ئەوروپی لە لاتینییەوە وەرگیراون. لاتینی لە ئیترۆسکانییەوە و ئیترۆسکانی لە گریکییەوە و گریکی لە فینیقییەوە و فینیقی لە سامییەوەو سامی لە هیرۆگلیفییەوە وەرگیراوە .

ئەلفوبێی ڕووسی لە سیریلیکەوە وەرگیراوە و سیریلیکی لە گریکییەوە و گریکی لە فینیقییەوە و فینیقی لە سامییەوە و سامی لە هیرۆگلیفییەوە

ئەم ئەلفوبێیەی ئێستا کورد بەکاری دەهێنێ (لە ڕێی زمانی عەرەبییەوە) لە ئارامییەوە

وەرگیراوە و ئارامی لە سامییەوە و سامی لە هیرۆگلیفییەوە.هەمان شت بە جۆرەی ئەلفوبێکانی تری هەموو جیهان.

واتا زمانی کوردی دەشێ چ بە لاتینی چ بە ئارامی بنووسرێ. گرنگ پێکهاتنی گشتیە. وەك لەسەرەوە ڕوونم کردەوە ئەلفوبێی لاتینی و عەرەبی لە نژاددا هەردووك لە هیرۆگلیفییەوە دابەزیون.هیچیان لەویتر ڕەسەنتر و باشتر نییە.بەلای منەوە

بەهەردوو سیستەم بنووسرێ.

**پرسیار: بەمە بێ نووسینی کوردی هیچ گیروگرفتی نیە؟**

**وەڵام** : وەك پێشتر ئاماژەم پێ کدرد هیچ زمانێك نییە گیروگفتی نەبێ. نووسینی کوردیش هەیەتی بەڵام کەمتر و سووکترە لە هی زمانانی تر.

# کێشەی (ی) لە ڕێنووسی کوردیدا

لە گۆڤاری شنرویَ ژ ٤ ی ساڵی ٢٠٢١ دا بڵاوکراوەتەوە

پڕۆفیسۆر د. وریا عمر امین

ئەکادیمیای کوردی

زانکۆی بەغداد ـ زانکۆی جیهان

## ABSTRACT

**The Problem of the (ێ) in the Kurdish Writing System**

**Professor Dr. Wirya Omar Amin**
**Kurdish Academy**
**University of Baghdad - Cihan University**
**wariaamin@gmail.com**

There are different opinions about some aspects of the writing system of Kurdish language. Throughout decades, many researches and articles have been published about the Kurdish spelling problems. Each analyzes it and suggests solutions according to his intuition and linguistic background.

One of these issues which covers a wide range of argument is about the four dimensional homophonografic segment .(ێ)

This work is an attempt to analyze this aspect on all linguistic levels and suggests a solution for it.

**پێشەکی**

(ی) دانەیێکی هۆمۆفۆنۆگرافیکیی Homophonographic چوار ڕوویە.[1] واتا لە چوار ئاستدا (فۆنەتیکی –– فۆنۆلۆجی – مۆرفۆلۆجی –– سینتاکسی) دەردەکەوێ بۆ ئەنجامدانی ئەرکی جیاواز. وا ڕێکدەکەوێت لە دارشتە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا[2] هەر سێ هۆمۆگرافەکە پێکەوە ڕیزبەندێ پێکبهێنن. ئەم خەسلەتە وای کردووە لێڵی و ئاڵۆزی لە بارەیەوە سەرهەڵبدات و ببێتە کێشەیێکی ڕێنووسی.

بە دەیان وتار و باس و لێکۆڵینەوە لەبارەیەوە بڵاوبوونەتەوە. هەر یەکە بە پێی زەمینە و بۆچوونی خۆی کێشەکان دەسنیشان دەکات و چارەسەریان دەکات.

ئەم باسە هەوڵدانە بو خستنەڕووی هەندێ لە ڕووەکانی (ی) لە ڕووی زمانەوانی و ڕێنووسەکەیەوە.

**(ی) لە ئاستەکانی زمانەوانیدا**

**١ - (ی) لە ئاستی فۆنەتیکیدا**

لە ڕووی فۆنەتیکییەوە، بۆ گۆکردنی دەنگی (ی)، ناوەڕاستی زمان بەرەو نەرمەمەڵاشوو بەرزدەبێتەوە. کەلێنێ دەهێڵێتەوە، بە ڕادەیێک بای لە سییەکانەوە هاتوو بێ تەگەرە و بێ خشە Friction بە کەلێنەکەدا تێبپەڕێ. هاوکات ژێکان vocal cords دەلەرێنەوە و لێوەکان لە باری ئاساییدا دەبن.



**٢ ـ (ی) له ئاستی فۆنۆلۆجیدا**

له خەسلەتەکانی ئەم دەنگە، له ڕووی فۆنۆلۆجییەوه جووتڕووه. وەک بزوێن Vowel و وەستاو consonant دەردەکەوێ، بە پێی ژینگەکە فۆنۆلۆجییەکەی.

له وشەی (یاری ـ yari: ) دا، (ی) ی یەکەم وەستاوه و هی دووەم بزوێنه.

له ڕێبازی فۆنۆلۆجیی (پایک Pike )[٣] دا، جیاکراونەتەوه بەوەی بۆ هەر یەکە زاراوەی خۆی بۆ دانراوه. بۆ بزوێنەکە ڤۆکۆید vocoid و بۆ وەستاوەکە کۆنتۆید contoid.

ئەم خەسلەتە دەنگی (و) ش دەگرێتەوە:

| Contod | Vocoid | |
|---|---|---|
| Y | i: | ی |
| W | U | و |

له نووسینی کوردیی ئارامی (که له عەرەبییەوە وەرگیراوە) ئەم دوو سیما جیاوازەی (ی) لێک جیا ناکرێنەوە. له نووسینی IPA[٤] و لاتینیدا، بۆ هەر یەکە پیتی تایبەتیی خۆی هەیە (y ) بۆ وەستاو و (i) بۆ بزوێن.

ئەم لەیەک جیانەکردنەوەیان تا ڕادەیێکی زۆر ڕێنووسی کوردیی بە (پیتی ئارامی) ئاسان کردووە و زۆر گیروگرفتی پۆشیوە.[٥].

له داڕشتنی بڕگەییدا، گەر (ی) وەک (ناوک nuclei) دەرکەوت، هەمیشە (بزوێنە):

تیر ـ ti:r ≠ سیر ـ si:r / برین ـ bri:n

گەر له ڕۆخی بڕگەدا دەرکەوت وەک پێشناوک onset و پاشناوک codaهەمیشە (وەستاوە) :

یار ـ yar / یەک ـ yek / کەی ـ key / مەی ـmey

**له یاسا فۆنۆلۆجییەکانی دەرکەوتنی (ی)**

یاساکانی لێکدانی دوو بزوێن، یەکجار زۆر و ئالۆز و چووەناویەکن. بەشێکیان پەیوەندییان بە یاسا مۆڕفۆفۆنیمەکانەوە هەیە و بەشەکەی تر بە لایەنە ڕێزمانییەکانەوە.

که دوو بزوێن دەگەن بەیەک یێکێ لەم ناوگرانە له نێوانیاندا دەردەکەوێ:

**(ی) ـ (ت) ـ (ر) ـ (ەت) ـ ( ـێت)...هتد**

لەبەر ئەوەی باسەکەمان تایبەتە بە (ی). تەنها له یاساکانی

دەرکەوتنی ناوگری (ی) دەکۆڵینەوە. بۆ ناوگر و یاساکانی ئەوانی تر، سەیری ئەم باسە بکەن[٦]:

١ ـ ئەو حاڵەتانەی کە دوو بزوێن دەگەن بەیەک و (ی) لە نێوانیاندا دەردەکەوێ:

چرا ـ ەکە : چرایەکە / ترێ — ترێیەکە / درۆ — درۆیەکە / مامۆستا ـ مامۆستایان

باخچەییێک / خەندەییێک / نی ـ ـە : نییە.

٢ ـ لە هەندێ حاڵەتدا بزوێنە کورتەکە دەتوێتەوە و (ی) دەرناکەوێ:

ئەو ئەستێرە ـ ان ـ ـە : ئەستێرانە. (ە) ی ئەستێرە توایەوە.

٣ ـ کە دوو (ە) دەکەونە پاڵ یەک، لەناو یەکتردا دەتوێنەوە و دەبن بە یەک:

ئەستێرە ـ ـەکە : ئەستێرەکە / پەنجەرە ـ ەکە : پەنجەرەکە

بەڵام ئەگەر (ە) ی دووەم ئەرکی سینتاکسیی هەبوو، (ی) لە نێوانیاندا دەردەکەوێ:

ئەم خانووە زۆر گەورە ـ ـە / گەورەیە.

ئەو ئەستێرەیە گەشە / ئەستێرەیە

(ە) ی دووەم تیایاندا ئەرکی سینتاکسیی هەیە، (ی) لە نێوانیانا دەردەکەوت.

٤ ـ کە دوو (ی) دەگەن بە یەک، لەناو یەکتردا دەتوێنەوە و

دەبن بە یەک:

ئێمە قوتابیـ ـ ین : ئێمە قوتابین

..... و هي تر

۳ ـ (ی) لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا

لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا (ی) مۆرفیمێکی داڕێژەرە derivational دەچێتە سەر ئاوەڵناو بۆ داڕشتنی ناو، (ئاوەڵناو ـ ی = ناو).

گەر ناوەکە بە وەستاو کۆتاییی هاتبێ، (ی) وەک بزوێن دەردەکەوێ:

جوان : جوانی/ دوور : دووری/ بەرز : بەرزی/ شیرین : شیرینی/ هەولێر : هەولێری.

دەچێتە سەر هەندێ ناو بۆ داڕشتنی ئاوەڵناو..

ناو ـ ی = ئاوەڵناو

چەور ـ ی : چەوری / دڵخۆش ـ ی : دڵخۆشی / چەرمەسەر ـ ی : چەرمەسەری

/ دەستکورت ـ ی = دەستکورتی

ئەگەر وشەکە بە بزوێن کۆتاییی هاتبێ (ی) ی ناوگری فۆنۆلۆجی لە نێوانیاندا دەردەکەوێ:

تەنیا ـ تەنیایی / شەقڵاوە ـ شەقڵاوەیی / سنە ـ سنەیی / شنۆ ـ شنۆیی

لەگەڵ بەشێ لە ناوەکان، کە (ی) یان دەخرێتەسەر، ناوگری

( ـەت / ایەت -/ ـێت )

پیاو ـ (ەت) ـ ی ـ پیاوەتی

برا ـ (ایەت) ـ ی : برایەتی. (برایی) ش دەوترێ.

پاڵەوان ـ (ـێت) ـ ی : پاڵەوانێتی.

**٤ ـ (ی) لە ئاستی ڕستەسازیدا**

لە ناو چوارچێوەی فرێزی ناویدا NP، (ی) ڕۆڵی بەستن conjunction دەگێڕێ. (ناو و ناو) و (ناو و ئاوەڵناو) لێکدەبەستێ.[٧]

١ ـ ناو و ناو لێک دەبەستێ لە چەمکی هەییدا:

برا ی من / نیشتمانی کورد

٢ ـ ناو و ناسناوەکەی لێکدەبەستێ:

چیای سەفین / شاری سلێمانی

٣ ـ لە فرێزی ناویی نەناسراودا indefinite، ناو و ئاوەڵناو لێک دەبەستێ[٧]:

گوڵی سوور / چیای بەرز

فەرامۆشکردنی (ی) ی خستنەپاڵ لەو وشانەی بە (ی) کۆتاییان دێ کار لە واتا دەکات:

بەرزی تۆ ـ بەرزیی تۆ

هێمنی تۆ ـ هێمنیی تۆ

کوردی گەرمیان ـ کوردیی گەرمیان

.

**کە سێ (ی) دەکەونە پاڵ یەک :**

لە دوو حاڵەتدا سێ (ی) دەکەونە پاڵ یەک:

١ ـ کە مۆرفیمێ بە بزوێن دەستی پێ کردبێ بچێتە سەر وشەییێک بە دوو (ی) کۆتاییی هاتبێ، (ی) ی ناوگری فۆنۆلۆجی لە نێوانیانا دەردەکەوێ:

بەرزایی ـ ەکە = بەرزایی (یـ) ەکە / بەرزاییییەکە

٢ ـ کە (ی) خستنەپاڵ دەچێتە سەر وشەییێک بە دوو (ی) کۆتاییی هاتبێ :

تەنیایی - ی / تەنیاییی من

قووڵایی - ی / قوڵاییی ئاسمان

لە حاڵەتی یەکەمدا (ی) مۆرفیم نیە، هیچ ڕۆڵێکی ڕێزمانی و واتاییێکی ناخرێتە پاڵ.

لە حاڵەتی دووەمدا (ی) ئەرکێکی سینتاکسیی هەیە ڕۆڵی لێکبەستنی دوو وشە دەگێڕێ.

شایانی باسە، کە لە ڕێنووسی کۆندا (ی) ی خستنەپاڵ بە جیا دەنووسرا. وەک لە ناونیشانی ئەم کتێبەدا دیارە:




**هەولێری یا هەولێریی**

لە ڕێنووسی هەندێ تەنانەت زمانەوانیش ئەم جۆرە نووسینانە بەرچاو دەکەون (هەولێریی – دەربەدەریی – بێ کەسیی) بەرانبەر (هەولێری – دەربەدەری – بێکەسی..هتد). لەڕووی مۆرفۆفۆنیمییەوە ئەم لایەنە بەم جۆرە لێکدەدرێتەوە:

یێکێ لە خەسلەتەکانی وشەی کوردی ئەوەیە (هێز) Stress تیایدا دەکەوێتە سەر دوا برگە.[8] بۆیە گەر مۆرفیمێکی وشەدارێژ چووە سەر وشەیێک بۆ دارشتنی وشەیێکی تر، هێزەکە دەچێتە سەر دوا برگە. ئەگەر مۆرفیمەکە سینتاکسی بوو کار لە شوێنی هێزەکە ناکات. ئەمە پێوانەیێکە بە هۆیەوە مۆرفیمە مۆرفۆلۆجییەکان لە سینتاکسییەکان لە زمانی کوردیدا جیا دەکرێنەوە.

لە هەموو زمانێکدا لە فەرهەنگی وشەکانیدا (هۆمۆفۆن و هۆمۆگراف) هەن.

هۆمۆگراف Homograph هاوڕێنووس، دوو وشەی جیا هەمان ڕێنووسیان دەبێ. وەک

(چوون) لە (ئەوان چوون و ئێوە چوون) دا.

Homophone واتا هاودەنگ (دوو وشەی جیا، واتایان جیایە، ڕیز و دەنگی پیتەکان و شوێنی (هێز) یان Stress دەقاودەق وەک یەک گۆ دەکرێن. وەک لە (ڕواندن) ئەم دوو واتایەی دەخرێتە پاڵ:

١ ـ نەمامەکەم رواند (چاندم).

٢ ــ منالەکەم ڕواند (وام کرد بڕوات).

هەردووکیان لە هەمان ڕیزە دەنگ پێکهاتوون و لە هەردووکیاندا (هێز) کەوتۆتە سەر بڕگەی دووەم (دن). ئەم دوو وشەیە هەر یەکە بە جۆرە یاسایێکی جیای مۆرفۆلۆجی داڕێژراوە و ڕێکەوت کردوونی بە هاودەنگ.

(چوون) لە (ئەوان چوون و ئێوە چوون) دا، هاوڕێنووس و هاودەنگن. واتا (هۆمۆگراف و هۆمۆفۆنن).

(هاتن) لە ( هاتن بە پێ و ئەوان هاتن) دا، هاوڕێنووسن بەڵام هاودەنگ نین، واتا (هۆمۆگرافن، هۆمۆفۆن نین). شوێنی (هێز) یان جیایە.

لە زمانی کوردیدا، وەک ئاماژەی پێ کرا، (هێز) دەکەوێتە سەر دوا بڕگەی وشەوە:

ئازاد ــ هێز کەوتۆتە سەر بڕگەی (زاد).

ئەستێرە ــ هێز کەوتۆتە سەر دوا بڕگە (رە).

ئەگەر پاشگرێکی وشەدارێژ Derivational Suffix بچێتە سەر وشەیێ و ژمارەی برگەکانی وشەکەی زیاد کرد، بە یاساییێکی مۆرفۆفۆنیمیی زمانی کوردی، برگە زیادکراوەکە هێزەکە بۆ خۆی ڕادەکێشێ .

لە وشەی (ئازاد) دا گەر (ی) ی وشەدارێژی خرایە سەر دەبێتە (ئازادی) هێزەکە دەچێتە سەر دوا برگە زیادکراوەکە (دی) : (ئازا**دی** ئاواتمانە). بەڵام ئەگەر مۆرفیمەکە ڕێزمانی Inflectional بوو کار لە شوێنی هێزەکە ناکات.

(**ئا**زادی تۆ واتا تۆ ناوت ئازادە) یا (تۆ سەربەستی)، هێزەکە لە شوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە.

(ئازادی) یەکەم و (ئازادی) دووەم (هۆمۆگرافن / هاوڕێنووسن) بەڵام (هۆمۆفۆن / هاودەنگ) نین.

لە نووسینی ڕێنووسیدا کەرەسەناکەرتییەکان Suprasegmental (هێز ـ ئاوازە ـ تۆن) ئاماژەیان پێ ناکرێ[٩]. بۆیە (ئازادی) لە (ئازا**دی** ئاواتمانە) و ( تۆ **ئا**زادی) وەک یەک دەنووسرێن، بەڵام وەک یەک گۆ ناکرێن. ئەگەر (ت) خرایە سەریان، لە یەکەمیاندا دەبێتە (ت) ی هەیی بە واتای ( ئازادیی تۆ) و لە دووەمیاندا بەشە قرتاوەکەی ڕاناوی (یت) ە. (تۆ ئازادیت).

هەندێ زمانەوانان وای بۆ دەچن کە ئەو سترێسە (ی) ی دووەمە. بۆیە (هەولێری بە هەولێریی / دەردەسەری بە دەردسەریی / بەرزی بە بەرزیی..هتد) دەنووسن.

## ئەنجام و پێشنیاز

**ئەنجام**

**لە دوو حاڵەتدا سێ (ی) دەکەونە پاڵ یەک:**

١ ـ کە (ی) ی سێیەم ئەرکی فۆنۆلۆجی ئەنجامدەدات. وەک لە: (بەرزاییەکانی دەرەوەی شار). لێرە (ی) ی سێیەم هیچ واتا و ئەرکێکی ڕێزمانیی نییە. نەنووسینی کار لە واتا و ڕێزمانەکەی ناکات.

٢ ـ کە (ی) سێیەم ئەرکی خستنەپال ئەنجامدەدات. وەک لە: (تەنیاییی مرۆڤ).

لێرە (ی) ی سێیەم ئەرکی ڕێزمانی ئەنجامدەدات، نەنووسینی کار لە ڕێزمان و واتاکەی دەکات، بۆیە دەبێ بنووسرێ.

**پێشنیاز**

**بۆ ئەوەی ڕێنووسی (ی) جێگیر بێ و ژمارەیێکی زۆر وردە یاسای سەرشێوێنەری بۆ دەستنیشان نەکرێ، وای بە باش دەزانم، لە ڕێنووسدا هەموو (ی) یێکی فۆنۆلۆجی بنووسرێ، (ی) ی سێیەم نەبێ. وەک لە:**

**لە (بەرزاییەکاندا)، (ی) ی سێیەم ناوگرێکی فۆنۆلۆجییە ـ لابرێ و بەم جۆرە بنووسرێ (بەرزاییەکان). بەمە هیچ گرفت و لێڵی سەرهەڵنادات.**

**بەڵام (ی) ی سێیەمی خستنەپاڵ بنووسرێ، وەک لە:**

**لە (بە درێژاییی تەمەن). ئەگینا گرفت و لێڵی سەرهەڵدەدات.**

**پەراوێزەکان**

١ ـ لە کوردیی باشووردا.

٢ ـ دارشتەی (مۆرفۆسینتاکسی) ئەو پێکهاتەیە کە سێ ئاستی (مۆرفۆلۆجی ـ سینتاکسی ـ فۆنۆلۆجی) بەشداری دەکەن لە دارشتنیدا.

٣ ـ کینیث پایک Kenneth Pike (١٩١٢ - ٢٠٠٠) زانایێکی زمانەوانی و ئەنترۆپۆلۆجیی ئەمەریکاییە. دانەری رێبازی (تەگمیمیکس) ی tagmemics فۆنۆلۆجییە. دارێژەری زاراوەی emic و etic و vocoid و contoid و هی ترە. رێبازی تەگمیمیکس رۆڵێکی زۆری گێرا لە دەرخستنی چەند لایەنێکی شاراوەی زمان.

٤ ـ بۆ ئەمە سەیری ئەم بابەتە بکەن:

وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٨) ئەلفبێی جیهانی. رۆژنامەی بەدرخان ژ ٨٩ ی ٢٠٠٨/١/٢٢.

٥ ـ بۆ ئەمە سەیری ئەم باسە بکەن:

وریا عومەر ئەمین (٢٠١١) گیروگرفتەکانی نووسینی کوردی بە لاتینی. توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستی زمان. ١٩ ـ ٢٢ ی ئەیلوولی ٢٠١١. ل ١٣٨ ـ ١٥٢

٦ ـ بۆ یاسا دەنگییەکانی گەیشتنی دوو بزوێن بە یەک سەیری ئەم باسە بکەن.

لە یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی. گ. رۆشنبیری نوێ، ژ ١٣٦ ی ساڵی ١٩٩٥. ل ٦٦ـ ٦٩.

٧ ـ بۆ ئامرازەکانی بەستن سەیری ئەم باسانە بکەن:

وریا عومەر ئەمین (١٩٨٨) لێکدانی وشەکان. گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١١٨ ل ١٣٢-١٣٧

———— (١٩٨٤) ئامرازەکانی بەستن. گ. ڕۆژی کوردستان. ژمارە ٦٧.

دووبارە لە کتێبی (ئاسۆیەکی تری زمانەوانی) دا بڵاوکراونەتەوە.

٨ - هەندێ ناوێزە هەن وەک (بەڵام - هێشتا - چونکە).

بۆ چەمکی هێز و یاساکانی دەرکەوتنی، سەیری ئەم باسە بکەن:

وریا عومەر ئەمین (١٩٩٤) هێز و ئاواز. گ. ڕۆشنبیری نوێ. ژ ١٣٤، ل ١٣ ـ ١٦.

دووبارە لە کتێبی (ئاسۆیەکی تری زمانەوانی) دا، ل ٢٨٣ ـ ٢٩٢ بڵاوکراوەتەوە بڵاوکراوەتەوە.

٩ ـ لە نووسینی فۆنەتیکیدا Phonetic Transcription دەنووسرێن.

## سەرچاوەکان

**وریا عومەر ئەمین** (١٩٩٥) <u>لە یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی</u>. گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٣٦ ی ساڵی ١٩٩٥. ل ٦٦- ٦٩.

———— (٢٠١٦) <u>فۆبیای ڕێنووس</u>. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ ٣٦ ل ١٧ ـ ٢٦.

**Carr. Philip** (1993) Phonology. The Macmillan Press. London.

**Crystal, D**. (1987) The Cambridge Encyclopedia of Language. Cambridge University Press.

**Gimson, A.C.**(1962) An Introduction to the Pronunciation of English. London.

# کێشەی (و) لە ڕێنووسی کوردیدا

**لە گۆڤاری (زمان و زار) ژمارە ٤ ی ٢٠٢٢ دا بڵاو بۆتەوە.**

**پێشەکی**

بە دەیان وتار و باس و لێکۆڵینەوە لەبارەی گیروگرفت و کێشەکانی ڕێنووسی کوردیەوە بڵاوبوونەتەوە، هەر یەکە بە پێی بۆچوونی خۆی گیروگرفتەکان دەسنیشان دەکات و چارەسەریان دەکات. یەکێ لەو کێشانە (و) ی بزوێنی کورت و درێژە. هەندێ زمانەوان لەسەر ئەو ڕایەدان کە لەبەر ئەوەی جیاوازیی نێوانیان (گوایە) فۆنیمکی نییە، بۆیە (وو) و (و) دوو ئەلەفۆنی هەمان فۆنیمن، دەبێ بۆ هەردووکیان یەک پیت هەبێ لە سیستەمی ئەلفوبێی کوردیدا.

ئەم باسە لەم کێشەیە دەکۆڵێتەوە و بە پێی بنەماکانی زمانەوانی لێکیدەداتەوە.

.

**(و) لە ئاستەکانی زمانەوانیدا**

لە بواری شیکردنەوەی زمانەوانیی وەسفیدا Descriptive Linguistics چوار ئاست دەستنیشان کراون (فۆنەتیکی - فۆنۆلۆجی - مۆرفۆلۆجی - سینتاکسی). هەر لایەنێک و دانەیێکی زمانی دەشێ لە هەموو ئەم ئاستانەدا شیبکرێتەوە و ڕۆڵی لە ناو سیستەمی زمانەکەدا بخرێتە ڕوو. لێرە زۆر بە کورتی کەرەسەی (و) لە هەر چوار ئاستەکەدا دەخرێتە ڕوو.

**١ ـ (و) له ئاستی فۆنەتیکیدا**

له ڕووی فۆنەتیکییەوە، بۆ گۆکردنی دەنگی (و)، دواوەی زمان بەرەو نەرمەمەڵاشوو بەرزدەبێتەوە. لێوەکان شێوەی خر Round دەگرنە خۆ. بای له سییەکانەوە هاتوو بێ تەگەرە و بێ خشە Friction بە زاردا تێبپەڕێ. هاوکات ژێکان Vocal Cords دەلەرێنەوە و لێوەکان له باری خرپیدا دەبن.



**٢ ـ (و) له ئاستی فۆنۆلۆجیدا**

له خەسلەتەکانی ئەم دەنگە، له ڕووی فۆنۆلۆجییەوە جووتڕووە. وەک بزوێن Vowel و وەستاو Consonant دەردەکەوێ، بە پێی ژینگە فۆنۆلۆجییەکەی.

له وشەی ( وێنە ـ wena) و (زاخاو ـ za:xa:w) دا (و) ەکان وەستاون.

له وشەی (گوڵ ـ gul ) و ( سوور ـ su:r) دا بزوێنن.

له ڕێبازی فۆنۆلۆجیی (پایک Pike )[١] دا، بزوێن و وەستاوەکان لێک جیاکراونەتەوە بەوەی، بۆ هەر یەکە زاراوەی خۆی بۆ دانراوە. بۆ بزوێنەکە ڤۆکۆید Vocoid و بۆ وەستاوەکە کۆنتۆید Contoid. ئەم خەسلەتە دەنگی (ی) ش دەگرێتەوە:

| Contod | Vocoid | |
|---|---|---|
| W | U | و |
| y | i: | ی |

له نووسینی کوردیی ئارامی ئەم دوو سیما جیاوازە جیا ناکاتەوە. لە نووسینی IPA[٢] و لاتینیدا، بۆ هەر یەکە پیتی تایبەتیی خۆی هەیە، (w ) بۆ وەستاو و

(u – u:) بۆ بزوێن. ئەمە تا ڕادەیێکی زۆر ڕێنووسی کوردیی بە (پیتی ئارامی) ئاسان کردووە و زۆر گیروگرفتی پۆشیوە.[3].

(و) ی بزوێن، لە ڕووی سیمای درێژییەوە Duration Feature، کورت (و) short و درێژی (وو) long هەیە.

لە داڕشتنی برگەییدا، گەر (و) وەک (ناوک) Nuclei دەرکەوت، هەمیشە (بزوێنە):

( توند ـ tund ≠ دوور ـ du:r )

گەر لە ڕۆخی برگەدا دەرکەوت وەک پێشناوک Onset و پاشناوک Codaهەمیشە (وەستاو) ـە : وێنە ـ wena / وازی ـ wazi: / کەو ـ kew / خاو ـ xaw/ لێو ــ lew /.

**٣ ــ (و) لە ئاستی مۆڕفۆلۆجیدا**

لە ئاستی مۆڕفۆلۆجیدا (و) مۆڕفیمێکی داڕێژەرە Derivational، دەچێتە سەر ڕەگی کاتی ڕابردوو، بۆ داڕشتنی ئاوەڵناو. ئەگەر ڕەگەکە بە بزوێن کۆتاییی هاتبێ (و) شێوەی (وەستاو) کورت دەگرێتە خۆ.(سووتاو ـ دۆشاو ـ ترشاوـ نیو ـ تەزیو ـ پەڕیو ـ دێو ).

ئەگەر ڕەگەکە بە وەستاو کۆتاییی هاتبێ (و) شێوەی درێژ دەگرێتە خۆ: (خەوتوو - داهاتوو - کەوتوو - مردوو - بابردوو).

**٤ ـ (و) لە ئاستی ڕستەسازیدا**

لە ناو چوارچێوەی ڕستەدا (و) ڕۆڵی بەستن Conjunction دەگێڕێ.

١ - (ناو و ناو و...) :

(سلێمانی و دهۆک و هەولێر و هەڵەبجە ) چوار شاری کوردستانی باشوورن.

٢ -(ئاوەڵناو و ئاوەڵناو و..)

هەنارەکە (گەورە و سوور و شیرین) ـە.

٣ - (و) نیشانەی ئەسپێکتە دەچێتە سەر ڕەگی ڕابردووی کاری تێپەر بۆ داڕشتنی کاتی ئێستەی تەواو Present Perfect :

من ئەم درەختەم ( چاند - وو - ە).

ئازاد خەوتووە (خەوت - وو - ە).

**کێشەی (و) ی درێژ و کورت**

یەکێ لە سیماکانی بزوێنەکان (درێژی) یە بەرانبەر بە (کورتی).. ئەم سیمایە دەنگی هاوشوێنیHomorganic کورت لە درێژ جیا دەکاتەوە، وەک لە (و ـ وو)، (ـە — ا ) و ( i ـ ی).

لە ڕێنووسی زمانی کوردیدا (و) و (وو) کە بە سیمای درێژی بەرانبەر بە کورتی لێک جیا دەبنەوە، هەندێ زمانەوان و نووسەران وای بۆ دەچن کە (وو) لە ئەلفبێی کوردیدا لابرێ

چونکه (بەلایانەوە) (و) و (وو) دوو ئەلەفۆنی هەمان فۆنیمن.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە نموونەیێک لە زمانی ئینگلیزییەوە دەهێنینەوە، کە هەمان کێشەیە. (th) دوو دەنگی (ذ) و (ث) دەنوێنێ، وەک لە ( think و this) دا. بە دوو فۆنیم دەژمێردرێن سەرەڕای نەبوونی جووتۆکە بۆیان. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەیان وشەیێکی کۆنی زمانی ئینگلیزی (thy - تۆ) دەهێننەوە وەک جووتۆکەی وشەی (thigh - ڕان ) و کردوویانە بە بەڵگە بۆ سەربەخۆییی فۆنیمییان.

بە پێی ئەم پێوانەیە، لە زمانی کوردیشدا (کول ـ کوول) مان هەیە دەتوانین بە هەمان پێڕەو بیانکەینە بەڵگەی فۆنیمیکیی ( و ـ وو) :

**(کول** ـ وەک لە چەقۆکە زۆر کولە)

**(کوول** ـ تەشتێکە لە تەختەدار درووست دەکرا نانەواکان هەویریان تێدا دەشێلا.).

.لەوانەیە هی تریش هەبێ.

لە ڕووی زمانەوانی و بنەماکانی ڕێنووسەوە ئەم ڕایە مایەی گفتوگۆیە چونکە:

١ـ گەر (و ـ وو) فۆنیمیکیش نەبن جیاوازیی نێوانیان زۆر زەقە. لە سەدەیێک زیاترە (و) ی کورت و درێژ کەوتوونەتە ئەلفوبێی کوردییەوە و چەسپیون. بە ملیۆنەها کتێب و ڕۆژنامە و نووسراو بە (و) ی کورت و درێژ دەرچوون. لەو ماوەیە دوور و درێژە هیچ هەست بە هیچ کێشەیێک نەکراوە و لێڵیی پەیدا

نەکردووە.

٢ ـ گەر بە پێی شیکردنەوەی Discovery Procedure ی ماتماتیکی لە سیستەمی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردی بکۆڵرێتەوە، بە سەپاندنی یاسای (ئاڵوگۆڕ) Commutativity دەردەکەوێ کە (و) و (وو) دوو فۆنیمی جیاوازن، بەپێی ئەم هاوکێشەیە:

ئەگەر ( X و N) دوو نرخی جیابن و (X و L) دوو نرخی جیابن واتا (N) و (L) دوو نرخی جیان:

ئیستا لەژێر تیشکی ئەم لۆژیکە ئەمانە لێکبدەرەوە:

١ـ لە:

گوڕ ـ گۆڕ

قوڕ ـ قۆڕ

(و ـ ۆ) دوو فۆنیمی جیان و لە:

بوو ـ بۆ

توو ـ تۆ

(وو ـ ۆ) دوو فۆنیمی جیان..

کە ( و ـ ۆ ) و ( وو ـ ۆ) هەر یەکە دوو فۆنیمی جیابن..بەپێی یاسای ئاڵوگۆڕ دەبێ

( و ـ وو) دوو فۆنیمی جیابن.

٢) ـ لە:

کەڕ ـ کوڕ

گەڕ ـ گوڕ

(ـە ـ و) دوو فۆنیمی جیان و لە:

سەر ــ سوور

دەر ــ دوور

(ـە ــ وو) دوو فۆنیمی جیان.

كە ( ـە ــ و ) و ( ـە ــ وو) هەر یەكە دوو فۆنیمی جیابن..بەپێی یاسای ئاڵوگۆڕ دەبێ ( و ــ وو) دوو فۆنیمی جیابن.

٣) ــ لە:

گەڵ - گوڵ

گەڕ ــ گوڕ

(ـە ــ ا) دوو فۆنیمی جیان و لە:

سەر ــ سوور

دەر ــ دوور

(ـە ــ وو) دوو فۆنیمی جیان

كە ( ـە ــ و ) و ( ـە ــ وو) هەر یەكە دوو فۆنیمی جیابن..بەپێی یاسای ئاڵوگۆڕ دەبێ ( و ــ وو) دوو فۆنیمی جیابن.

٤) ــ لە:

زار ــ زوور

پار ــ پوور

(ا ــ وو) دوو فۆنیمی جیان و لە:

كان ــ كون

(ا ــ و) دوو فۆنیمی جیان.

که ( ا ـ وو ) و ( ا ـ و) هەر یەکە دوو فۆنیمی جیابن..بەپێی یاسای ئاڵوگۆڕ دەبێ ( و ¯ـ وو) دوو فۆنیمی جیابن.

ئەنجامی ئەم سەروبەر کردنانە دەبێ (و) و (وو) دوو فۆنیم بن.. با گریمان دوو فۆنیمیش نەبن.. ئەبێ لە نووسینا جیا بکرێنەوە چونکە جیاوازیی نێوانیان زۆر زەقە و بە سەدان وشە لە زمانی کوردیدا هەن ئەم دوو دەنگانەیان تێدایە،.ئەگینا چۆن وشەیێکی وەک (دوورکوژ ـ کولتوور.. ) بۆ نموونە دەنووسرێن؟

**رێنووسی (و)**

وەک لە سەرەوە ڕوونکرایەوە، لە خەسلەتەکانی (و)، لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە جووتڕووە. وەک بزوێن Vowel و وەستاو Consonant دەردەکەوێ، بە پێی ژینگەکە فۆنۆلۆجییەکەی. لە وشەی ( وێنە ـ wena) و زاخاو ـ za:xa:w) دا، (و) ەکان وەستاون. لە وشەی (گوڵ ـ gul / کونجی ـ kunji:) دا بزوێنن.

وەک لە سەرەوە خرایە ڕوو، لە نووسینی کوردیی ئارامی ئەم دوو سیما جیاوازەی (و) لێک جیا ناکرێنەوە. ئەمە تا ڕادەیێکی زۆر ڕێنووسی کوردیی بە پیتی ئارامی ئاسان کردووە و زۆر گیروگرفتی پۆشیوە [٢]. وەک لەم بارودۆخانەدا دەردەکەوێ.

١ ـ ئامرازی بەستن (و) بە دوو جۆر دەردەکەوێ، بەپێی ژینگە فۆنۆلۆجییەکەی.

ئەگەر وشەی یەکەم بە وەستاو کۆتاییی هاتبێ (و) ی بەستن شێوەی بزوێن دەگرێتە خۆ.

ئازاد و رزگار Azad u Rizgar.

ئەگەر وشەی یەکەم بە بزوێن کۆتاییی هاتبێ (و) ی بەستن شێوەی وەستاو دەگرێتە خۆ. وریا و ئاواز Wirya w Awaz

٢ - کە بزوێنێ دوای (وو) دەردەکەوێ، ناوگری (w) دەکەوێتە نێوانیان. لە نووسینی ئارامیدا بە شێوەیێکی ئۆتۆماتیکی (و) ی دووەم دەبێتە پێشناوکی Onset برگەی داهاتوودا و (و) ی یەکەم سیمای کورتی لێ دەنیشێ. Reduction.

(خەوتوو + ان — خەوتو - وان) - بە لاتینی بەم جۆرە دەنووسرێت (xewtu:wa:n)

هاتوو + ە — هاتو وە / هاتووە. بە لاتینی بەم جۆرە دەنووسرێت ha:tu:wa

**ئەنجام و پێشناز**

١ - شیکردنەوە چ بە پێڕەوی جووتۆکەیی چ بە پێڕەوی بیرکاری دەیسەلمێنێ کە (و) و ( وو) دوو فۆنیمن لە زمانی کوردیدا.

٣ - زمان دیاردەیێکی زیندووە، لە ڕادە بەدەر ئاڵۆز و تێکچڕژاوە، هەمیشە لە جووڵە و گۆڕان دایە. سروشتێکی دینامێکیی سرکی هەیە. نووسین وشک و مەییو و وەستاوە، بۆیە نووسین هەرگیز ناتوانێ پڕبەپێستی وتنی زمانەکە بێت. هەوڵدان بۆ گونجاندنی وتن و نووسین هەرگیز ناکرێ و بێ ئەنجامە.

٢ ـ با جیاوازیی نێوان (و) و (وو) فۆنیمیکیش نەبێ، ئەوە زیاتر لە سەدەیێکە ئەم دوو جۆر (و) ە لە ئەلفبێی کوردیدا جێگیر بووە و چەسپیوە. بە دەستتێوەردان و دەسکاریکردنی لایەنە چەسپیوەکانی ڕێنووس، گێرەشێوێنی و کێشەی ئاڵۆزتری زمانەوانی و غەیرە زمانەوانی سەرهەڵدەدەن کە هەرگیز چارەسەر ناکرێن. ئەگەر هەڵەش بێ (هەڵە بە هەڵە چارەسەر ناکرێ).

کام زمان بەقەد چینی و ئینگلیزی و عەرەبی و فەرەنسی و فارسی و هەر زمانێکی تر... گیروگرفتی ڕێنووسی هەیە، کەچی سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵدان و وتار و باسانەی لەبارەی ئەو گرفتانەوە بڵاوکراونەتەوە، هەرگیز نەتوانرا هیچیان ڕەچاو بکرێت.

بۆ نموونە بزووتنەوەی ڕێنووسسازیی زمانی ئینگلیزی کە لە سەدەی شازدەهەمەوە دەستی پێکردووە. لە ساڵی ١٥٦٨دا وەزیری دەرەوەی بەریتانیا سێر تۆماس سمیت Sir Thomas Smith یەکەم پێشنیازی ڕێنووسسازیی بە ناوی On Rectifying and Amending the Written English Language ( لە بارەی ڕاستکردنەوەی ڕێنووسی ئینگلیزی) یەوە پێشکەش بە شا ئێدوەردی شەشەم و ئیلەزەبێتی یەکەمی کرد.

دوای ئەمە و لەو چوار سەدە و نیوەی بەسەرچوو بە هەزاران هەوڵ دراوە لەلایەن زمانەوانان و زانایان و دەزگا کۆمەڵایەتی و فەرمی و زانستییەکان لە بەریتانیا و ئەمەریکادا بۆ ئەم مەبەستە، هیچی سەری نەگرت.تا وای لێ هات، لە ساڵی ٢٠١٣ دا پرۆفیسۆری زمانی ئینگلیزیی زانکۆی ئۆکسفۆرد (سایمون هۆڕبن)

Simon Horobin ڕایگەیاند :

( هەموو کێشەکانی ڕێنووس و هەبوونی شێوەی جیا بۆ نووسینی هەمان وشە ئەبێ بە شتێکی ئاسایی سەیری بکرێ و قبووڵ بکرێ، هەر هەوڵدانێکیش بۆ چارەسەرکردنیان بێ ئەنجامە)..

**ئیتر بۆ ئێمە سوود لە ئەزموونی زمانانی تر وەرنەگرین و پێداگری بکەین لەسەر شتی بێ ئەنجام.!؟**

**پەراوێزەکان**

١ ـ کینیث پایک Kenneth Pike (١٩١٢ - ٢٠٠٠) زانایێکی زمانەوانی و ئەنترۆپۆلۆجیی ئەمەریکاییە. دانەری ڕێبازی (تەگمیمیکس) ی tagmemics فۆنۆلۆجییە. داڕێژەری زاراوەی emic و etic و vocoid و contoid و هی ترە. ڕێبازی تەگمیمیکس ڕۆڵێکی زۆری گێڕا لە دەرخستنی چەند لایەنێکی شاراوەی زمان.

٢ ـ بۆ ئەمە سەیری ئەم باسە بکەن:

وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٨) ئەلفبێی جیهانی. ڕۆژنامەی بەدرخان ژ ٨٩ ی ٢٠٠٨/١/٢٢.

٣ ـ بۆ ئەمە سەیری ئەم باسە بکەن:

وریا عومەر ئەمین (٢٠١١) گیروگرفتەکانی نووسینی کوردی بە لاتینی. توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستی زمان. ١٩ ـ ٢٢ ی ئەیلوولی ٢٠١١. ل ١٣٨ ـ ١٥٢

## سەرچاوەکان

**وریا عومەر ئەمین** (١٩٩٥) لە یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی. گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٣٦ ی ساڵی ١٩٩٥. ل ٦٦ـ ٦٩.

———— (٢٠١٦) فۆبیای ڕێنووس. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ ٣٦ ل ١٧ ـ ٢٦.

———— (٢٠٢١) کێشەی (ی) لە ڕێنووسی کوردیدا. گۆڤاری شنروێ، ژمارە ٤.

**Amin. W. O.** (1979) Aspects of the verbal construction in Kurdish.

London University. SOAS. Published by Kurdish Academy 2011.

**Carr. Philip** (1993) Phonology. The Macmillan Press. London.

**Crystal, D.** (1987) The Cambridge Encyclopedia of Language. Cambridge University Press.

**Gimson, A.C.** (1962) An Introduction to the Pronunciation of English. London.

OConnor, J.D. (1971) Advanced Phonetic Reader. Cambridge University Press.

ABSTRACT

**The Problem of the (و) in the Kurdish Writing System**

**Professor Dr. Wirya Omar Amin**
**Kurdish Academy**
**University of Baghdad - Cihan University**
**wariaamin@gmail.com**

There are different opinions about some aspects of the writing system of Kurdish language. Throughout decades, many researches and articles have been published about the Kurdish spelling problems. Each analyzes it and suggests solutions according to his intuition and linguistic background.

One of these issues which covers a wide range of argument is about the (u / ۆ).

This paper is an attempt to analyze this aspect on all linguistic levels and suggests a solution for it.

# کێشەی سەرەکیی ڕێنووسی کوردی

## فێسبوک

**Waria Omar Amin**
9 July 2018

کوردی زمانێکی پۆلیسینثیتیی بزێوی سرکی جیوەییە هەرگیز ڕێنووسێکی یەکگرتووی تەواو نایگرێتە خۆ.. ڕێنووسەکەی فۆنیمیکیێکی (نزیک) تەواوە، چۆن دەوترێ وا دەنووسرێ واتا کێشەی سپێلینگ Spelling لە ڕێنووسەکەماندا نییە.دو کێشەی سەرەکی لە نووسینی کوردیدا هەیە:

١- لە نووسینی وشە مۆڕفۆسینتاکسییەکاندا
Morphosyntactic Construction

٢ - لە نووسینی (ی) ی خستنە پاڵدا conjunction لەو وشانەی بە دوو (ی) کۆتاییان دێ.

**١ ـ کێشەی وشە مۆڕفۆسینتاکسییەکان**

کێشەی سەرەکیی ڕێنووس و نووسینی کوردی لە دارشتە مۆڕفۆسینتاکسییەکاندایە، کە تیایاندا ڕستەیێکی تەواوی بە بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ و بەرکاری ناڕاستەوخۆ و کار و کات و ئەسپێکتەکانەوە هەموو لە قاڵبی یەک وشەدا دادەڕێژرێن ، وەک (ڕامانەگرتبوویت) واتا (ئێمە تۆمان ڕانەگرتبوو).. ئایا بە سەریەکەوە بە یەک وشە بنووسرێن (ڕامانەگرتبوویت) یا لەت بکرێن (ڕامان نەگرتبوویت)؟. بەم جۆرە

ئەم وشانە دەشێ بە دوو جۆر بنووسرێن:

ڕامانەگرتبوویت ــ ڕامان نەگرتبوویت

ڕات کرد ـ ڕاتکرد

خەمیان خوارد ـ خەمیانخوارد

لایاننەدا ــ لایان نەدا

هەوڵتاندا ــ هەوڵتان دا...هتد

هیچ یاسا و پێوانەیێکی زمانەوانی نییە بڵێ کام لەم دارشتنانە ڕاستە. ئەمە لە ژوور دەسەڵاتی زمانەوانیدایە. چونکە هەرچۆنێکی بینووسیت لێڵی دروست ناکات. و کار لە واتاکە ناکات و هیچ کێشەیێکی تێگەیشتن ڕوو نادات. هەر بۆیەیە زۆر جار هەمان نووسەر لەسەر هەمان لاپەڕەدا وشەیێکی لەم جۆرە دوو جار بەکار دەهێنێ، جارێ بەیێکەوە و جارێ بە لەتکراوی.

**ئەوەی لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نییە با یاساکان دەستنیشان کات.**

هەبوونی زیاتر لە یەک جۆر نووسین دیاردەیێکی ئاساییە لە هەموو زمانێکدا بەرچاو دەکەوێ، بۆ نموونە زمانی عەرەبی بە سەدان وشەی تێدایە بە زیاتر لە جۆرێ دەنووسرێن، وەک:

مسئُول – مسؤُول

قرأُوا – قرؤُوا – قرءُوا – قرؤُا

بناؤه ــ بناءه ــ بنائه

صلاة ــ صلوة

مئة ــ مائة.....هتد

سەیری ڕێنووسی قورئانی پیرۆز بکە و بەراوردی بکە لەگەڵ ڕێنووسی ئیستا، دەردەکەوێ کە زمانی عەرەبی هەرگیز

ڕێنووسێکی یەکگرتووی نیە و گیروگرفتەکانی گەلێ ئاڵۆزتر و دژوارترن لە هی ئێمە. کەچی دەڵێن قورئان ڕێنووسی نووسینیی عەرەبیی پاراستووە.

–هەمان شت بە گوێرەی زمانی ئینگلیزی بە سەدان وشەی تێدایە بە زیاتر لە جۆرێ دەنووسرێن،وک:

aroplane, airplane / analyse, analyze /armour, armor / axe, ax / behaviour, behavior / /catalogue, catalog / colour, color / favourite, favorite / grey, gray / tyre, tire / labour, labor / tumour, tumor

با ئێمەش سوود لە ئەزموونی زمانانی تر وەرگرین.

**٢ – کێشەی (ی)**

لە نووسینی هەندێ لە تەنانەت کەڵە نووسەر و شاعیریش (ی) خستنەپاڵ لەو وشانەی بە (ی) یا دوو (ی) کۆتاییان دێت فەرامۆش دەکریت..ئەمە کار لە واتاکە دەکات، وەک لە:

(ئازادیی تۆ) بەم جۆرە دەنووسن (ئازادی تۆ)

(گەورەییی تۆ).............(گەورەیی تۆ)

(تەنیاییی ئێمە)................(تەنیایی ئێمە)

(بیرەوەریی نووسەر)....... (بیرەوەری نووسەر)

چارەسەرکردنی ئەمە بە دەست نووسەرەکە خۆیەتی.

یا کە ئامرازێ بە پیتێکی بزوێن دەست پێ دەکات و دەخرێتە سەر وشەیێک بە دوو (ی) کۆتاییی دێت، (ی) لە نێوانیانا دەردەکەوێ لەبەر ژینگەی فۆنۆلۆجی و دەبێتە سێ (ی)، وک لە:

(گەورەیییەکەی ئەو)

(تەنیاییەکەی مرۆڤ)

لێرەش گەر (ی) کەی فۆنۆلۆجیی بنووسرێ یا نەنووسرێ (کە هیچ واتای ناخرێتە پاڵ تەنها ڕۆڵێکی فۆنۆلۆجیی هەیە) کار لە واتاکە ناکات.

## بنووسین (مەحوی ) یا (مەحویی) ؟

### فێسبوک

**Waria Omar Amin**
9 February 2021

لە پەیوەندییێکی تەلیفۆنیدا هاوڕێییێکی زمانەوانم لێی پرسیم: بە لای تۆوە (مەحوی) ڕاستە یا (مەحویی) ؟. بە کورتی بۆم ڕوونکردەوە، بۆ سوودی گشتی وەڵامەکە دەخەمە بەرچاو:

وریا عمر امین.

نەک هەر(مەحویی) بەڵکوو (هەژاریی - دەردەسەریی – بەدبەخیی..هتد) ش بەرچاو دەکەون. بە پێوانەی یاسا مۆڕفۆفۆنیمییەکان و مۆڕفۆفۆنۆسینتاکسییەکان ساغدەبێتەوە کامیان ڕاستە؟.

زمان سیستەمێکی لە ڕادەبەدەر ئاڵۆز و چووە ناو ەک و تێکچڕژاوە. وەک جەستییێکی زیندوو کاردەکات، هەر بەشێکی پەیوەندیی بە هەموو بەشەکانی ترییەوە هەیە. بۆیە هیچ کێشەییێکی چارەسەر ناکرێ بێ ڕەچاوکردنی سەرتاپای پەیوەندییە سیستەماتیکییەکان.

١ – مۆڕفیم لە چەند ڕوویێکەوە پۆلدەکرێت.ییێکێ لەمانە مۆڕفیم دەبنە (مۆڕفۆلۆجی Derivational و سینتاکسی Inflectional ).

مۆڕفیمی مۆڕفۆلۆجی (وشە داڕێژە)، دەچێتە سەر مۆڕفیم و وشەی تر بۆ داڕشتنی وشەی تری خاوەن واتای تر، وەک (زێڕ -

زێرین / باڵ ـ باڵدار / زۆر ـ زۆرزان). ئەم وشە لێکدراوانە دەچنە ناو فەرهەنگەوە. سەیری هەر فەرهەنگێک بکەیت ئەم وشانەی تێدا دەبینی.

مۆرفیمی سینتاکسی ئەو مۆرفیمەیە کە دەچێتە سەر مۆرفیمێکی تر بۆ ئەنجامدانی ئەرک و دەسنیشان کردنی پەیوەندە سینتاکسییەکان. مۆرفیمە سینتاکسییەکان کار لە واتا ناکەن، واتاگۆڕ نین. وەک ڕاناوە لکاوەکان و ئامرازەکانی بەستن و نیشانەکانی دۆخ و..هتد). کە دەچنە سەر وشە، واتاکانیان ناگۆڕن، بەڵکو ئەرکی سینتاکسی جێ بەجێ دەکەن. وەک (ن لە ـ ئێوە چوون / ی لە ـ ئاسمانی شین / دا لە ـ لە بەهاردا ) (ـ ن، ـ ی / ـ دا ) واتای (چوون و ئاسمان و بەهاریان نەگۆڕی).

ئەو وشانەی مۆرفیمی سینتاکسییان دەچێتە سەر، بە داڕشتە مۆرفۆسینتاکسییەکان ناو دەبرێن. وشەی مۆرفۆسینتاکسی ناچێتە ناو فەرهەنگەوە.بۆیە (هاتین ـ ئاسمانی ـ بەهاردا) لە هیچ فەرهەنگێکدا نابینرێن.

٢ ـ یێکێ لە ئەرکەکانی فۆنۆلۆجی لێکۆڵینەوەیە لە کەرەسە ناکەرتییەکانن suprasegmental

سێ جۆر لەم کەرەسانە دەسنیشان کراون (هێز stress ـ ئاوازە intonation ـ تۆن Ton ). ئەم باسەمان پەیوەندیی تەنیا بە (هێز) ەوە هەیە. زۆر بە کورتی پێی دەناسێنین.

(هێز زیادە وزەیێکی دەنگییە لەسەر یێکێ لە بڕگەکانی وشەدا سەر هەڵدەدات.واتا هێز سەر بە ئاستی مۆرفۆلۆجییە.هەر

زمانەی یاسای تایبەتیی خۆی هەیە لە چۆنییەتیی دەرکەوتنی هێز لە وشەکانیدا. لە زمانی کوردیدا بە شێوەیێکی گشتی هێز لەسەر دوا بڕگەدا دەردەکەوێ. وەک لە (زستان)دا هێز کەوتە سەر دوا بڕگە (ـ تان)، لە (گەلاوێژ)دا کەوتە سەر دوا بڕگە (ـ وێژ).. چەند ناوێزەیێک بەرچاو دەکەوێ وەک (بەڵام–ـ چونکە ـ).

٣ ـ لە ڕێنووسدا کەرەسە ناکەرتییەکان نانووسرێن. بۆیە ئەم جۆرە وشانە لە نووسیندا لێڵ دەردەچن. بە وتنیان لێڵییەکە دەڕەوێتەوە..).

٤ ـ لە هەموو زمانێکدا لە فەرهەنگی وشەکانیدا (هۆمۆفۆن و هۆمۆگراف) هەن.

هاودەنگ)homophone واتا دوو وشەی جیا، ڕیز و دەنگی پیتەکان و شوێنی (هێز) یان دەقاودەق وەک یەک گۆ دەکرێن بەڵام واتایان جیایە. وەک لە (ڕواندن) ئەم دوو واتایەی دەخرێتە پاڵ:

١ ـ نەمامەکەم رواند (چاندم)

٢ ـ مناڵەکەم ڕواند (وام کرد بڕوات)

هەردووکیان لە هەمان ڕیزە دەنگ پێکهاتوون و لە هەردووکیاندا (هێز) کەوتۆتە سەر بڕگەی دووەم (دن). ئەم دوو وشەیە هەر یەکە بە جۆرە یاسایێکی جیای مۆرفۆلۆجی داڕێژراوە و ڕێکەوت کردوونی بە هاودەنگ. واتا هۆمۆفۆنن.

هۆمۆگراف Homograph (هاوڕێنووس)، دوو وشە لەنووسیندا وەک یەک دەنووسرێن، بەهەمان جۆر گۆ ناکرێن

٥ ـ وەک ئاماژەی پێ کرا، یێکێ لە یاسا مۆرفۆفۆنیمییەکانی زمانی کوردی ئەوەیە (هێز) بە دەکەوێتە سەر دوا بڕگەی وشەوە، وەک لە:

ئازاد ـ هێز کەوتۆتە سەر دوا بڕگەی (زاد).

خانوو ـ هێز کەوتۆتە سەر دوا بڕگە (نوو).

ئەستێرە ـ هێز کەوتۆتە سەر دوا بڕگە (رە).

گەلاوێژ - هێز کەوتووتە سەر دوا بڕگەی (وێژ).

بۆیە گەر مۆرفیمێکی وشەدارێژ Derivational Morpheme خرایە سەر مۆرفیمێ یا وشەیێ، ژمارەی بڕگەکانی وشەکە زیاد دەکات، بڕگە زیادکراوەکە هێزەکە بۆ خۆی ڕادەکێشێ.

وەک لە وشەی (ئازاد) دا گەر (ی) ی وشەدارێژی خرایە سەر دەبێتە (ئازادی) هێزەکە دەچێتە سەر دوا بڕگە زیادکراوەکە (دی):

(ئازادی ئاواتمانە).

بەلام ئەگەر مۆرفیمەکە ڕێزمانی Inflectional بوو کار لە شوێنی هێزەکە ناکات.

(ئازادی) تۆ / واتا تۆ ناوت ئازادە یا تۆ سەربەستی، هێزەکە لە شوێنی خۆیدا مایەوە.

(ئازادی) یەکەم و (ئازادی) دووەم، هۆمۆگرافن (وەک یەک دەنووسرێن ) بەلام هۆمۆفۆن نین. (وەک یەک گۆ ناکرێن).

لە (هاتن)دا گەر هێز خرایە سەر بڕگەی یەکەم واتاکە دەبێتە (ئەوان هاتن). ئەگەر خرایە سەر بڕگەی دووەم واتاکە دەبێتە

(هاتن بە دەست خۆم نییە)..نموونەکان بە وتن تاقی کرێنەوە ڕوون دەبێتەوە.

٦ ـ بابێنە سەر ناسناوی (مەحوی) کە وشەییێکی دارێژراوە لە (محو) ی عەرەبی و (ی) پێکهاتووە. (ی) مۆرفیمێکی مۆرفۆلۆجییە، وشە دارێژە، کە دەچێتە سەر (مەحو) هێزەکە بۆ خۆی ڕادەکێشێ. بەمە قورسییێک لە وتندا دەکەوێتە سەر (ی).. ئەم قورسییە (هێز) ەکەیە نەک (ی) ییێکی تر.

نموونەی تر :

هەژاری ـ هەژاری سەختە / تۆ هەژاری

سەربەستی - سەربەستی ئاواتمانە / تۆ سەربەست - ی (ت)

گەر (ی) خستنەپاڵ خرایە سەر ئەم وشانە:

هەژاریی ئەم خەڵکە / سەربەستیی میللەت.

لە ئەنجامدا دەردەکەوێ کە (مەحوی) دەبێ بە یەک (ی) بنووسرێ نەک دوو (ی). لە حاڵەتی دانەپاڵدا دەبێتە (یی) :

مەحویی شاعیر فەیلەسووفێکی مەزنە.

---

بۆ زانیاری لەبارەی لایەنەکانی ئەم وەڵامە سەیری ئەم باسانەم بکەن:

١ ـ هێز و ئاواز - لەگۆڤاری ڕۆسنبیری ژمارە ١٣٤ ی ساڵی ١٩٩٤ دا، ل ١٣ ـ ١٦ بلاوکراوەتەوە. دووبارە.لە کتێبی (ئاسۆیەکی تری زمانەوانی) دا ل ٢٨٣ -ـ ٢٩٢ بلاو بۆتەوە.

٢ ـ لێڵی لە زمانی کوردیدا ـ لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژ ١٣٦ ساڵی ١٩٩٥ ل ٦٦ ـ ٦٩ بڵاوکراوەتەوە. دووبارە .لە کتێبی (ئاسۆیەکی تری زمانەوانی) دا ل ٢٩٣ -ـ ٣٠٠ دووبارە بڵاو بۆتەوە.

٣ ـ لە یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی ـ لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژ ١٣٨ ساڵی ١٩٩٥ ٦٦ بڵاوکراوەتەوە. دووبارە .لە کتێبی (ئاسۆیەکی تری زمانەوانی) دا ل ٣٠١ ـ ٣٠٩ دووبارە بڵاو بۆتەوە..

٤ ـ لێکۆڵینەوەیێکی مۆڕفۆفۆنیمی ـ لە گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عیراق - دەستەی کورد. ژمارە (٢٩ و ٣٠) ی ساڵی ٢٠٠٢، ل ٢٩١ ـ ٢٩٧ بڵاوکراوەتەوە. دووبارە .لە کتێبی (ئاسۆیەکی تری زمانەوانی) دا ل ٧٥ ـ ٨١ بڵاوبۆتەوە.

## بیبلیۆگرافیای ڕێنووسی کوردی

**ئەکادیمییای کوردی** (٢٠٠٩) ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی (٤/١٢ و ٨/٩ ی ٢٠٠٩)

**ئەوڕەحمانی حاجی مارف** (١٩٨١) کورتەیێکی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی.گ. کۆڕی زانیاریی عیراق ـ دەستەی کورد. بەرگی ٨، ل ٦٦ ـ ١٢٠. بەغداد.

**ئەوڕەحمانی حاجی مارف** (١٩٨٢) گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد. ب٩ ل ١٦ ـ ٧٧. بەغداد.

**ئەوڕەحمانی حاجی مارف** (١٩٨٦)نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی. لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان. چ. عەلاء، بەغداد.

**ئیبراهیم ئەمین باڵدار** (١٩٨٢) زەنگی کاروانی ڕێنووسی کوردی. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد. ب٩. ل ٧٨ ـ ١١١، بەغداد

**ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم**( (١٩٨٢) گیروگرفتی نووسینی فرمان لەگەڵ ڕاناو لە ڕووی پێکەوە نووسان و پێکەوە نەنووسانەوە. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد. ب٩ ل ٤٥٠ ـ ٤٨٨. بەغداد.

**ب.** (١٩٥٧) چۆن زمانەکەمان بنووسین. گ. هیوا، ژ ٤ ساڵی ١، ل ١٠ ـ ١٧. بەغداد.

**ب.** (١٩٥٧) چۆن زمانەکەمان بنووسین. گ. هیوا، ژ ٦

ساڵی ١، ل ٨ ـ ١٩. بەغداد.

**بەدران ئەحمەد حەبیب** (٢٠٠١) پرۆژەی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی. هەولێر.

**پرسیاری گەلاوێژ** (١٩٤٣) زمانی کوردی و چۆنیەتی نووسینی،گ. گەلاوێژ ژ ٩ ساڵی٤ ل ٥١. بەغداد.

**پیرۆت** (١٩٢٥) کوردی بە چی حەرفێ بنووسرێ ؟. گ. دیاریی کوردستان. ~ ١١ ـ ١٢. بەغداد.

**تاهیر سادق** (١٩٦٩) ڕێنووس ـ چۆنیەتیی نووسینی کوردی. چ..شیمال. کەرکووک.

**تاهیر سادق** (١٩٨٢) ڕێنووسی کوردی. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد. ب٩، ل ١٤٩ ـ ١٧٣. بەغداد.

**توفیق وەهبی** (١٩٢٥) کوردییەکەمان بە چۆن حرووفێک بنووسین. گ. دیاریی کوردستان. بەشی یەکەم ژ ٥ ل ٥ ـ ٦، بەشی دووەم، ژ ٦ ل ٥ ـ ٦..

**توفیق وەهبی** (١٩٧٣) ئەسڵی پیتەقاڵبی (ئە) ی شێوەی سلێمانی. گ. کۆڕی زانیاریی کورد. ب ١، ل ٩ ـ ٢٨. بەغداد.

**جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی** (١٩٥٨) چۆن زمانەکەمان بنووسین؟.گ. هیوا ژ ١٠ ساڵی ١، ل ٨ ـ ١١، بەغداد.

**حامید فەرەج** (١٩٣٦) ئەلفوبێی کوردی. بەغداد.

**حامید فەرەج** (١٩٧٦) ڕێنووسی کوردی لە سەدەیەکدا. چ..کۆڕی زانیاریی کورد. بەغداد.

**حسەین حوزنی موکریانی** (١٩٢٧) قاعیدەیەکی کە لە گۆڤاری

زاری کرمانجیدا قبوڵ کراوە بۆ نووسین. گ. زاری کرمانجی ژ ٧ .ل٢٨، ڕەواندوز.

**حەسەن کوردستانی** (١٩٢٦) لەحەق نووسینی تازە. گ. دیاریی کوردستان. ژ ١٦، ل ٨ ـ ١٠، بەغداد.

**حەقی شاوەیس** (١٩٢٦-) نووسینی کوردی چۆن ببێ؟. گ. دیاریی کوردستان. ژ ٥، ل ٧ ـ ٨ .بەغداد.

**حەقی شاوەیس** (١٩٢٥) ئیملای کوردی ـ حروفاتی عەرەبی. گ. دیاریی کوردستان. بەشی یەکەم ژ ٧ ل ٧ ـ ٩، بەشی دووەم، ژ ١٠ ل ٩ ـ ١٢ .بەغداد.

**حەقی شاوەیس** (١٩٢٦-) لاپەڕەی نووسینی تازە و کوردیی پەتی.. گ. دیاریی کوردستان. بەشی یەکەم ژ ١٣ ـ ١٣، ل ١٨ ـ ٢٠، بەشی دووەم، ژ ١٥ ل ١٠ ـ ١٢ .بەغداد.

**دانەری ئەلفوبێی کوردی** (١٩٣٧) چۆن بنووسین؟ ڕ. زبان ژ ٩ ساڵی ١ ل ٥ ـ ٦. سلێمانی.

**دیاکۆ هاشمی** (٢٠٢١) پوختەی ڕێنووس و خاڵبەندی. سوید

**ڕاگەیاندنامەی کۆتایی سیمیناری زمانی کوردی**.(١٩٩٨) — هەولێر ( ٢٠ و ٢٢ /٩/ ١٩٩٨).

**ڕەئووفی ئەحمەد ئالانی** (١٩٧٩) ڕێنووسی کوردی و چەند هەڵوێستێک. ڕ. هاوکاری، بەشی یەکەم ژ٤٧٨ ل٣، بەشی دووەم ژ ٤٧٩ ل ٢، بەشی سێیەم ژ ٤٨٥ ل ٣، بەشی چوارەم ژ ٤٩٠ ل ٣. بەغداد.

**سادق بەهائەدین ئامێدی** (١٩٨٢) ڕێنڤیسینا کوردی ب

تیپێت عەرەبی. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد. ب٩. ل ١٣٥ ـ ١٤٨، بەغداد.

**شاکر فەتاح ئەحمەد** (١٩٨٢) گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی و شێوەی چارەکردنیان. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق - دەستەی کورد. ب٩ ل ١١٢ ـ ١٣٤. بەغداد.

**شێخ حەسەن** (١٩٦١) (ی) ی ئیزافە و (واو) ی عەتف. گ. ڕۆژی نوێ ژ ٦ ساڵی ٢، ل ١٥ ـ ١٦. سلێمانی.

ع (١٩٤٠) ئیملای کوردی. گ. گەلاوێژ ژ ٥ ـ ٦ ساڵی ١، ل ١ ـ ٦، بەغداد.

ع. ع. **شەونم** (١٩٧٠) دەستووری نووسینی کوردی. گ. برایەتی ژ ٢ ساڵی ١، ل ٣٢ ـ ٣٥. بەغداد.

ع. **گۆڤان** (١٩٤٤) نووسینی کوردی بە تیپی لاتینی. گ. گەلاوێژ ژ٢ ساڵی ٥، ل ١ ـ ٤، بەغداد.

**عەلائەدین سەجادی** (١٩٦١) دانانی نیشانەکانی پیتی کوردی. گ. ڕۆژی نوێ ژ ١٢ ساڵی ١، ل ١١ ـ ١٨، بەغداد.

**عومەر عەبدولڕەحیم** (١٩٨٢) ڕێنووسی کوردی. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد. ب٩.ل ١٧٤ ـ ١٨٥، بەغداد.

**فوئاد زەکی هەناری**(١٩٥٨) نووسینی تیپی (دال) بە شێوەی سلێمانی. گ. هیوا ژ ٧ ساڵی ١، ل ١٩ ـ ٢١ .بەغداد.

**کامیل بەسیر** (١٩٨٢) خاڵبەندی بۆ ڕێنووسی کوردی. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد. ب٩. ل٥ ـ ١٥. بەغداد.

**کوردستان موکریانی**(١٩٨٢) چۆنیەتی نووسینی چاوگەی

نەسادە. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد. ب٩. ل١٨٦ ـ ٢١١، بەغداد.

**کۆڕی زانیاریی عیراق ـ دەستەی کورد** (١٩٨٠) کۆڕێک بۆ گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی. ب ٧، ل٢٩٦ ـ ٢٩٨. بەغداد.

**کۆڕی زانیاریی کورد** (١٩٧٣)ڕێنووسی کوردی. گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، ب ١، ژ ١، ل ٣٤٦ ـ ٣٧٩. بەغداد.

**کوڕی زانیاریی عیراق — دەستەی کورد** (١٩٨٥) ڕاسپێرییەکانی لێدوانی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی. (١٨و١٩/ ١٢/١٩٨٥) بەغداد.

**گیوی موکریانی** (١٩٧٢) ئەلفوبێی وێنەدار بە تیپی لاتینی. هەولێر.

**مەسعوود محەمەد** (١٩٧٣) گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی. گ. پەروەردە و زانست ژ ٦ ل ٧ ـ ٢٨، بەغداد.

**مەسعوود محەمەد** (١٩٧٦) ڕێنووسی کۆڕ. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد. ب ٤ ل ٢٣٢ ـ ٢٨٨، بەغداد.

**مەسعوود محەمەد** (١٩٨٢) چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووس و ئەلفوبێی کوردی. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد. ب ٩ ل ٢٦٨ ـ ٣٥٩، بەغداد.

**محەمەد ئەمین هەورامانی** (١٩٧٨) ڕێنووس پەیڕەوی زمانناسی بکا باشە. گ. ئاسۆی زانکۆیی ژ ١٠، ل ٨٨ ـ ٩١، سلێمانی.

**محەمەد ساڵح سەعید** (١٩٧١)جارێکی تریش پیتەکانی

کوردی. گ. نووسەری کورد ژ ٤ ل ٦٤ ـ ٧٠، بەغداد.

**محەمەد ساڵح سەعید** (١٩٨٢) فرێدان و هەڵبواردن لە بەکارهێنان و نووسینی کوردیدا. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد. ب٩. ل ٢١٢ ـ ٢٢٨ بەغداد.

**محەمەدی مەلا کەریم**(١٩٥٨) نووسینی زمانی کوردی. گ. هیوا ژ ٨ ساڵی ١، ل ٩ ـ ١٤، بەغداد.

**محەمەدی مەلا کەریم (١٩٧٧)** هەنگاوێکی تر بە ڕێگای دانانی دستوورێکدا بۆ نووسینی کوردی.. گ. نووسەری کورد ژ ٨، ل ٧ ـ ١٢، بەغداد.

**محەمەدی مەلا کەریم (١٩٧٧)** ڕێنووسی کوردی لە سەدەیەکدا. لەبەر ڕووناکیی ڕەخنەدا. گ. ڕۆژی کوردستان ژ ٤٣ ـ ٤٤، ل ٥٣ ـ ٥٤، بەغداد.

**مستەفا نەریمان** (١٩٨١) ڕێنووسی کوردی لە ڕەگ و ڕیشەوە. دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی. زنجیرەی زمان (٥). بەغداد.

**معروف جیاوک** (١٩٣٠) بەرگی ئیملای کوردی. بەغداد.

**محمد معروف فتاح** (١٩٨٢) نووسینی کوردی لە ڕوانگەی فۆنۆتیکەوە. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد. ب٩. ل٢٢٩ ـ ٢٦٧، بەغداد.

**نەسرین فەخری** (١٩٨٢) پێشەکی چۆن بنووسین.؟. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد. ب ٩. ل ٤٢٠ ـ ٤٣٣، بەغداد.

**نووسینی کوردی** (١٩٣٧) ڕ. زبان ژ ١ ساڵی ١، ل ١. سلیمانی.

**نوری عەلی ئەمین** (١٩٧٦) ڕابەڕێ بۆ ئیملای کوردی. چ. سلمان الاعزەمی. بەغداد.

**نوری عەلی ئەمین (١٩٨٢)** گیروگرفتی نووسینی کوردی لە تای تەرازووی پیتە بزوێن و نەبزوێندا. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد. ب ٩، ل ٣٦٠ ـ ٤١٩، بەغداد.

**هەوری. ا. ب** (١٩٦٨) دەستووری نووسینی زمانی کوردی بە پیتی عەرەبی. سلێمانی.

**وریا عمر امین**(١٩٨٢) ئیملای کوردی و چەن تێبینییەک. گ. کۆڕی زانیاریی عیراق. دەستەی کورد. ب٩

**وریا عمر امین** (٢٠٠٨) ئەلفوبێی جیهانی. ڕۆژنامەی بەدرخان ژ ٨٩ ی ٢٠٠٨/١/٢٢

**وریا عمر امین** (٢٠١١) گیروگرفتەکانی نووسینی کوردی بە لاتینی. کۆنگرەی زمانەوانی (١٩-٢٢/٩/٢٠١١) ل١٣٨-١٥٢

**وریا عمر امین** (٢٠١٢) بە ستانداردکردنی ڕیزبوونی پیتەکانی نووسینی کوردی. گ. ئکادیمیای کوردی. ژ ٢١ ل ٧٥ — ٨٨

**وریا عمر امین** ( ٢٠١٣) ڕێنووس و چەند پرسیارێک. ڕۆژنامەی چاودێر. ژ ٣٧٥ و ٣٧٦ ی ٨/٢٦ و ٩/٢ ی ٢٠١٣. دیمانەی هەرێم عوسمان.

Kurdish Wring System
from Linguistic Point of View

**Professor Dr. Wirya Omar Amin**

# نظام كتابة اللغة الكوردية
# من وجهة نظر الالسنية

**د. وريا عمر امين**